# لایەنی جیاوازی و لێکچوٚ کاتەگۆری تێنس، ئەسپێکت و موود لە کوردی و زمانەکانیتری وەك ئینگلیزی و یابانیدا

پ. د. محمود فتح الله
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی زمان
بەشی کوردی

## 0- پێشەکی

ئەم باسە سەبارەت بە کاتەگۆری "تێنس"، بە بەراورد بە کاتەگۆری "کات"، "ماوە"، "موود" و "ئەسپێکت"ە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەر کاتەگۆریەك لە زمانە جیاوازەکاندا، خاوەن تایبەتمەندی، ئەرك و ڕەفتاری تایبەت بەخۆی هەیە، لە زۆر لایەن و تایبەتمەندیدا، لایەنی لێکچوویان زیاترە وەك لە لایەنە تایبەتخۆکان، بۆیە زۆر بە زەحمەت لێکجیادەکرێنەوە، ، تێنس و ئەسپێکت و موود هەسێك دەکرێت بە بنیاتێکی ڕێزمانی تاك بگەیەنرێن، بۆیە، ئەوانە وەك کاتەگۆری واتا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێن. هەر یەك لەو کاتەگۆریانە بە جۆرێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکەن، لە تێنسدا گرنگی بە فۆڕم دەدرێت، ئەو فۆڕمە پێمان دەڵێت، کاتی ڕودانی بارودۆخ لە کوێ دادەنرێت، بۆ نمونە، لە پێش، لەسەر یان لە دوای کاتی قسەکردن-ەوە، بنیاتی سیمانتیکی هەمان فۆڕم زانیاریمان سەبارەت بە ماوە دووری بارودۆخی دیاریکراو دەداتێ. ئەسپێکت زانیاریمان سەبارەت بە باری سەرنجی قسەکەر و جۆری بارودۆخ دەداتێ، فۆڕمی دیاریکراو زانیاری ناسەرەکی سەبارەت بە میزاج و ئارەزوی قسەکەر دەگوازێتەوە، کاتەگۆریەکی ڕێزمانی دیاریکراو باس لەوە دەکات، کە چۆن کردەوە، ڕوداو ... بە هۆی کارێکی دیاریکراوەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، و چۆن لە کاتدا درێژدەبێتەوە، جیاوازی ئەسپێکی لە سەر کارێکی دیاریکراودا کورت دەبێتەوە، بۆ نمونە، لە فۆڕمی تێنسی ڕابوردوودا جیاوازی لە نێوان پێرفێکتیف و ئیمپێرفێکت هەر وەك لە نێوان ڕابردوو ڕانەبوردودا هەیە، دیارو ئاشکرایە. لە هەر کارێکی ئەکادیمی سەرکەوتوودا، دەشێت پێناسەیەکی گشتگیرت لە سەر ئاستی هەموو زمانەکان، بۆ ئەو دیاردە و کاتەگۆریانەی دەویسترێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، هەبێت، دواتر ئەوە وەك پاشخان و بناغەیەك بۆ لێکۆینەوە لە بابەتی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، "تێنس"، "کات"، "ماوە"[١]، "ئەسپێکت" و "موود" لە هەر زمانێکدا بێت، هەمان بنیاتی سیمانتیکی بەخۆوەدەگرن، گەرچی لە چوارچێوەی فۆڕمی جیاوازیشدا دەربڕدرێن. لێرەشدا گرنگی بە بەراورد و هێنانەوەی نمونە، لە چەند زمانی جیاوازەوە گرنگی بەرچاوی پێدراوە، قسەکردن سەبارەت بە "تێنس"، کە وەك دەبینرێت تا ئەم کاتە لەگەڵ کاتەگۆری "کات" تێکەڵکراوە، ئەسپێکت و موود لێکۆینەوەی پێویستیان لەسەر نەکراوە، لەبەر هەر یەك لەو هۆکارانە ئەم باسە بۆ لێکۆڵینەوە لە تێنس تەرخان دەکەین، بەو هیوایەی بتوانین کەلێنێك لەو بوارە پڕبکەینەوە، سودێك بگەیەنین، زانیاریەکی تازە بخەینە سەر کۆنەکان، و دواتر پڕکردنەوەی تەواوی کەلێنەکان و کامڵ کردنی بابەتەکە بدەینە دەست ئەوانەی دوای ئێمە دەیانەوێت لە سەر ئەم بابەتە بدوێن.

## 1.0 تێنس

### 1.1 وشەی تێنس

وشەی تێنس (Tense) لە وشەیەکی فەڕەنسی tense، "کات" ەوە هاتووە، کە بە واتای "تیمپس"دێت، لە لاتینیدا پێی دەگوترێت tempus "کات"، ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئاوەڵناوی تێنس، کە لە لاتینیەوە هاتووە و پێی دەگوترێت tensus. لە تیۆری مۆدێرندا، وا مامەڵە دەکرێت وەك ئەوەی ئەو کاتەگۆریەبێت، کە ئاماژەکردنی کاتی دەردەبڕێت، واتە، بارودۆخ یان کردەوە لە کاتدا دادەنێت. دواتر لە زمانە ئەوروپیەکاندا وشەی "تێنس"وەك ئاماژەکەر بەکارهات بۆ فۆڕمی ئەو کارانەی لە زمانەکەدا بەکاردەهێنرێن، دواتر زانرا، کە ئەرکی تێنس تەنها لە دانانی بارودۆخەکان لە کاتدا کورت نابێتەوە، بەڵکو تایبەتمەندی زیاتری بارودۆخ یان کردەوەکان ... بەتایبەت تایبەتمەندی ئەسپێکتی یان مەرجی و ... یش پیشاندەدات. فۆڕمی تێنسێکی دیاریکراو تەنها نوێنەری خودی خۆی نییە، بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی خشکەیی، لە هەناوی خۆیدا دەشێت چەندان کاتەگۆری تری هەڵگرتبێت، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی خوێنەر/قسەکەر لە باری سەرنجی کام لەو کاتەگۆریانەوە قسە لەسەر فۆڕمی دیاریکراو دەکات، بۆ نمونە، ئەگەر لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە لە تایبەتمەندی فۆڕمی دیاریکراو بدوێین، دەبینین، کە ئەرکی ئەسپێکت ئەوەیە، کە چۆن بارودۆخ یان کردەوەکان ڕەفتار لەگەڵ "کات"دا دەکەن یان "کات" پیشاندەدەن، بۆ نمونە، ئایا کردەوە یان ڕوداوەکە وا دەبینرێت وەك ئەوەی ڕوداوێکی تەواو، بەردەوام یان لە دووبارە بوونەوەدایە، بناغەی ئەسپێکت لە بنچینەدا لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان بارودۆخی پێرفێکتیف و ئیمپێرفێکتیفێتی دامەزراوە، ئەوەش بە هۆی گەردانی فۆڕمی دیاریکراوەوەیە لە ڕابردوو بۆ ڕانەبوردوو یان هەر لە ڕابردوودا، هەندێك لە "تێنسەکانی" نەریتیی پێکەوە لەگەڵ زانیاری ئەسپێکت ئاماژەکردنی کاتیش دەردەبڕن. ئەرکی کاتەگۆری "موود" دەربڕینی مەرجێتییە، کە خۆی لە دوودڵی، ئاشکرایەتی، پەیمان و بەڵێن(ئیلزامیێتی)[٢]دا دەبینێتەوە، کەرەستەی مود بریتیە لە فۆڕمی تێنسەکان، کە بەپێی سیغەی کارەکە، نیەتی قسەکەر و شوێنی ڕودانی لە دەربڕینەکاندا جۆرێکی تایبەت لە موود بەرهەمدێنێت، بەو

[١] ئێمە لەم کارەدا "ماوە" لەبری "مەسافە" کە دەکرێت بە ئامێری م، کم، و میل بپێورێن بەکار دەهێنرین.

[٢] ئەو وشەیە جەختدەکاتەوە لەسەر واتای ئیجبارکردن وەك ئەوەی دەگوترێت پێویستە ملکەچی یاسابیت، obligatory aspect بەواتای سیغەی کار، کە ئاماژەدەکات بۆ پێویستی هەڵسان بەکارێك و هەندێك جار پێی دەگوترێت ئەسپێکتی زەروریەت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جۆرە موود دەتوانێت پەیوەندی هەبێت لەگەڵ تێنس، ئەسپێکت، یان هەردووکیان لە فۆرمی کارە دیاریکراوەکاندا هەبێت. زمان هەیە، کە سیستێمێکی تاکی "تێنس-ئەسپێکت-موود"ی هەیە، بەبێ لێکدانەوەی جیا و کەنارگیری ئەو سێ کاتەگۆریانە. تێنس هەندێکجار بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بۆ هەر پەیوەنیەکی تێنس، ئەسپێکت و مودیش بکات. دیاگرامی (١) زۆر لەو لێکدانەوانانەی لەم باسەدا هەن ڕووندەکاتەوە.




دیاگرامی (١)

## 1.2پێناسەی تێنس:

کاتەگۆری تێنس لەلایەن بەشێکی زۆر لە توێژەر و زانایانی زمانەوە زۆر پێناسەکراوە، کە ئاسایی لایەنی جیاواز و ناوکۆ لە کارەکانیاندا دەبینرێت، لەوانە Ota (1963:2) دەڵێت، "واتای وردی وشەی تێنس دەگەڕێتەوە بۆ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جیاوازی ڕودانی هەواڵی چاوەڕوانکراو، وەك ئەوەی لە کاری ڕستەی سادە بە هاوبەشی لەگەڵ ئاوەڵکارەکاندا دەبینرێت، کە کاتی کارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی قسەکردن". بەلای (9-1976:1) Comrie یەوە بریتییە لە "دەربڕینی بە ڕێزمانیکراوی دانان لە کاتدا"، واتە دەربڕینێکی بەڕێزمانی کراو سەبارەت بە دانانی بارودۆخ لە کاتدا، ئەو پێناسەیە لێکدانەوەی ئەوە هەڵدەگرێت، کە تێنس پڕۆسەیەکە، ئەرکی دانانی بارودۆخە لە کاتدا. جگە لەوە نوسەر لە شوێنێتر بەم شێوەیە باس لە تێنس دەکات، "دەربڕینی بەڕێزمانیکراوی دانان لەکاتدا، بەکارهێنانی تێنس وەك ناوێك کە توانای بژاردنی نەبێت". بەلای ( Dahl (1987:489 ەوە ئەوە بەتەواوی ڕون و دیار نییە، کە چۆن ئەوە لە " تێنس" ەوە دەڕوات بۆ "تێنس"، بە واتای ئەوەی لە "تێنس"ەوە وەك دیاردەیەکی گشتی بۆ کاتەگۆریی تێنسی کەسی، بەوجۆرە، Comrie دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ئەوە کاتەگۆری ڕێزمانی "تێنس" ە ئەگەر شوێن دەربڕێت لە کاتدا. بەلای Dahil ەوە ئەو پێکهێنانە پرسیاری زۆر بەجێدێڵێت، کە جێگیرنەکراون، بۆ نمونە، دەربڕینی "دەربڕین" بەتەواوی چ دەگەیەنێت، بۆ نمونە، کاتەگۆریەك دەتوانێت بیری تریش دەربڕێت و بەردەوام هەر "تێنس" بێت"؟ کەواتە بیرەکەی Comrie لەسەر ئەو بابەتە، سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان واتای کرۆکی واتای دووەمین، جیاوازی لە نێوان واتا و واتای پێشنیارکراو بە تەواوی ڕون نییە. دیارە ئەوەی Comrie جەختی لەسەردەکاتەوە دەدرێتە پاڵ ئەو داوایەی، کە واتای کرۆکی واتە بناغەیی کاتەگۆری تێنس دەبێت کاتیی بێت. بۆیە پێناسەکەی لەسەر بنەمای سیمانتیکی بیناکراوە، بەو پێیە هەر کات توشی "دانانی بارودۆخی بە ڕێزمانیکراو لە کاتدا" دەبیت، ئەوە واتای وایە ئێمە مامەڵە لەگەڵ "تێنس"دا دەکەین، ئەگەر نا، ئەوە واتا لە شتێکیتر دەداتەوە، لە زوربەی زوری زمانەکاندا تەنها یەك جیاوازی سەرەکی لە "تێنس"دا هەیە، بۆ نمونە، ڕابردوو و نا-ڕابردوو یان داهاتوو و نا-داهاتوو. بەڵام ئەو زمانانە لەناو خۆیاندا سەربەخۆن سەبارەت بە باری سەرنجی سیستێمی نیشانەکردن، بۆ نمونە، لە "ئینگلیزی و کوردی"دا، ئەوانە دوولایەن وەردەگرن، لە دانەیەکیاندا بڕیادان لەسەر بنەمای شوێنە، دانەکەی تریان لەسەر بنەمای دەربڕینی سیمانتیکیە، لە هەر زمانێکدا نیشانە ڕێزمانیەکان وەك نیشانەی تێنس مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بە تایبەت کاتێك ئەرکەکانیان جەخت لەسەر پەیوەندی کاتی ئەو بارودۆخانە بکەنەوە و بەهۆی کارەکانەوە باسیان لێوەبکرێت. کەواتە ئەرك، جۆری تێڕوانینی قسەکەر و نوسەر، دەق و مەبەست هەریەك لەوانە هۆکارن سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر جۆری ئەو نیشانانە.

"تێنس ... ئەو پەیوەندیە بە ڕێزمانیدەکات، کە بەردەوام دەبێت لە نێوان کاتی ئەو بارودۆخەی، کە وەسفدەکرێت و کاتی خاڵی-سفری چەقی دەقەکەوە" (Lyons 1977:678)، پێناسەی هەر یەك لەو زمانەوانانەی سەرەوە بناغەیان لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان بەڕێزمانیکردن پێچەوانەی بەلێکسێکی بوون لە کاتدا[2] داناون، هەر لەو بارەیەوە Comrie باوەڕی وایە، کە جیاوازی لە نێوان دەربڕینی بەڕێزمانیکردن و دەربڕینی بەلێکسیکیبوونی دانان لە کاتدا "دەتوانرێت لە بواری کارلێککردنی دوو پێوانەوە دیاریبکرێت، کە

[2] نمونەیەکی نمونەیی دەربڕینێکی واتاپێدراوی دانان لە کاتدا، ئەوە ئاوەڵکاری کاتییە بۆ نمونە، دوێنێ، ئەمڕۆ ئێستا typical example lexicalized expression of location in time are temporal adverbial such as yesterday, tomorrow, now



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پابەندبوون و سنوردانانی مۆرفۆلۆجیکەڵییە"، بەو شێوەیە دەبینی، کە جیاوازی لە نێوان ڕابردوو نا-ڕابردوو نمونەیەکی هەرە دیاری ئۆپۆزیشنی بەرێزمانیکردنە لە کوردیدا.

لەبەر ئەوەی نیشانەکانی تێنسی کوردی هەردووك ئاماژەکردنی تەواو و پەیوەندیداریان هەیە، دەشێت هەردوو پێناسەکانی "Comrie" و "Lyons" d گونجاوبن، چونکە لەوێدا سنور بۆ دانان restriction لەسەر جۆری دانانی بارودۆخ لە کاتدا نییە، بۆ نمونە. (دانانی کاتی دیاریکراوی تەواو، پەیوەندیدار، یان پەیوەنیداری-تەواو)، هەر وەك چۆن ئەرکی تێنس دیاریناکەن بۆ پەیوەندی بە ڕێزمانیکردن، کە بەردەوامە لە نێوان کاتی بارودۆخ و خاڵی قسەکردندا.

بە لای Lyons (1968:304) ەوە "کاتەگۆری تێنس پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندیە کاتیەکاندا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ئەوانە بەهۆی جیاوازی پیشاندانی سیستێماتیکیە ڕێزمانیەکانەوە دەردەبڕدرێن"

بەلای Dahil ەوە، تێنسەکانی ڕابوردوو داهاتوو وەك ڕێزمان لێکجیان، بەڵام هێشتا لەڕوی سیمانتیکەوە بەیەك ناوبەند پەیوەندن، ئەوەی لەگەڵ سروشتی کوردیدا دەگونجێت ئەوە ڕابوردوو بەرانبەر بە نا-ڕابوردووە، و بەتەواوی لەگەڵ هەردوو تێنسەکانی "تەواو و پەیوەندیدار"ەوە گونجاون، و لەسەر بنەمای پەیوەندیەکانی وەك پێشتری، پاشتری و هاوکاتی بیناکراوون، سەبارەت بەوەش، کە ئایا "ئایندە" تێنسە یان نا، ئەوە لە کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ ئینگلیزیدا نا. Comrie: (1985:14) تێنس و ئەسپێکت بەوە لێکجیادەکاتەوە کە تێنس (ئاماژە/ئیشاریە deictic[4]، بەوەش هاوڕادەبێت لەگەڵ Lyons: (1977:677 ff)، چونکە Lyons مەبەستی لە deixis شوێن و دیاریکردنی کەس، شت، ڕوداو، پرۆسە و چالاکیەکانە، کە لە بارەیانەوە قسەدەکرێت، یان ئاماژەیان بۆدەکرێت، پەیوەست بە دەقی کاتیی- شوێنی بیناکراوو، و لە دەربڕینەکاندا چەسپاوە و درێژەی پێدراوە. لە لایەکی ترەوە Comrie (1976:14) دەڵێت "سیستێمێك، کە شتەکان بە خاڵی ئاماژە بۆکراوەوە دەبەستێتەوە سیستێمی ئیشاریە"، دواتر لە Comrie (1976) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە خاڵی ئاماژە بۆکراو (هەمان سەرچاوە) پێویستی بەوە نییە هاوتا بێت بە "ئێرە و ئێستا"ی بارودۆخی قسەکردنەوە. "دەگونجێت نیشانەکەرێکی چەقی تر هەبێت، بەو مەرجەی بە هۆی دەقەوە ڕونبکرێنەوە— قسەکەر خودی خۆی نەخشە دەکێشێت (یان بە خەیاڵی خۆیدادێنێت) بەرەودواوە، یان بەرەو پێشەوە لە کاتدا، ئەگەر تەعبیرەکە ڕاست بێت" (Lyons 1977:690) . کەواتە بیرەکانی Lyons سەبارەت بە ئاماژەیی تەسکبین ترە وەك لە Comrie. بۆیە، زووتر-لە-ڕابوردوودا دەشێت زۆر گونجاو تر بێت لە ڕابوردوو-لە-ڕابردوودا".

### 1.3 تێنس لە زماندا

### 1.3.1 تێنسی چاوەڕوانکراو

زوربەی زۆری زمانەکان تێنسیان هەیە، هەشە بێتێنسە، لەوانە "urmese" "Chinese" و "Dyirbal" ، هەندێك زمان سێ جۆر تێنسیان تێدایە، هەندێکیتر تەنها دووانیان هەیە، تێنسی ئەو زمانانە لە نێوان، ڕابوردوو

[4] بە واتای ئیشاری ئاماژەکەر، ئاماژەکەر بۆ یان دیاریکردنی کەسێکی دیاریکراو یان شوێنێکی دیاریکراو لە نێوان کۆمەڵێکی هاوتوخم لە کەس و شوێن، بۆ نمونە، ئەمە، ئەوە، تۆ، ەکە، بە واتایەکیتر بەکارهێنانی وشەیەك تا واتایەکی نیسبی بگەیەنێت کە پەیوەندی بە کات و شوێنی قسەکردنەوە هەیە، بۆ نمونە، ئێستا، لەوێ، لێرە. دیارە ئەوەی ئیستایە دواتر دەبێت بە دوێنێ، یان ئەوەی ئێرەیە بۆ کەسی بەرانبەر دەبێت بە ئەوێ و هەروەها چونکە ئەوانە پەیوەندیان بە کات و شوێنی دیاریکراوەوە هەیە. سەیری ئەلکهولی ١٩٨٢:٦٧ بکە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نا-ڕابوردوو، یان ڕانەبردوو داهاتوو دان، بۆ نمونە، کوردی، یابانی و ئینگلیزی لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە تێنسەکانیان لەنێوان ڕابردوو نا-ڕابوردوودا دابەشدەبن، زمانیش هەیە وەك Greenlandic and Quechua، کە تێنسەکەیان لە نێوان "داهاتوو نا-داهاتوو"دان. هەشە چوار یان زیاتریان هەیە، کەواتە، هەموو زمانەکان لە تێنسدا وەك یەك نین، زمان هەیە جیاوازی لە "نێوان ڕابردووی دوور پێچەوانەی ڕابردووی نزیك"، یان لە "داهاتووی نزیك پێچەوانەی داهاتووی دوور" دەکات. زمانەکانی شەش-تێنسیان هەیە، وەك Kalaw Lagaw Ya لە ئوسترالیا، کە "ڕابوردووی دوور و نزیك"، "و "ڕابوردووی ئەوڕۆ"، کە ئاماژە دەکەن بۆ ڕابردوو لە پێش ئەوڕۆ، یان ئاینده لە پاش ئەوڕۆ، کە پێی دەگوترێت pre-dodieral and post hodierial."، هەروەها، "ڕانەبوردوو"، داهاتوی نزیك"، و "داهاتووی دووریان" هەیە. هەندێك زمان تێنسیان هەیە، کە پێی دەگوترێت "تێنسی هێشتا هەر تێنس is the Still tense"، بۆ نمونە، زمانی Luganda، ئەوەش بەکار دەهێنرێت تا ئاماژە بکات بۆ ئەوەی، کە بارودۆخ یان کردەوەیەك هێشتا حاڵەتە، (یان لە نەرێدا، بەردەوام حاڵەت نییە) و هەروەها واتای تێنسەکانیش لەخۆدەگرێت، "تا ئێستا-so far" و "نەك هێشتا not yet-". زمان هەیە تێنسی Crastinal ی هەیە، کە تێیدا تێنسی ئاینده ئاماژە بۆ دیاریکردنی بسبەینیspecifically tomorrow دەکات، یان تێنسی hesterna ، کە ڕابردوو ئاماژە بۆ specifically tomorrow دەکات و هەر لە وێدا تێنسێك لە دوای سبەینێ پێی دەگوترێت post-crastinal و دانەیەك لە پێش دوێنیووە پێی دەگوترێت pre-hesternal.

بە گشتی تایبەتمەندیەکانی تێنس لە پێشاندانی پەیوەندی لەگەڵ گونجاودا کورتدەبنەوە، بۆ نمونە، پێشتری، دواتری و هەمانکاتی، هەموو ئەوانە لە تێنسی تەواودا کاتی قسەکردن، وەك دەقی ئاماژەکردن و لە تێنسی پەیوەندیداریشدا خاڵی کاتیتر، کە دەقی ژێرلێکۆینەوە دیاریدەکات، وەك چەقی ئاماژەکردن وەردەگرن، کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی ئەو تێنسانە لەخۆدەگرێت. کە هەندێك زمان فۆڕمی تێنسەکانی پەیوەندیدار، تەواو، ڕابوردوو-لە=ڕابوردوودا بەخۆوەدەگرن و هەروەها.

### 1.3.2 تێنس چیە؟

تێنس-ناوە: فۆڕمێکە لە ڕێگەی کارەوە نیشاندەدرێت، تا جەخت یان ئاماژە بۆ کات بکات. تێنس بەشێکی گەورە لە ڕێزمانی کوردی پێکدەهێنێت، هەر فۆڕمێك لە کارەکانی زمانی کوردی، کە ئاماژە بۆ کاتی ڕوداو و کردەوەکان دەکات ئەوە پێیدەگوترێت تێنس، کەواتە دەکرێت لە دوو لایەنەوە سەرنجی لێبدەین، یەکەم فۆڕمی تێنس و دووەم ئەرکی ئەو فۆڕمەیە، کە خۆی لە ئاماژەکردن، یان دانانی بارودۆخ لەکاتی دیاریکراودا دەبینێتەوە، کەواتە "تێنس" وەك فۆڕم و "کات" وەك ناوکی فۆڕمی تێنسی دیاریکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. "تێنس" بریتییە لە تێنسی ڕاستەقینەی ڕستەی ژێرلێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا "کات" ئاماژە بۆ ئەو ماوەیە دەکات، کە ڕوداو یان کردەیەکی دیاریکراو لە ڕستەدا دەخایەنێت. سەبارەت بە کاتی داهاتوو لە کوردیدا ئەوە دەقە بەرچاوڕونی دەدات لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا بە فۆڕمی will + infinitive نەك بە نیشانەی ڕێزمانی فۆڕمگۆڕ، بۆیە چەندان دەربڕینی جیاوازی هەیە، کە لە واقیعدا وا سەیرناکرێن وەك ئەوەی تێنسبن، ئەوەی هەیە will ە،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

که پێمان دەڵێت تێنسی کارەکە ئاماژە بۆ بارودۆخێکی چاوەڕوانکراو دەکات، که دەشێت لەدوای کاتی قسەکردنەوە ڕوبدات. دیاگرامی (١) پوختەی تێنسەکان لەکوردیدا پیشاندەدات. دیاگرامی (٢)




هەندێك تێنسی وەك ڕابردوی تەواو، داهاتوی تەواو، داهاتووی پێرپێکتی بەردەوام وەك فۆڕم لە کوردیدا نین، و تێنسێکی دیاریکراو دەشێت ئاماژە بۆ کاتی جیاواز بکات، وەك لەوەی بۆی دانراوە.

باپیر: چی دەکەیت؟ نازەنین: "نامە دەنوسم". ئاماژەیە بۆ ڕانەبردوو

باپیر: سبەی ئێوارە چی دەکەیت؟ نازەنین: "نامە دەنوسم". ئاماژەیە بۆ داهاتوو

وەك هەر زمانەکانی تر فۆرمی کاری دیاریکراو ئاماژە بۆ هەردوو "تێنس" و "کات" دەکات، بۆیە فۆڕمی تێنسەکە وەك بەشێك لەواتاکەی دانانی کاتە لەسەر، لەپێش یان لە دوای ... پەیوەست بە کاتی قسەکردن، یان هەر خاڵی ئاماژەکردنێکی تر، کە بەهۆی دەقەوە جێبەجێدەکرێت، دواتر بە پێی سروشتی بنیاتی فۆڕمەکە و ئەو ڕوداوەی دەیگەیەنێت، مەودای دوورودرێژی، یان کورتی ئەو کاتە دەپێوین، کە ڕوداو یان کردەوەکە پێویستی پێیەتی، تا بگاتە کۆتایی، کەواتە تێنسی کارەکە ئاماژە بۆ بارودۆخێك دەکات، کە دەبێت تەواو بووبێت یان نا؟ لە کوردیدا، ئاینده بە هەمان تێنسی ڕانەبوردوو، بە یارمەتی هەندێك کەرەستەی زمانی ترەوە دەردەبڕدرێت. تێنس بەشێکە لە ڕێزمانی کوردی، و بە هەموو ئەو فۆڕمی کارانەی ئاماژە بۆ کاتی ڕودانی کردەوە، ڕوداو، و بارودۆخەکان دەکەن، پێیان دەڵێین تێنس. لە ئینگلیزیدا ڕستەیەکی وەك "John <u>has</u> been running" تینسی "has" فۆڕمی تێنسی ڕانەبوردووە، بۆیە ڕستەکە لە تینسی ڕانەبوردوودایە، لە کاتێکدا " John <u>had</u> been running"، دەبینی "had" فۆڕمی تێنسی ڕابوردووە، بۆیە ئەو ڕستەیە لە تێنسی ڕابوردوودایە،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**لەبەر نەبوونی فۆڕمە پێرفێکتەکان لە کوردیدا، ئەوە کەمێك ئاڵۆزە، و دەشێت گرفتەکە لەوانەی لای خوارەوەدا تیشکیان بخرێتە سەر:**

**(١) دەق: گەرچی لە سنوری ڕستەدا بێت یان نا، لەدەقدا ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، چونکە بە پێچەوانەی ئینگلیزییەوە فۆڕمی will بە هەموو فۆڕمەکانیەوە + چاوك بۆ ئاماژەکردنی ئاینده لە کوردیدا نییە. دیارە، ئەو فۆڕمانەی لەگەڵ willدا دێن وەك تێنس لەبەرچاو ناگیرێن.**

**(٢) لە ڕستەی ئاڵۆزدا، جۆری پەیوەندی لە نێوان تێنسی کاری ڕستەی سەرەکی و کاری ڕستەی ناسەرەکی لەبەرچاو دەگیرێت.**

**(٣) لە ڕستە نا-سادەکاندا پشت بە هەندێك لێکدەری لۆجیکی دەبەسترێت، کە لە سروشتی ناوەرۆکی سیمانتیکیاندا بڕێك لە واتای داهاتوو یان ڕابوردوویان هەڵگرتووە.**

**(٤) بەکار هێنانی ئاوەڵکارە کاتیەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە.**

**(٥) جۆری تێنس، تێپەڕ و تێنەپەڕ ، هەروەها سروشتی پێکهاتە و سیمانتیکی تێنسەکان بە تایبەت کارە تێنەپەڕەکان هاریکارمانن لە دیاریکردنی جۆری تێنسی ڕستەی دیاریکراو.**

**(٦) زۆر جار ئێمە نەك لە مەودای تێنسی کارەکانەوە بەڵکو لە فۆڕمی "ناو" و "ئاوەڵکارەکانیش"ەوە بیر لە کات دەکەینەوە و ماوەکەی دەپێوین.**

**(٧) بیری "تێنس" و "کات" ئەوەندە لەیەکدەکەن، زەحمەتە بتوانیت لێکیان جیابکەینەوە، هەردووکیان بەهۆی فۆڕمێکی دیاریکراوی تێنسەوە دەردەبڕدرێن، بەڵام ئەمە، ئەوە ناگەیەنێت کە هاوواتان و دەتوانرێت لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، سەربەخۆیی "کات" لەوەدا دەردەکەوێت کاتێك لێکیان جیادەکەینەوە، دەبینین، کە ئەوە تەنها فۆڕمی تێنسەکە نییە بڕیار لەسەر دیاریکردنی کات دەدات، بەڵکو دەق و لایەنی تریش هاوکارە لەو بارەیەوە.**

**(٨) دووەم، فیچەری کاتی ڕوداوەکان دەتوانرێت بە هۆی ئەو ڕستانەی تێنسدارن و ئەوانەش تێنسدارنین ڕاپۆرتی لەسەر بدرێت. ئەبەدی [٥] tense and tenseless . ئەو ڕستانەی تێنسیان هەیە بریتین لەوانەی، کە بەهای-ڕاستیەکەیان پشت بەو کاتە دەبەستێت کە بەکاریدەهێنن، بۆیە، ئەو ڕستانە ناتوانرێت بەشێوەیەکی ئازادانە و بە درێژایی کات دووبارەبکرێنەوە بەبێ چاوەڕوانکردنی گۆڕانکاری لە بەهای-ڕاستیەکانیاندا. بۆ نمونە، ئەگەر لە کاتی زستاندا بگوترێت "چیای پیرەمەگرون بە بەفر داپۆشراوە" ئەوە زەحمەتە هەمان ڕستە بەهای-ڕاستی بەخۆوەبگرێت، ئەگەر لە هاویندا دووبارەبکرێتەوە. ئەوەی ڕستە خاوەن تێنسەکان لە نا-تێنسەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە یەکەم کاری تێنسی وەك (بوون و ڕاکردن) لەخۆدەگرێت، و زۆرجاریش هەندێك دەربڕینی وەك "ئێستا"، لەکاتی ئێستادا، یان "بەیانی" لەخۆدەگرن. بە پێچەوانەوە، ڕستە بێتێنسەکان، دەتوانن بە ئاسانی دووبارەببنەوە و بەهای-ڕاستیەکانیش هەر وەك خۆیان بمێننەوە.**

---

[٥] ئەو زاراوەیە لە ڕێزمانی گشتیدا بەکارهاتووە تا ئاماژەبکات بۆ کلۆزێك، کە کارێکی تیادایە و جیاوازی تێنسی دەردەبڕن، ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو نا-تێنسی و کلۆزەی، کە کاریتیادا نییە، تا جیاوازی تێنسی دەربڕن. مەرجی ڕستەی-تێنسدار لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا ئەوە دیاریدەکات، کە پێکهێنەرێك ناتوانێت بجوڵێن، یان بۆ ڕستەی ناسەرکی تێنسدار. (Crystal David 1992:349)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٩) کارەکان لە ڕستەی بێتێنسدا دەبێت بەشێوەیەکی بێ-تێنسی بزانرێن. بۆ نمونە، ڕستەی بێتێنسی ئەو ڕستانەن، کە پەیوەندیەکان لە زنجیرەی B دا دەردەبڕن. بۆ نمونە، " ئۆڵمپیەکاتی ٤٥ هەمین (بە شێوەیەکی بێتێنسی) پێشتر بووە لە ئۆڵۆمپیەکاتی ٤٦ هەمین" (Farkas 2008: 271).

(١٠) یان ئەو ڕستانەی کە مێژووی ڕوداوەکان پیشاندەدەن، مێژووی شەڕەکانی واتەرلۆ (بێ-تێنس) ١٨١٥ بێتێنسە، یەکەم جیاوازی لە نێوان A و B میتەفۆڕیە: ئەوە سەبارەت بە فیچەری ڕوداوەکانە. دووەم — لەنێوان تێنسدار و بێتێنس — سیمانتیکیە: ئەوە سەبارەت بەو ڕستانەیە، کە باس یان ڕاپۆرت لە فیچەری کاتی ڕوداوەکان پیشاندەدەن. بەمەبەستی زانینی ئەو جیاوازیە ئەوەیە، کە پەیوەندیەکی بەبێ لێوردبوونەوە لە نێوان ئەو دوو جیاوازیانەدا هەن. بەهای ڕاستی ڕستە تێنسەکان بە درێژایی کات دەگۆڕدرێن، بۆیە شوێنی ڕوداوەکان لە زنجیری **A** هەمان ڕەفتار وەردەگرن. بەهای-ڕاستی ڕستە بێتێنسەکان بە درێژایی کات ناگۆڕدرێن و هەروەها شوێنی ڕوداوەکان لە زنجیرەی **B**دا. لە کۆتایدا ئەوە هەڵدێنجرێت، کە ڕستە تێنیسەکان بارودۆخی A دەردەبڕن و ڕستە بێتێنسەکان بارودۆخی B دەردەبڕن. و لەوەوە ئەوە دەگەیەنرێت، کە زنجیرەی A ڕاستە، و بەومەرجەی، کە هەر ڕستەیەکی تێنسی هەمیشە ڕاستە. لەبەرئەوە ئەگەر ناوەڕۆکی ڕستە تێنیسەکان ئەوە بوو، کە بارودۆخی A بەدەستدبێت، ڕستەکە ڕاستە، پاشان دەبێت لێردا هەقیقەتێکی A هەبێت. و پاشان زنجیرەی A ڕاستە؟. بەهەرحاڵ، بارودۆخەکە ناتوانێت ئاوا ئاسان بێت، لە نێوان ڕستەکاندا، کە ڕاپۆرت لەسەر شوێنەکان دەدەن، ئەو کات دەتوانین جیاوازیەك بخەینە ڕوو هاوتا بە جیاوازی ڕستەی تێنسی و نا-تێنسی.

### 1.3.3 نیشانەی تێنس لە نێوان زمانەکاندا

دەکرێت تێنسەکان وا لەبەرچاو بگیرێن، وەك ئەو حاڵەتانە بن، کە بە سەر فۆڕمی تێنسی کارێکی دیاریکراودا دێت، واتە کاتێك، لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا کارەکان گەردان دەکەین، و هەندێك نیشانەی تێنس بۆ "قەد" یان "ڕەگ" ەکانیان زیاد دەکەین، دواتر دەبینین کە فۆڕمی تێنسی جیاواز بەرهەمدێن و بە شێوەی جیاواز "کاتێتی temporality" دەگوازنەوە و دەگەیەنن، ئەوە کاتێك ڕودەدات، کە قەدی ڕابوردوو وەردەگری و ئەو زیادانەی دەخەیتە سەر تا کاتی جیاواز و لێکدانەوەی سیمانتیکی جیاواز بگەیەنێت، لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها تێنسی ڕابووردوو دیاریکراووە، بەڵام تێنسی ڕانەبوردوو، کە قسەکەر دیاریدەکات نا، تێنسی ڕابوردوو لە کوردی و ئینگلیزیدا نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ڕابوردووی پرۆگرێسف لە "دە- + ڕابوردووی سادە" بنیاتدەنرێت.

هەر ڕستەیەك و لەهەر زمانێکدا بێت تێنسکراوە، بەڵگەش بۆ ئەوە هەر فۆڕمێمی تێنس لە ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوەدا زانیاری پیویست سەبارەت بە "کات" دەدات، بۆیە، هەر ڕستەیەك لە زمانی دیاریکراودا، بەبی وشە، یان هەر دەربڕینیك، کە زانیاری لەسەر "کات" بدات، بێ بەهایە. لە زۆر زماندا ئەو زانیاریە سەبارەت بە "کات" بە هۆی مۆرفێکەوەیە، کە دەکرێت پێی بگوترێت مۆرفێمی تێنس و لە ڕستەکاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بە مەبەستی ڕونکردنەوەی بەهاو ڕۆڵی تێنس دەکرێت پرسیارێکی وەك ئەوە بکرێت، کە دەڵێت، "تێنس چیە؟" و "سیستێمی تێنس چیە لە زمانی سروشتیدا؟"، و "چ جیاوازیەك بەدیدەکرێت، لە نێوان تێنسەکانی زمانێکی دیاریکراو، یان لە نێوان زمانەکاندا"، "ئەو جیازازیانە چون سنوردارەدەکرین و


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەبەرچاودەگیرێن"، ئایا ئەوانە گشتین بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە تێنسەوە هەیە؟. ئەم باسە لە سیمانتیك، تێنس یان پرۆگرێسف دەدوێت، و نمونە لە زمانی ئینگلیزی و کوردی بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشدەکرێت، ئەو زانیاریانەی دەدرین بە خوێنەر لە گۆشەنیگای تێنسەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە، لێکدانەوەی کاتی ڕستەی زمانی سروشتی بابەتێکی ئاڵۆزە، بە مەبەستی گەیاندنی مەبەستی دیاریکراو لێرە و لە زۆر شوێنی تری ئەم باسەدا پەنا دەبەینە بەر بەراوردکاری و نمونە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا پێشکەشدەکەین، بە شوێن (1996 ogihara) چەند نمونەیەك پێشکەشدەکەین:

| جۆری واتا | کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ڕانەبردی تەواو/سادە | دە- | s- |
| ڕانەبردووی پەیوەندیدار | — | — |
| هەردوو بەتاڵ | | |
| ڕابردووی پەیوەندیدار | ن، وو،، ت، د، ا | -ed |
| داهاتوی پەیوەندیدار | —— بەتاڵ | will |

لە زمانی کوردیدا کاری ڕانەبوردوو بە پێچەوانەی زمانی ئینگلزیەوە کە بەهۆی s– ەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، وەك کارێکی نیشانە نەکراو مامەڵە دەکرێت، چونکە هەمان فۆڕم دەکرێت وەك پرۆگرێسف، داهاتوو و ڕانەبوردوو خوێندنەوەی بۆبکرێت، ئەوەی ئەو فۆرمە ساغدەکاتەوە بەسەر یەکێك لەو لایەنانەدا ئەوە دەقە کە لەوێدا هەندێك دەربڕین واتا و ئەرکی فوڕمەکە بەسەر یەکێك لەو لایەنانەدا ساغ دەکاتەوە. تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیشد ئەو نیشانەیە تەنها وەك ڕوکەش کاتێك بکەر she, it, he, دەبێت، تێنسی بەتاڵ بەهۆی نیشانەی – ەوە جەختی لەسەردەکرێتەوە، کە ئەوە لە هەردوو زمانەکەدا مۆرفێمی تێنسی روکەش نییە.

لە زمانی ئینگلیزیدا پێرفێکت وا دەبینرێت وەك ئەوەی ئاڵۆز و تەمومژاوییبێت، لە نێوان لێکدانەوەی تێنس و ئەسپێکتدا، لێرە جەخت لەسەر لێکدانەوەی تێنس دەکرێتەوە، کوردی وەك زمانی ئینگلیوی will نییە، لەبری ئەوە ئاوەڵکار بەکاردەهێنرێت، تا مەبەستەکە ڕونبکاتەوە و خوێنەر بەو ئاراستەیەدا بەرێت، بۆیە ئەو تێوریە بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ تێنسی تەواو، کە ناوەرۆکێك لەخۆدەگرێت و تێیدا لێکدانەوەی مۆرفێمی تێنس هەمیشە پەیوەست بەکاتی قسەکردنەوە دیاریدەکرێت. تێنس لە زمانی کوردیدا سیستێمی ئاڵۆز بەخۆوە دەگرێت، لەوەدا کە بەشێوەیەکی جەوهەری زمانێکی تێنسی پەیوەندیدارە، یابانی زمانێکی تێنسی پەیوەندیداری پوختە لەوەدا، کە مۆرفێمەکانی تێنس وەك خزانە ناو لێکدەدرێنەوە. تێنسی ئینگلیزی زیاتر ئاڵۆزە لەوەدا کە بە شێوەیەکی بناغەیی زمانی تێنسی پەیوەنیدارە، بەڵام ڕانەبوردووی تەواو وەك تێنسی تەواو ڕەفتاردەکات.

فۆڕمی تێنس بناغەیی و بابەتی سەرەکیە، بە مەبەستی ڕونکردنەوە لە لایەك و ڕاستکردنەوەی هەندێك هەڵەی باو لە کوردیدا[٦] چەندی بۆمانبکرێت پەنادەبەینە بەر بەراوردکردن لە نێوان زمانەکاندا، کە بە هۆیەوە دەکرێت

[٦] لە زوربەی زۆری لێکۆینەوە و باسەکاندا تەنانەت لە نامەی دوکتوراشدا نیشانەکانی تێنسی ڕابروو بە کات دانراون، جگەلەوە نیشانەی "دە-" ئیمپێرفێکتیڤێ و "ب-" فپرفێکتڤی ڕانەبردوو بە ئەسپێکت دانراون، تەنانەت لە کاتی وتنەوەی وانە لە گەڵ قوتابیانی ماستەر ماموستایەك دەڵێت "کورینە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پلەو پایە و ڕەفتاری کوردی، و لایەنی لێکچوو و نالێکچوو زیاتر دەرکەوێت. بە شوێن (ogihara 1996) و بە بەراود لەگەڵ یابانی و ئینگلیزیدا ئەوە ڕوندەکەینەوە:

(١) خانووەکە ڕوخا خانووو-ناوە ڕوخا: ڕابردووە (ogihara :1996:3)

(٢) The building collaps<u>ed</u>

(٣) Bir-ga tubure-<u>ta</u>

لە هەرسێ زمانەکاندا تێنسی ڕابوردوو وەسفی ڕوداوێك دەکات، کە لە ڕابووردوودا ڕویداوە و پەیوەست بە کاتی قسەکردنەوە دیاریدەکرێت، مۆرفیمی تێنس لە ئینگلیزی و یابانی و کوردیشدا بریتیە لە پاشگر یان زیادەی کاری، لە ئینگلیزیدا بریتیەی لە ed– و لە زمانی یابانی پاشگری ta- و لەکوردیدا (D)[٧] هەمان ئەرك جێبەجێدەکەن، لە هەرسێك زمانەکەدا ئەو "زیادە کاریەکان" پێمان دەڵێن فۆڕمی تێنسی دیاریکراو لە ڕابوردوودایە، دەتوانرێت لە ڕستەی سادەدا بەکاربهێنرێن، تا باسی ڕودا و یان بارودۆخ بکەن، کە لە ڕابوردوودا بەدەستدێن و پێیان دەگوترێت مۆرفیمی تێنسی ڕابوردوو، بۆ نمونە،

(٣) (١) باپیر لێرەیە. ل٣

(أ) (ب) John <u>is</u> here

(ج) John-<u>wa</u> koko-niru

لە هەر یەك لەو زمانانەدا، دەتوانرێت باسی باودۆخی ئامادەبوونی بکەر "جۆن لێرەیە" لە کاتی قسەکردندا بکرێت، تێنسی ڕانەبردوو لە هەرسێ زمانەکەدا بریتییە لە کاری بەیاریدە و وەسفی هەمان بارودۆخ دەکەن. جیاوازی لە نێوان زمانی ئینگلیزی، یابانی و کوردیدا، پەیوەندی بە تێنسەوە هەیە، ئەوە لە بواری ئاماژەکردن بۆ کاتی ئایندە دەردەکەوێت، و باسکردنەکە لایەنێکیتر پیشاندەدات، لێرەدا دەبینی ئینگلیزی will ی هەیە، کە وەك تێنسی ئایندە کاربکات، بۆیە لە (٤ ا)دا دەکرێت، "بەیانی/ئاوەڵکاری کاتی" لابرێت، بەڵام لە کوردیدا ئەوە زەحمەتە، ئەگەر مەبەستت ئایندە بێت، گەرچی لە بنیاتی سیمانتیکی کارە تێنەپەڕەکە ئەو ئایندەیەتیەش بەدی بکرێت:

(4) (ا) John will come here (tomorrow) (ogihara 1996:3)

(ب) جۆن (بەیانی) دێت بۆ ئێرە.

لە بەرانبەردا، یابانیش بەهەمان شێوە مۆرفێمی تێنسی ئایندەی دیاری نییە، لەبری ئەوە پێیدەگوترێت مۆرفێمی تێنسی ڕانەبوردوو (-r) و بۆ کاتی ئایندەش کاردەکات، بۆیە پێویستی بە ئاوەڵکار هەیە.

(5) John - wa asita Tookyoo - e <u>i</u>-ku

.. دەڕوات- ڕانەبردوو بۆ – تۆکیۆ بەیانی بابەت

جۆن جۆن بەیانی دەڕوات بۆ تۆکیۆ.

ئێستا پەشێمانم "ب" ئەسپێکت نیە، وەك ئەوەی بوون و نەبوونی نیشانەیەك بە ئەسپێکت بە بڕیاری ئەو بەڕێزەوە بڕوات بەڕێوە، ئەوانە ماندووبوون و لێکۆینەوەی ورد و بەراودکاری قوڵیان دەوێت تا هەر یەك لەوانە بەپێی ئەرکی خۆیان پێناسە و لە مەودای کاتەگۆریەکی دیاریکراودا جێگەیانبکرێتەوە، بە درێژایی ئەم باسە خوێنەرەکانم داوتدەکەم بەو هیوایەی بتوانم بڕێك زانیاری سەبارەت بە "کات، ئەسپێکت. تێنس و موود"یان پێشکەشبکەم.

[٧] ئێمە (D) لەبری هەموو ئەو نیشانە تێنسانە بەکاردەهێنین، کە دەچنە سەر "قەد" و فۆڕمی جیاوازی تێنسی ڕابوردووی نشانەکراو بنیاتدەنێن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٥) وەسفی ڕوداوێك دەكات، كە لە كاتی ئایندەدا ڕودەدات، و ئەوە پیشان دەدات، كە لە هەردوو زمانی كوردی و یابانی ئەوەی پێی دەگوترێت مۆرفێمی تێنسی ڕانەبردوو ئاڵۆزە لە نێوان "واتای تێنسی ڕانەبوردوو" و "واتای تێنسی داهاتوو"، سەرباری ئەوە لە كوردیدا، ئەوە وەك نیشانەی ئیمپێرفێكتیف[8] مامەڵە دەكرێت، كاتێك دەچێتە سەر قەد ئەسپێكتی پرۆگرێسف بەرهەمدێنێت، كەواتە ئەو بەشی كارە تەنها مۆرفێمێكە، كە فۆڕمی تێنسەكەی پێ جیادەكرێتەوە، (دە-) لەگەڵ "ڕەگ" و "قەد" یەكدەگرێت و ڕابوردوو و نا-ڕابوردوو بەرهەم دێنێت. "كات" كە پەیوەندیەكی پتەوی لەگەڵ فۆڕمی تێنسەكەدا هەیە و وەك پێكهاتەی سیمانتیكی دووەمی ناوەكی فۆڕمی دیاریكراو مامەڵەدەكرێت، لە هەموو زمانەكاندا فۆڕمی نییە، ئەوە وایكردوو، كە لێكدانەوەی جیاوازی بۆ بكرێت و زۆر جار بە فۆڕمی تێنسەكە یان یەكێك لە پێكهێنەرەكانی بگوترێت "كات". كات لە هەموو زمانەكاندا هەمان ئەرك دەبینێت، كە بریتییە لە پیشاندانی ماوە دووری بارودۆخی باسكراو، كەواتە فۆڕمی تێنسی دیاریكراو باس لە بارودۆخ دەكات، لە ڕابوردوو یان داهاتوو، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (بە هۆی دەق و زیادەی زمانی ترەوە)، ئێمەش بە هۆی جۆری بارودۆخی باسكراوەوە، چوارچێوەی كاتی ڕودانی بارودۆخەكە دەستنیشان دەكەین. ئەوە لە زمانی یابانیدا پیی دەگوترێت (r)u– واتە، نیشانەی تێنسی ڕانەبردوو، لێرەدا هەندێك گرفت سەرهەڵدەدەن، چونكە، لە یابانیدا "سیمانتیكی (r)u-) ناتوانرێت لە بواری تەمومژاویدا حیسابی بۆ بكرێت" (1996:4 ogihara) سەبارەت بەوەی ئایا ئەوە ئاماژە بۆ كاتی حازر دەكات یان بۆ كاتی داهاتوو.

(٦) بەراورد پیشاندەدات لە نێوان "كوردی و یابانی"دا، تایبەتمەندی ڕستەكە لەوەدایە، كە "جێگیر واتە ستەیتیڤە" چونكە هیچ كام لە ئاوەڵكارەكانی تێدا نییە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری قسەكەر، كە ئایا داواكە سەبارەت بە كاتی حازرە یان سەبارەت بە هەندێك كاتی ئایندە.

(6) Taroo -ga koko -ni i- masu

تارو بكەر- رەفع ئێرە لە -بەیاریدە ڕانەبردوو

كوردی: تارو (ئێستا) لێرەیە یان تارو لێرەدەبێت. Taro is here now or Taro will be here

ئەو ڕستەیە دەتوانرێت لە (١٧) دا بەكاربهێنرێت، تا ئاماژە بۆ بارودۆخی حازر بكات، و دەشتوانێت ئاماژە بۆ بارودۆخی ئایندە بكات، وەك لە (٧ب) دا هاتووە.

(١٧) kore wa hisyositu desu

ئەمە بكەر ئۆفیزی-سكرتێر ڕانەبردوو- یاریدەدەر

Taroo -ga koko ni ima -su

تارو بكەر حاڵەتی رفع ئێرە - لە یاریدەدەر ڕانەبردوو-

**كوردی:** ئەمە ئۆفیزی سكرتێرە، تارۆ لێرەیە.

[8] ئەوە لە كوردی هاوتا بە *mi*-می، كە لە فارسیدا پێی دەگوترێت نیشانی ئیمپێرفێكتیفیتی، واتە ناتەواوبوون، كە لە ڕابردوو ڕانەبردوشدا كاردەكات، هەندێك تەنانەت لە نامەی "ماستەر" و "دوكتۆرا"دا بە هەڵە بە ئەسپێكتی ناودەبەن، لە هەر زمانێكدا ئەوانە نیشانەن و لەخودی خۆیاندا ناتوانن باسی ڕوداو و كردەوە بكەن، یان باری سەرنجی كەسەكان بخەنەڕوو، بۆیە خۆیان لە ژێر پێناسەی تێنس، كات، مود و ئەسپێكتدا نابیننەوە، لە هەموو بارەكاندا وەك نیشانە ڕەفتاردەكەن و بەس.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئینگلیزی this is the secretary's office. Taro is here

(٧ب) Asita kite - kudasi

تکایە وەرە بەیانی

ima -su Taroo ga koko ni

ڕانەبردوو - یاریدەدەر لە تاروو لێرە بکەر/ رەفع

ئینگلیزی: please come [visit us] tomorrow. Taro will be here.

کوردی: تکایە بەیانی وەرە(سەردانمان بکە)، تارو لێرەیە

بەلای( ogihara) ەوە، لەبەر ئەوەی ڕانەبوردووی یابانی نادیارە لە نێوان دوو لێکدانەوەدا، پێشنیاری جیاوازی سێ‌ڕێگای سیمانتیکی لە نێوان تێنسی ڕابوردوو، ڕانەبوردوو و داهاتوو بوونی هەیە. لە یابانی، ئینگلیزی و کوردیدا سەبارەت بەکاری بەیاریدە، ڕێبازی سیمانتیکی سێ‌ڕێگا دەگرێتەوە، "لێرەیە =is here ، لێرە دەبێت =will be here ، لێرە بوو was here ، ئەمە لەگەڵ کارەکانی تری وەك خواردن نەگونجاوە. کارەکانی تر جگە لە یاریدەدەرەکان بەهەمان شێوەی ئینگلیزی دەتوانرێت بۆ باسکردنی ڕوداوی ئایندە بەکاربهێنرێن، بۆ نمونە، با سەرنج لە ڕستەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە بە بەراورد لەگەڵ ئینگلیزی بدەین، کە بەلای (Dowty 1979:155) یەوە ڕستەیەکی وەك (٨) گونجاوە بۆ بەکارهێنانی ڕانەبوردوو، و دەڵێت "timeless future" داهاتووی هەمیشەیی/ئەبەدی، ئەوانە سنوردارکراون بۆ "ڕوداوی پلان بۆدانراو"، وەك ئەوەی لە (٨)ی ج دا پیشاندراون. نادیارن چونکە "بارودۆخی ئاوهەوا" ناتوانرێت لە پێشەوە پلانی بۆ دابنرێت.

(٨) (ا) بەیانی، باپیر یاری تێنس دەکات؟ ئێستا، باپیر یاری تێنس دەکات باپیر یاری تێنس دەکات.

(ب) بەیانی، باپیر شارەکە بەجێدەهێڵێت. وا باپیر شارەکە بەجێدەهێڵێت باپیر شارەکە بەجێدەهێڵێت.

(ج) (بێشك) بەیانی باران دەبارێت؟ وا باران دەبارێت باران دەبارێت.

ئەوەی لە زمانەکانیتر جێگەی مشتومڕە، لە کوردیدا جێیبۆتەوە، کارەکان بە چاوپۆشین لە هەندێك حاڵەتی باسی بارودۆخی جێگیر، کە تێنسەکە، یان ئەوەتا بێزیادوو کەم تێنسی ڕابردووە یان نا-ڕابوردووە، لە (١٨) دا وشەکانی "بەیانی و ئێستا" لابەرە ئەوەی دەمێنێتەوە "باپیر یاری تێنس دەکات"ە، کە وەك ڕانەبوردوو مامەڵەدەکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی ڕانەبوردوو هەمیشە وەسفی بارودۆخی هەقیقی دەکات، چونکە دەتوانێت لە بواری مەرجی ڕاستیدا بڕیاری لەسەر بدرێت، سەرەنجامیش دەتوانرێت وەك سیفاتی هەمیشەیی بکەر مامەڵە لەگەڵدا بکرێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت، کە "باپیر یاریکەری تێنسە"، دیارە ئەوە، زیاتر کارە تێپەڕەکان دەگرێتەوە، بەڵام کارە تێنەپەڕەکان ئەو خوێندنەوە کەمتر وەردەگرن، بۆ نمونە، "بەجێهێشتن"، نابێت بگوترێت باپیر بەجێهێڵەرە" گەرجی ئەوە ملکەجی مەرجی ڕاستیش بێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە دەکرێت بەجێهێشتن تەنها جارێك یان دووان دووبارە بکرێتەوە، بەڵام "یاریکردن" وا چاوەڕواندەکرێت، کە ڕۆژانە و حەفتانە ڕوبدات. بەراوردێك لە ڕستەی ناسادەدا لە نێوان ئەو سێ زمانەدا دەبینی، کە مۆرفیمی تێنس بەتەواوی لەو دوو زمانەدا بە ڕێگەی جیاوازەوە ڕەفتاردەکەن، لەکاتێکدا لە ڕستەی سادەدا جیاوازی بناغەیی نییە لە نێوان سیستێمی ئەو دوو تێنسەدا،

(١٠) (ا) جۆن وتی کە ماری لە کێڵگەکە بوو. John said that Mary was in Seattle

(ب) Taroo -wa Hanako -ga Siatoru -ni I- ru

ڕانەبوردوو یاریدە لە سیتڵ بکەر هاناکو بابەت تارو

to it -ta

ڕابردوو- وتن کە

Taro said that Hanako was in Seattle (at that time)

simultaneous reading only تارو وتی، کە هاناکۆ لە سیتەڵ بووە (لەو کاتەدا)

(١٠ ا و ب) هاوبەشی لە کلۆزی تەواوکردنی کاریدا دەکەن: (١١٠) دەتوانرێت لە دوو ڕێگەوە لێکبدرێتەوە، کاتی "هەبوونی ماری لە سێتڵ" هاوکاتە بە "وتنەکەی جۆن"، بۆیە دەکرێت وەك هاوکاتی ئاماژەی بۆ بکرێت، بەڵام، ئەگەر "حەفتەیەك پێشتر" زیادبکرێت، ئەو کات خوێندنەوەی ئەوە وەردەگرێت، کە "هەبوونی ماری لە سێتڵ" زوتر بووە وەك لە "وتنەکەی جۆن". (ogihara 1996:6) بەوە دەڵێت "گواستنەوەی لێکدانەوە"، لە کاتێکدا لە یابانیدا (١٠ب) تەنها یەك لێکدانەوە وەردەگرێت تارو لە ڕابردوودا وتی، کە هاناکۆ لە سیتڵ بووە لەو کاتەدا. لێکدانەوەی (١٠ب) هاوتایە بە پشتگوێخستنی لێکدانەوەی (١١٠) جیاوازیەکە ئەوەیە، کە مۆرفیمی تێنسی جیاواز لە کلۆزی تەواوکەردا هەیە: مۆرفیمی تێنسی ڕابردوو لە نمونە ئینگلیزیەکەدا بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا مۆرفیمی تێنسی ڕانەبوردوو لە نمونە "یابانی"یەکەدا، لە (١٠ب) بەکار دەهێنرێت، لە کوردی و ئینگلیزیدا ئەگەر کارەکە لە فۆڕمی تێنسی ڕابوردوودا بوو، کلۆزە تەواوکەرەکەشی پێویستە لە تێنسی ڕابوردوودا بێت، تا هەمان لێکدانەوە وەربگرن، ئەو هەقیقەتە جێگەی تێڕامانە نەك تەنها لەبەرئەوەی لە زوربەی زمانەکاندا، بۆ نمونە، ڕوسی و پۆڵۆنی بەلای (Comri 1985:109 یەوە، وەك یابانی وان، لەوەدا، کە تێنسی کاری ڕانەبوردوو لە کلۆزی تەواوکەردا لە ژێر تێنسی ڕابوردوودا دانراوە و هەمان خوێندنەوەی هاوکاتی وەردەگرێت: ئەگەر تێنسی ڕابوردوو لە (١١٠) لەگەڵ کاتی قسەکردندا لێکبدرێتەوە، ئەو کات ئەوە پەسەند دەکەین، کە ئاماژە بۆ هەر کاتێکی ڕابردوو دەکات. (١١٠) ناتوانێت وەسفی بوونی ماری لە سێتل بکات لە هەندێك کاتدا لە نێوان کاتی وتنەکەی جۆن و کاتی دەربڕینی (١١٠)دا.

(١١) (ا) باپیر توشی ئەو پیاوە بوو کە (وا) لەوێ جگەرەدەکێشێت.

John met a man who is smoking over there

(ب) جۆن توشی پیاوەکە بوو کە لەوێ جگەرەی دەکێشا John met a man who was smoking

(١١١) ئەوە دەگەیەنێت، کە قسەکەر باسی ڕوداوێکی کۆن دەگێڕێتەوە، کە لە کۆندا ڕویداوە، و بریتییە لە یەکتر بینینی جۆن و پیاوێك لە کاتی زوودا، و ئێستا جارێکی تر دێتەوە بەر باس و خواس، کە لە جگەرەخواردندایە، لە کوردیدا "وا" خوێندنەوەی پرۆگرێسف بە بەشی ناسەرەکی دەدات، و وا دەبینرێت، کە لە دوای بینینەکە ڕویدابێت، گێڕانەوەکە و کاتی "جگەرەخواردن" دەشێت هاوکاتبن، لە (١١ب) دا دووبارە کاتی "بینیتنی باپیر" دەشێت هاوکاتبێت بەخاڵێك، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی کاتی "جگەرەخواردنەکە" ەوە، دەشێت کاتی "جگەرەخواردن" هەندێك کات درێژ دەبێتەوە تەنانەت بۆ کاتێکی دوای بینینەکە و کاتی ئێستاش بگرێتەوە. جیاوازی لە نێوان ڕستەی یەکەم و دووەم ئەوەیە، کە دەتوانرێت نیشانەیەکی گونجاو لە شێوەی "وا"،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کە وەك (V -ing)، ڕەفتاردەکات، ئەو کات دەبینی کاتی بینین و کاتی جگەرەخواردنەکە بە شێوەیەکی کەرتی دەچنە سەر یەك و هاوکات دەبن.

### 1.3.4 نیشانەی تێنسەکان و کردەوەی گەردانکردن

دەتوانرێت تێنس بە چەند ڕێگەیەکەوە جەختی لەسەربکرێتەوە، (ا) بەکارهێنانی فۆڕمی کارێکی دیاریکراو، (ب) فۆڕمی گەردانکراوی کاری سەرەکی، و (ج) بنیاتی فرە-وشەیی، یان هەردوو پێکەوە. گەردانکردن دەشێت بەهۆی بەکارهێنانی پێشگر و پاشگرەکانەوە بێت، بۆ نمونە، لە زمانی ئینگلیزیدا ed- کۆتایی کارەکان تێنسی ڕابردوو نیشانەدەکات، لە کوردیدا کۆتاتییەکانی "-ا، -د، -ت، -ی، -و" تێنسی ڕابردوو نیشانەدەکەن، کە دواتر پێیاندەگوترێت نیشانەی تێنسی ڕابردوو. لە ئینگلیزیدا گۆڕینی بزوێنێك لە ناوەڕاستی وشە بە بزوێنێکی تر تا واتای وشەکە بگۆڕێت، بۆ نمونە، sing → sang وەك ئەوەی لە کارە بەهێز و تەواوەکاندا دەبینرێت، یان دوو ئەوەندەکردن، دووبارەکردنەوەی بڕگەیەك، پیتێك، یان دەنگێك بە مەبەستی بنیاتی وشەیەکی تازە، گۆڕینی واتا، یان ئاماژە بۆ تەشدیدکردنەوە یان کۆکردنەوە بکات، بنیاتی تێنس زۆر جار لەگەڵ جەختکردنەوەی کاتەگۆریەکانی کاریتر تێوەدەگلێت، بۆ نمونە، ئەسپێکت و موود، نمونەی گەردانکردنی کارەکان زۆر جار کاردانەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کاتەگۆریەکان سەبارەت بە "بکەر (بەرکار)، سەبارەت بە کەس، ژمارە، و ڕەگەز"ی لێدەکەوێتەوە، بۆیە، هەموو جارێك بە تەواوی چاوەڕوانکراو نییە بە ئاسانی ڕەگەزەکان دیاریبکەین، بۆ نمونە، دیاریکردنی کاتەگۆریەکی دیاریکراوی وەك "تێنس"، لە ئەوەکانی تر پشتبەستوو بە فۆڕم لەسەر وەستانی دەوێت.

لە هەندێك زماندا زانیاری تینس، ئەسپێکت و مووديش لەسەر ناوەکان نیشانە دەکرێن. ئەوە دەشێت پێی بگوترێت TAM، ئەو زمانانەی، کە تێنسی ڕێزمانیان نییە، بۆ نمونە، چینی، کە ئاماژەکردنی کاتی بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی واتای فەرهەنگیەوە لە مەودا یان بەهۆی ئاوەڵکار، فرێزی کاتی، و هەروەها ... دەردەبڕێن. زانیاری کاتی هەندێ کجار وەك فیچەری ناسەرەکی دەگوازرێتەوە بەهۆی نیشانەی کاتەگۆریەکانی ترەوە. ئەوە وەك لە نیشانەی ئەسپێکتی سینی le و gua، کە لە زۆر باردا کاتی کردەوەیەك لە ڕابردوودا دادەنێن. بەو پێیە زۆر زانیاری سەبارەت بە "کات بەشێوەیەکی ژێرەکی، بە هۆی دەقەوە دەگوازرێنەوە. بۆیە زۆر جار زەرور نییە، زانیاریەکان بەهۆی تێنسەکانەوە لە سەرچاوەکەوە بگوازرێنەوە. کاتێك وەرگێڕان دەکرێت لە زمانێکی تێنسیەوە بۆ بێتێنسی، بە شێوەیەکی ژێرخانی نا-ئاشکرا لە زمانی دەستنیشانکراوەوە.

### 1.3.5 تێنس و نیشانکارەکان tense and deixis

نیشانکار، وەك بەکارهێنانی وشەیەك تا گوزارشت لە واتایەکی ڕێژەیی پەیوەندیدار بە کات و شوێنی قسەکردنەوە بکات، بۆ نمونە، "ئێستا"، "ئێرە" و "ئەوێ". لە زانستی زماندا دەگوترێت، کە ئەوانە ئاماژە بۆ ئەو وشە و فرێزانە دەکەن کە بەتەواوی ناتوانرێت بەبێ-نەزانین و بەبێ زانیاری دەقی زیادە واتای پێویست بگوازنەوە. هەندێك وشە نیشانکارین، ئەگەر واتای سیمانتیکیان جێگیرکرابوو، بەڵام واتای نیشانکارەکەیان بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێت، ئەو وشە و فرێزانەی پێویستیان بە زانیاری دەقی هەیە تا واتا بگوازنەوە، بۆ نمونە، "ئێستا"، و "ئێرە" لە کات و شوێنی تردا دەبن بە "دوێنێ"، و "ئەوێ"، لە لایەکی ترەوە بریتییە لە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەرکی باری سەرنج یان دیاریکردن لە دیدی هاوبەشەکانەوە لە کردەیەکی قسەکردن یان نوسیندا. ئەوە بەلای Lyons: (1977:637) "دانان و دیاریکردنی "کەس"، "شت"، "بابەت"، "پرۆسە" و "چالاکیەکان"، کە قسەیان لەباوە دەکرێت، یان ئاماژەیان بۆ دەکرێت، سەبارەت بە دەقی "جێگەیی-کاتی" و "درێژخایەن" بەهۆی کردەوە، ڕەفتاری دەقیی و هاوبەشەکان لە وێدا، بە شێوەیەکی نمونەیی، قسەکەرێکی تاك و بەلایەنی کەمەوە یەك گوێگر پێویستن". کەواتە تێنس کاتەگۆریەکی ئیشانکارییە. هەروەك چۆن "ناو" یان "ڕاناو" ئاماژە بۆ شت یان کەس دەکەن، تێنسیش ئەرکی ئاماژەکردن و دانانی بارودۆخ لە کاتدا دەبینێت، بۆ نمونە لە

(أ) بە قادرم وتبوو، کە پارەکەم بۆ بهێنێت.

ڕستەی ناسەرەکی "پارەکەم بۆ بهێنێت" کاتی بارودۆخەکە لە ئایندەدا دادەنێت، دیارە، ئەوەش پەیوەست بە کاتی دەربڕینەکەوەیە، قسەکەر باس لە ڕابوردوو دەکات، بۆیە ناکرێت پەیوەست بە خاڵی قسەکردنەوە دیاریبکرێت. ڕستەیەکی باو، کە لە لایەن زۆر لە زمانەوانەکانەوە بەکار دەهێنرێت، بۆ نمونە، Bache (1985:19) و ( Comrie (1976:3 "جۆن دەیخوێندەوە، کاتێك چومە ژورەوە"، هەندێك پەیوەندی کاتی نا-ئیشاری لە نێوان "دەیخوێندەوە و چوونە ژورەوە"دا هەیە، بەلای Bache ەوە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کە دەتوانرێت پەیوەندیەك لە نێوان بارودۆخەکاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە نیشانکارەکاندا سەبارەت بە کاتی حازر بنیاتبنرێت، ئەوە ئەو حاڵەتەیە، کە ئاماژەکردنی کاتی نیشاندان deictic time reference ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیدار بە شێوەیەکی دوولایەنە هێشتا خراپە، و بەڕونی توانای لێکجیاکردنەویان نییە. سیستێمی نیشانکاری "سیستێمێکە، کە بونەوەرەکان بە خاڵی ئاماژەکردنەوە دەبەستێتەوە" ( Comrie 1976:14 )

## 1.3.6 تێنسە پەیوەندیەکان:

بریتین لە کارە یاریدەدەرەکان، بۆ نمونە، "بوون"، و "کردن" و ئەوانەش، کە بەتەنها ناتوانن باسی بارودۆخی دیاریکراو بکەن، بۆ نمونە، "دووبارە بوونەوە، دەرکەوتن، بەدەنگەوە هاتن، و سەیرکردن"، یان هەندێك کاری تری پەیوەندی بۆنە: "لەخۆگرتن، گرتنەوە، تێدابوون، سەربە — بوون". کارە جێگیرەکان: "باوەڕبوون، زانین، خۆشەویستی" و کارە داینامیکیەکان: کە ئەوانەش لە ناو خۆیاندا دەکرێن بەچەند بەشێکەوە: یەکەم، یەکلایکەرەوە conclusive، بۆ نمونە، "نوسین و تەواوکردن" ئەو کارانەن، کە فۆرمی پرۆگرێسڤیان دەوێت و لەگەڵ فۆرمی پێرفێکتدا دەگونجێن، بۆ نمونە، "لە X ساڵ"دا ڕوودەدەن. نا-یەکلاییکەرەوە، بۆ نمونە، "چاوەڕوانکردن، بردنەوەی یاری، سەرکەوتن بۆ سەر لوتکە" و یەکێك لە تایبەتمەندیەکانیان ئەوەیە، کە دەتوانن لە گەڵ فۆرمی نا-پرۆگرێسڤ و پێرفێکتدا ڕووبدەن، بۆ نمونە، "بۆ X ساڵ".

## 1.4 دیاردەی بەدوای یەکدا هاتنی تێنس لە ڕستەی ناسەرەکیدا

وای دانێ کە باپیر ڕستەیەکی وەك (١) دەردەبڕێت لە سەر کاتێکی وەك t دواتر کەسێکیتری وەك جۆن ڕاپۆرت لەسەر دەربڕینەکەی باپیر دەدات، لە کاتێکی وەك ′t دواتر لە کاتی tدا، بە شوێن (Ogihara 1996:69-70)

(١) (ا) باپیر: قادر نان دەخوات



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ب). جۆن: باپیر وتی "قادر نان دەخوات".

(ت). جۆن: باپیر وتی، کە قادر نانی دەخوارد.

لەبەر ئەوەی، کە (ات) ڕاپۆرتە لەسەر (۱۱) ئەوە خوێندنەوەی هاودەمی هەیە، لەوەدا، کە کاتی "نانخواردنی قادر" هاوکاتە لەگەڵ کاتی "وتنەکە"، واتە ڕاپۆرتەکەی باپیر، بەڵام دەبێت ئاماژەش بەوە بکرێت، کە کاتی "نانخواردن"ەکە لەدوای "وتن"ەکەش، ماوەیەك لەکاتدا درێژ دەبێتەوە، بۆیە "خواردن" خوێندنەوەی ڕانەبوردوو وەردەگرێت و دەشێت کاتی "وتن"ەکە وەك خاڵێك لەسەر ماوە دووری "نان خواردن"ەکە لە پێش کاتی قسەکردندا ڕوویدابێت، کاری کلۆزی تەواوکەر لە تینسی ڕانەبوردوودایە و هێشتا خوێندنەوەی هاودەمی وەردەگرێت لە (ات) دا. بە واتای ئەوەی، ئەوە ناکۆکی دروستدەکات لەگەڵ فۆڕمی "تێنس" ێك کە لەگەڵ قسەی ڕاستەوخۆ، کە لە (اب) دراوە. لە لایەکی ترەوە، ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، کە کاتی "نانخواردنی قادر" دەتوانێت هەر کاتێکی ڕابردوو بێت. (ات) ناتوانێت جەخت لەسەر ئەو بارودۆخە بکاتەوە کە "نانخواردنەکەی قادر" لەسەر کاتێك لەپێش کاتی ڕاپۆڕتەکەی (ات) بەدەست هاتبێت. بەڵکو لەدوای کاتی ڕاپۆڕتەکەی باپیر ەوە دەبێت. لەلایەکی ترەوە ناتوانین حساب بۆ لێکدانەوەی هاودەمی (ات) بکەین بەهۆی ئەو پێشنیارەوە، کە تێنسی ڕابوردوو لە تەواوکەری کاریدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕودانی ڕستەی وابەستە لە ڕابوردوودا پەیوەست بە کاتی بەشی کاری(سەرەکی) دەبێت. لەسەر ئەو پێشنیازە، ئێمە ئاسایی ئەوە دیاریدەکەین، کە کاتی "نانخواردنی قادر" لە پێش کاتی وتنەکەی باپیرەوەیە، بەڵام خاڵی کۆتاییەکەی دەکەوێتە دوای خاڵی کۆتایی "وتن" ەکەوە.

تێنسی ڕابوردووی لەخۆگیراو matrix دەتوانێت لێکدانەوەی هاودەمی وەربگرێت، کاتێك، کە کاری سەرەکی بە هەمان شێوە لە تێنسی ڕابوردوودابێت، بۆ نمونە، کاتێك، کە کاری سەرەکی لە تێنسی ڕانەبوردوودا بێت هیچ جیاوازیەك نابینین لە نێوان قسەکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا، وەك لە (۲ ب-س) دا پیشاندراوە. وابزانە، کە (۱۲) ڕاگەیاندنێکە، کە باپیر بە شیوەیەکی نەریتی دەریدەبڕێت. دواتر ئەوەی دەویسترێت ڕاپۆتی لێبدرێت وەك (۲ب) یان (۲س). دوو ڕاپۆڕت دەچنە سەریەك وەك لە (۲ب) یان وەك (۲س) دا، مادام فۆڕمی تێنس جێگەی گرنگیپێدان و مەبەستە.

(۲) (ا) باپیر: ماری ناشادە. (هاوشێوەی ڕستەکانی) Ogihara: ٦٩-٧٠ (1996-)

(ب) نازەنین: باپیر هەمیشە دەڵێت "ماری ناشادە" (س) نازەنین: باپیر هەمیشە دەڵێت، کە ماری ناشادە.

(۳) تەنها دەتوانێت لێکدانەوەی گواستنەوە وەربگرێت. باپیر لەسەر (کاتی $t'$) دا دەڵێت، کە ماری نا-شاد بوو لەسەر هەندێك کات پێشتر لە کاتی $t$. ئەوە بەهەمان شێوە کاردەکات لە زمانی ئینگلیزیشدا.

(۳). نازەنین: باپیر هەمیشە دەڵێت، کە ماری نا-شادبووە.

کاتێك کەسێك بیەوێت ڕاپورت لەسەر ئەو شتەی کەسێك دەیلێت یان وتوویەتی، یان باوەڕەکات لە هەندێك بۆنەی زوتردا بدات، خودی خۆی — دوو ڕێگا لە بەردەمیدا کراوەن، یەکێك لەوانە ڕاپۆڕتدەدات، یان دەیەوێت



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بیدات یان زیاتر کەسێك وشەکان بە پێی ئەو بارودۆخە وەردەگرێت، کە تازە وەرگیراون، کاتێك، کە لێکدانەوەی سیمانتیکی مەبەستە، ئەوە تێنسی ڕابردوو لە دەقێکی زنجیرەییدا تێنسی هاودەمییە.

(٤) (ا) باپیر: نازەنین نەخوشە.

(ب) قادر: باپیر وتی، کە نازەنین نەخۆشە.

لە قسەی ناڕاستەوخودا ئەوەی بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕستەی سەرەکییە، بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو زانیاریەیە، کە لەلایەن ڕستە سەرەکیەکەوە و بەهۆی باپیرەوە دەربڕدراوە. ئەوە واتای ئەوەیە، لە نێوان هەموو شتەکانی تردا، کە بۆ ڕووداوەکە بەهۆی کلۆزی تەواوکەرەوە دەگوازرێتەوە، و بریتییە لە کاتی وتنەکەی باپیر سەبارەت بە نەخۆشیەکەی نازەنین لە "to" دا، کە دەبێتە "کاتی قسەکردن"، بە تێڕوانینی باپیرەوە، بەو شێوەیە ئەوە پەسەند دەکرێت، کە کاری ڕستەی تەواوکەر دەبێت لە تێنسی ڕانەبوردوودا بێت بە مەبەستی لێکدانەوەی سیمانتیکی. بێشك، لەو بارانەدا تێنسی ڕانەبوردوو دەگوازرێتەوە بۆ تێنسی ڕابردوو لە دەقەکەدا چونکە ئەوە ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری تێنسی ڕابردوو لە ڕستەی سەرەکی دایە. بەڵام لەبەر ئەوەی "نەخۆشە" ستەیتیڤە، دەشێت ماوەکەی کاتی قسەکردنیش بگرێتەوە.

(٤) (ا) باپیر (ڕابردوو) وتی کە قادر (ڕانەبردوو) نەخۆشە.

(ب)باپیر (ڕابردوو) وتی، کە ماری (ڕابردوو) نەخۆش بوو.

گۆڕینی خوێندنەوەی (٤ب) لە سەر بنەمای بنیاتی قوڵ بەدەست دێت، کە لە دیاگرامی (٣) دا دراوە

(٥) باپیر"ڕابردوو" وتی کە قادر "ڕابردوو" نەخۆشە.

یاسای زنجیرەی تێنسەکان سەبارەت بە ڕەفتاری تێنسەکان بەو جۆرەی لای خوارەوە دیاریدەکرێن.

دیاگرامی (٣)




دیاگرامی سەرەوە پێماندەڵێت، کە فۆڕمی ئاستی سەرەوەی ڕستەکە هەمان شتە وەك تەرتیبی ئاستی ڕوکەشیەکەی، تا ئەو ڕادەیەی مۆڕفیمی تێنس مەبەستبێت.

### 1.5 ناوبەدنپەیوەندی لە نێوان تێنس، ئەسپێکت و موود

ناوبەند پەیوەندی لە نێوان کاتەگۆری تێنس و ئەسپێکت بەشێوەیەکە، زەحمەتە بتوانرێت هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بکێشرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت ئاوڕێك لە پێناسەی تێنس، ئەسپێکت و موود، بدەینەوە، کە لەگەڵ کاتدا مامەڵە دەکەن، و زانستی زمانی سەردەم هەر یەك لەو کاتەگۆریانە بە جیا قسەیان لەسەردەکات، Comrie (1976:10) دەڵێت، "تێنس کاتی بارودۆخی ئاماژە بۆکراو دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێك کاتی تر، کە دەکرێت ئەوە بۆ دوواوە و بۆ پێشەوە پەیوەست بەکاتی قسەکردنەوە بەڕێوەبچێت". لەکاتێکدا ئەسپێکت بریتیە لە " ڕێگای جیاواز بۆ تێڕوانین لە بنیاتی ناوەکی کاتی بارودۆخەکان"،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە سیمانتیکی ڕەسمی تەقلیدیدا، ئەوە پێشنیارکراوە، کە ڕستەیەك دەشێت ڕاست بێت یان هەڵە، پەیوەست بە کاتی هەڵسەنگاندنەوە، ئەگەر ئەو تێڕوانینە وەربگرین، مۆڕفێمی تێنس دەتوانرێت وەك هەر یەکەیەکی دەربڕین(واتە، کەرەستەی زمان) لەبەرچاو بگیرێت، کە کار دەکاتە سەر بڕیاردان سەبارەت بە پێدان و خەملاندنی کات بۆ ڕستەیەك بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی پێشبینیکراو بگۆڕدرێت. لە لایەکی ترەوە مۆڕفێمی ئەسپێکت[9] کاردەکاتە سەر خودی "ناوەرۆکی پێشبینیکراو"، ئەگەرچی پێناسەکان هەندێك ئاڵۆزن، بەڵام یارمەتیمان دەدەن سەبارەت بەوەی ئایا مۆرفێمی دیاریکراو مۆرفێمی تێنسە یان ئەسپێکت، لە کۆتایدا دەکرێت هەردووکیانبن، چونکە هەڵبژاردنی دانەیەکیان جگە لە ئەوەکەی تر دەکەوێتە سەر نیەتی قسەکەر. palmer باس لە موود دەکات. دەڵێت، کە موود "بەشێوەیەکی فۆڕمی پەیوەندی لەگەڵ تێنسدا هەیە، ئەسپێکت، کارابزر و کارا دیار پەیوەندی لەگەڵ سیستێمی کاری زمانەکەدا هەیە ... سیستێمی مودالی زوربەی زمانە باوەکان بەشێوەیەکی سیمانتکی بەتەنها یان بەشێوەیەکی بنچینەیی پەیوەندیان بە کارەکەوە نییە، بەڵکو بە هەموو ڕستەکەوە" (Palmer 1986:2). تێنس کاتەگۆریەکی ڕێزمانییە و پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، ئەسپێکت کاتەگۆریەکی ڕیزمانییە و پەیوەندی بە باری سەرنجی قسەکەروەوە هەیە، سەبارەت بە کردەوەیەکی دیاریکراو لە دونیای هەقیقەتدا، "موود کاتەگۆریەکی ڕێزمانییە پەیوەندی بە بەڵێنی قسەکەرەوە هەیە لە بواری حاڵەتێکی واقیعی ئەو شتەی، کە دەڵێت (دڵنیایی تەواو، دڵنایی یان گومانکردن" (Lyons: 1968:307). ئەوانە لەسەر بنەمای ڕێزمانی سینتاکتیکی لێکجیا دەکرێنەوە، تێنس و ئەسپێکت بە هۆی گەردانی کارەکانەوە بەئەنجام دەگەیەنرێن، موود بە ڕێگەی گۆڕانی کارەکان و کارە مۆدالەکانەوە، بۆ نمونە، پێویست بوون، شایان بوون، ئارەزووکردن، ویستن، و هەروەها موود بە شێوەیەکی گشتی دەکرێن بە سێ بەشەوە، هەواڵی indicative[10] مەرجی، subjunctive، و فەرمانی -imperative، و کوردی سیستێمی موود بەخۆوەدەگرێت. ئەو خاڵانەی خوارەوە ناوبەند پەیوەندی لە نێوان تێنس و ئەسپێکتدا زیاتر دەردەخەن:

(١) بەشێوەیەکی مۆڕفۆلۆجی سیغەی هەواڵی بەهیچ ڕێگایەکی دیاریکراوەوە دیاری ناکرێت، هەموو فۆڕمی تێنسەکان لە سەر هەمان فۆڕمی کاتی سیغەی مۆدالن. (Rubenchik: 1971:89).

(٢) نمونەی فەرمانی لە بنیاتی زمانی کوردی بۆ کەسی دووەم لەگەڵ نمونەی نا-ڕابوردووی مەرجیدا دەچنە سەریەك، فەرمانی بە هەمان شێوەی نا-ڕابوردووی مەرجیەوە بنیاتدەنرێت.

(٣) هەڵبژاردنی هەواڵی، یان مەرجی پشت بە پلەی بەڵێنی قسەکەر نابەستێت بۆ ئەو هەقیقەتەی، کە دەوترێت/وتراووە، (Sutten (1963:91 ئەوە دیاریدەکات، کە مەرجی "بە شێوەیەکی سەرکی لە کلۆزی

---

[9] ئێمە کە دەڵێین ناوبەند پەیوەندی لە نێوان تێنس و ئەسپێکتدا بەشێوەیەکە، کە دانانی سنور لەنێوان ئەو دووانەدا زەحمەتە مەبەست ئەوەیە، کە وشەیەکی دیاریکراو دەکرێت لە دوو باری سەرنجەوە لێکبدرێتەوە، بۆ نمونە، "کوشت" لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە ئیمپێرفێکتی ڕانەبردووە، "ت" وەك نیشانەی پێرفێکتیف بۆ ڕابردوو سەیردەکرێت، لەکاتێکدا، لە باری سەرنجی تێنسەوە، وەك تێنسی ڕابردوو مامەڵە دەکرێت و زانیاریەك، کە لە مۆرفێمی "ت" وە پێمان دەگات، پێماندەڵێت، کە کارەکە لە تێنسی ڕابردوودایە، و "ت" وەك نیشانەی تێنسی ڕابردوو مامەڵە دەکرێت.

[10] بریتیە لە سیغەی کار لە ڕستەی پرسیاری یان هەواڵی تا ئەوە ڕونبکاتەوە، کە کارەکە هەقیقەتێکی بابەتیە و تەنها شتێکی چاوڕواکراو ئەوە نییە لە مێشکی کەسەکاندا بێت و بەس، IMPERATIVE مەبەست لە سیغەی فەرمانی ئەوەیە، کە لە ڕستەی دیاریکراودا کاری سەرەکی کاری فەرمانییە. سیغەی مەرجیش بریتییە لەو ڕستەی، کە چاوەڕوانکردن و سیغەی پێشنیاریکراو لە ڕستەکەدا ڕاستە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناسەرەکیدا کورتدەبێتەوە"، لە کاتێکدا نا-مەرجیەکان بەشێوەیەکی سەرکی لە سەر کلۆزی سەرکی کورتدەبنەوە".

(٤) دەتوانرێت هەموو کارە فەرمانیەکان لە ڕستەی ئالۆزەوە هەڵێنجرێن، کە لێوەی بیری فەرمانی سەرهەڵدەدات، فۆڕمی کاری فەرمانی لەگەڵ نا-ڕابوردووی مەرجی دەچنەسەریەك، و فۆڕمەکانی کاری نا-ڕابوردووی مەرجی وەك فۆڕمی کاری مەرجی پێرفێکت بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کلۆزی ناسەرەکی کورتدەبنەوە.

(٥) وەك Lyons (1968:307) سەرنجی داووە، "جیاوازی لە نێوان فەرماندان و بنیاتنانی دەربڕینەکان زەحمەتە بەتەواوی دیاریبکرێن"، بۆ نمونە، لە زمانی کوردیدا ڕستەیەکی وەك "من دەمەوێت بێیت بۆ ئێرە" ئاسایی وەك ڕستەیەکی هەواڵی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، و دەربڕینی هاوتا، لە دەقی ڕاستدا، وا دێتە زانین وەك ئەوەی کە فەرمان دەربڕێت، هیچی کەمتر نییە لە فەرمانی، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك "وەرە بۆ ئێرە!" کەواتە، (ا) کوردی وەك فارسی سیستێمی کاری مۆدالی هەیە، لە بری سیستێمی موود. (ب) موود، تێنس و ئەسپێکت کاتەگۆری لێکجیان و ئەم باسە دەتوانێت لەسەر لێکدانەوەی سیمانتیکی کاتەگۆریەکانی ئەسپێکت و تێنسەوە دەستپێبکات[11].

ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ لە کوردیدا، وەك ئینگلیزی بە شێوەیەکی حەدەسی وەریدەگریت، زمانەوانە ئینگلیزەکان کۆك نین سەبارەت بەوەی، کە ئایا پێرفێکتی ئینگلیزی نیشانەی تێنسە یان ئەسپێکت ، بەلای Ogihara ەوە شتێك، کە ڕون نەبێت ئەوەیە، کە لە نێوان واتای ڕابردووی سادە و واتای ئەسپێکتی، لە ڕوانگەیەکەوە پێرفێکت لە ڕابردووی سادە دەچێت، لەوەدا، کە کاردەکات، تا ڕوداوێك لە ڕابوردوودا دانێت پەیوەست بە کاتی قسەکردن، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو بنیاتەدا هەیە، پێرفێکت هەمیشە مامەڵە دەکرێت وەك ئەوەی بنیاتێکی ئەسپێکتی بێت. Comrie (1976:10) دەڵێت، ڕستەی ڕانەبردووی پێرفێکت جۆرێکە لە "پەیوەندی هەنووکەیی ڕوداوەکە، یان بارودۆخەکە بەهۆی ڕستەکەوە دیاریدەکرێت".

(٦) (ا) باپیر کتێبەکەی ونکردووە John has lost his book

(ا) تەنها ئەوە پیشاننادات، کە جۆن کتێبەکەی ونکردووە، بەڵکو ئەوەشە، کە کتێبەکە تا ئەم کاتە نەدۆزراوەتەوە بە هۆی ئەو پەیوەندیە بە ئێستایەتیەوە، خوێندنەوەی ڕانەبردووی پێرفێکت پێویستە، لە کلۆزی تێنسیدا. پێرفێکت بە هۆی ئەو هەقیقەتەوە دیاریکراوە، کە ڕێگە بە پێکەوە ڕودانی ئاوەڵگارەکان نادات، کە ئاماژە بۆ ماوەی ڕابردووی دیاریکراو دەکات، بۆ نمونە، دوێنێ، شەوی ڕابردوو، دوو ساڵ پێش ئێستا و هەروەها. ئەوانەی خوارەوە "ا " و "ب" ڕێزمانین لە کاتێکدا "س" و "د" نا.

(٦). (ا) باپیر پێرێ شەو کتێبەکەی ونکرد.

(ب). باپیر دوو ساڵە زانکۆی تەواوکردووە. شەهادەکەی پێیە وەك بەرهەمی چەندساڵەی ...

(س) ؟باپیر دوێنێ شەو کتێبەکەی ونکردووە

[11] ئەم باسە کەمتر ئاوڕ لە لێکدانەوە و موناقەشەی سیستێمی مودال ناداتەوە، چونکە، لێکۆڵینەوە لە کارە مۆدالەکان ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەم باسەوە، دووەم کەسانی تر دەشێت لە باری سیمانتیك و سینتاکتیکی فیەچەرەکانی ئەو کارانەوە دوابن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(د) ؟جۆن دوو ساڵ پێش ئێستا کتێبەکەی ونکردووە.

بە لێکدانەوەیەك پێرفێکت بەشێوەیەکی سیمانتیکی وەك لێکدانەوەی ڕابردووی سادەیە، زۆر لە فۆڕمەکانی پێرفێکت بە پێچەوانەی ڕانەبوردووی پێرفێکت لە کلۆزی تێنسیدا دەتوانێت لە گەڵ ئاوەڵکاری کاتیدا ڕوبدەن، کە ئاماژە دەکات بۆ ماوەی ڕابردووی سادە.

(٧) (ا) باپیر وتی " من بیتاقەکەم ونکرد". (ب) باپیر وتی " من بیتاقەکەم ونکردووە".

(س) باپیر وتی، کە بیتاقەکەی ونکردبوو.

(١٧) بەحوکمی پێناسە دەتوانێت تەنها لێکدانەوەی ڕابوردووی سادەمان هەبێت، (٧ب) تەنها لێکدانەوەی ئەسپێکتی وەردەگرێت، چونکە ئەوە کلۆزێکی دیاریکراوە لە ڕانەبوردووی پێرفێکتدا، بەو جۆرە، (٧س) وا دەبینین، کە ئاڵۆز بێت لە نێوان لێکدانەوەی ئەسپێکتی و ڕابردووی سادەدا. ڕابوردووی پێرفێکت دەتوانرێت لە گفتوگۆی دورودرێژدا بەکاربهێنرێت. Ogihara (1996:17) باس لە مۆرفێمەکانی تێنس و ڕۆڵیان لە زمانی ئینگلیزی و یابانیدا بەو شێوەیە دەکات:

(أ) مۆرفێمەکانی تێنس لە خزمەتی پێشکەشکردنی کاتیی کارەکاندان.

(ب) بۆ هەر مۆرفێمێکی تێنس، دەتوانرێت کاتێکی ئاماژەکردن بە شێوەیەکی ئیختیاری پێشکەشبکرێت، و ئەوە بەشێوەیەکی ژێرخانی دەتوانرێت بێتەدی (بە هۆی دەقی گونجاو /کاتی ئاماژەکردن) یان بە شێوەیەکی ئاشکرا (بە هۆی ئاوەڵکارێکی دیار)ەوە.

## 2.0 تیۆریە تێنسەکان

### 2.1 ڕێبازی Reichenbach بۆ لێکدانەوەی تێنسەکان

ئەوەی، کە لە زماندا باوە و زمانەوانەکان پەیڕەوی دەکەن ئەوەیە، کە تێنس لە بواری لێکدانەوەی سیمانتیکەوە لەبەرچاودەگیرێت، و جۆرێك لە لێکدانەوە، کە زۆر باو و بەربڵاوە ئەوە ئەوەیە، کە لە لایەن Reichenbach ەوە پێشنیارکراوە، تیۆریەکەی Reichenbach تەنها سێ خاڵی کاتی لەخۆ دەکرێت، بۆ نمونە، E, S, و R و پەیوەندی کاتی "لە پێشتری، دواتری و هەمانکاتی[١٢]" لەخۆدەگرن.

(أ) S ئاماژەیە بۆ کاتی قسەکردن: Speech time

(ب) E بۆ کاتی ڕوددان: Event occarence

(ت) R ئاماژەیە بۆ کاتی ئاماژەکردن Reference time

Reichenbach ئەو لێکدانەوانانەی لای خوارەوە لە ئینگلیزیدا دیاریدەکات:

(ا) ڕابوردووی سادە باپیر ڕۆیشت. E,R --------------S

(ب) ڕانەبوردووی پێرفێکت باپیر ڕۆیشتووە. E---------------R,S

[١٢] دوو وشەمان هەن سەبارەت بە "چوونە سەریەك-overlap" و "لەهەمانکاتدا ڕودان"، قسەیان لەسەرە، بۆ نمونە، زمانەوان Comrie (1981:24) یەکەمیان بە شیاوتر دەزانێت وەك لە دووەمیان، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك "جۆن گۆرانی دەڵێت واتای ئەوە نادات کە گۆرانیەکەی جۆن بەتەواوی لەگەڵ کاتی قسەکردندا پێکەوە دەچنە سەریەك ، بەڵکو زیاتر ڕوداو و خاڵی قسەکردن دەچنەسەریەك.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەلای Reichenbach ەوە ئاینده کە بە هۆی "will" ەوە نیشانەدەکرێت، دوو لایەنە لە نێوان دوو لێکدانەوەدا:

S,R -------------E

(أ) S--------------- R,E

دواتر Reichenbach دەگاتە پوختەیەك لە سەر بنچینەی سەرنج و تێڕوانینەکان، دەڵێت ئاوەڵکاری کاتی ڕانەبوردوو و ئاوەڵکاری کاتی ئاینده دەتوانێت پەیوەندی هەبێت لە گەڵ بنیاتی کارەکاندا:

(ا) ئێستا پێویستە بڕۆم = Now I shall go

(ب) پێویستە بەیانی بڕۆم = I shall go tomorrow

لەو دەربڕینانەی سەرەوەدا ئاوەڵکاری کاتی وتراوە تا شوێنی R دیاریبکات. بەڵام وەك Hornsten (1977) لە (Haegeman: 1987: 303) ەوە، پیشانی دەدات، کە ئەو سنوردارکردنە ناتوانێت بەردەوامبێت. ئاوەڵکاری کاتی ڕانەبوردوو و لەگەڵ هەندێك کەرەستەی زمانیتر لەکوردیدا دەتوانن جێگەی Will ی ئینگلیزیبگرنەوە.

- ئێستا ئێمە لە کۆتایی مانگدا هیچ سوتەمەنیەکمان نەماووە.

لە کوردیدا دەربڕینی "دەمەوێت کە" یان "دەڕۆم بۆ = I am going to"، ڕێگە بە هەمان ئاوەڵکارە دیاریکراوەکان دەدا، تا ڕوبدەن:

(ا) ئێستا دەمەوێت بڕۆم.

(ب) دەمەوێت بەیانی بڕۆم.

ئەو لێکدانەوانانەی لە خوارەوە پیشاندەدرێن لەگەڵ "دەمەوێت" کە

(ا) دەمەوێ باپیر ببینم S,R, --------E

(ب) دەبێت باپیر ببینم S ----------- R,E

Reichenbach باس لە نمونەیەك لە ڕابوردووی پێرفێکت لە ئینگلیزیدا دەکات، و ئەڵێت:

ڕێگەم بدە خاڵی کاتی ڕەمز ناوبنێین بە خاڵی قسەکردن (...) لە ڕستەیەکەوە، بۆ نمونە، "پێتەر ڕۆیشتووە" ئێمە دەبینین کە کاتی ڕێکخستن کە لە تێنسەکەدا دەربڕاووە یەك ڕوداو پێشاننادات، بەڵکوو دوو ڕووداو، کە شوێنەکانیان لە بواری خاڵی قسەکردنەوە دیاریدەکرێن، ئێمە دەبێت بەو خاڵی کاتانە بڵێن خاڵی ڕووداو و کاتی ئاماژەکردن. لە نمونەکەدا خاڵی ڕوداو ئەو کاتەیە کاتێك "پێتەر ڕۆیشت"، خاڵی ئاماژەکردن کاتێکە لە نێوان ئەو خاڵە و خاڵی قسەکردن. لە ڕستەیەکی کەسی وەك ئەوەی سەرەوەدا، ئەوە ڕوون نییە چ کاتێك وەك خاڵی ئاماژەکردن بەکاردەهێنرێت. ئەو دیاریکردنە زیاتر بەهۆی دەقی قسەکردنەوە دراوە. (1947:288 : Reichenbach)

ئەوەی سەرەوە دەکرێت بەهۆی دیاگرامی (٥) ەوە دەربڕدرێت. دیاگرامی (٥)




لە نەخشەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە هەر ڕوداوێك لە پێش خاڵی ئاماژەکردنەوە ڕوبدات ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی پێرفێکت. بە مەبەستی فراوانکردنی کارەکەی و پیشاندانی ئەوەی سێ خاڵ، E,R و S



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەیوەندیدارن بۆ هەردانەیەك لەو تێنسانە نەك تەنها بۆ تێنسەكانی، وەك ڕابوردووی پێرفێكت، یان ئایندەی پێرفێكت، و دەڵێت:

"لە هەندێك تێنسدا، دوو لەو خاڵانە هاوكاتن. بەو شێوەیە لە رابردووی سادەدا، خاڵی ڕودان و خاڵی ئاماژەكردن هاوكاتن، و هەردوكیان لەپێش خاڵی قسەكردنەوەن ... ئەوەی ڕابردووی سادە لە ڕانەبردووی پێرفێكت جیادەكاتەوە، لە دەربڕینی " من چالیسم دیووە"، ڕوداوەكە هەروەها لە پێش خاڵی قسەكردنەوەیە، بەڵام ئەوەی ئاماژەی بۆ كراوە بۆ خاڵێك هاوكاتە لەگەڵ خاڵی قسەكردن، واتا، خاڵی قسەكردن و خاڵی ئاماژەكردن دەچنەسەریەك(...) دەبینین كە پێوەیستمان بە سێ خالی ڕوداو دەبێت بۆ جیاكردنەوەی تێنسەكان، كە لە تێرمی ڕووكەش، وا دەبینرێت وەك ئەوەی تەنها دوو خاڵ لەبەرچاوبگیرێن. گرفتەكان، كە كتێبە ڕێزمانییەكان لە لێكدانەوەی واتای تێنسە جیاوازەكاندا هەیانە، لەو هەقیقەتەوە سەرهەڵدەدات، كە ئەوان دان بە بنیاتی سێ شوێنی دیاریكردنی كاتدا دانانێن، كە لەو تێنسانەدا دراوە" (1974:289-290)

بەگشتی Rechenbach بەو شێوەیەی لای خوارەوە دابەشكردنەكە دەكات: لێرەدا R پەیوەندیدارە بە S وە، ئەوەش بە هۆی وشەكانی "ڕابوردوو"، "ڕانەبوردوو"، "ئایندە"وە جەختی لەسەردەكرێتەوە، دانانی E پەیوەندیدار بە R وە بە هۆی وشەكانی پێشتری، كاتی قسەكردن، و دواتریەوە جەختی لەسەردەكرێتەوە، وشەی "سادە" بەكاردەهێنرێت تا R و E بچنەسەریەك واتە پێكەوە ڕووبدەن.

| | | |
|---|---|---|
| ڕابوردووی پێرفێكت | من نوسیبووم | E--R--S |
| ڕابوردووی سادە | من نوسیم | E,R --S |
| | | R-- E--S |
| (مەرجی)/ڕابوردووی پێشتری | ویستم بنوسم | R--E,S |
| | | R--S--E |
| ڕانەبوردووی پێرفێكت، دواتری | من نوسیوومە | E—S,R |
| ڕانەبوردووی سادە | من دەنوسم | S,R,E |
| | | S—E—R |
| داهاتوی پێرفێكت | I will have done it | S,E--R |
| | | E—S—R |
| | | S—R—E |
| ئایندە | I will do it | S—R,E |
| | | S—R—E |

لە (1986: 307) Declerckەوە

## 2.2 تیۆری Comrie بۆ تێنس:

بەلای Comrie یەوە پەیوەندی كاتی بریتین لە هاوكاتی، پێشتری و دواتری و دەتوانرێت بە كورتی تیۆریەك بەو شێوەیەی لای خوارەوە بخرێتە پێش چاو.

| | | |
|---|---|---|
| تێنسی ڕانەبردوو | S,E | S هاوكاتە لەگەڵ E |
| تێنسی ڕابردوو | E----S | E لەپێش S دوەیە |
| تێنسی ئایندە | S----E | E لەدوای S دوەیە |



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەلای Comrie یەوە بە مەبەستی دیاریکردنی تێنسی تر، خاڵێکیتر زەرورە، بۆ نمونە،

پلوپێرفێکت/ڕابردوو لە ڕابردودا E---R---- S E لە پێش R لە پێش S

ئایندەی پێرفێکت S ---- R ---- E E لە دوای R لەدوای S

مەرجی S---- R----E E لەدوای R لە دوای S

بۆ پێشکەشکردنی تێنسی ئالۆز تر، بۆ نمونە لە مەرجی پێرفێکتیی ئینگلیزی خاڵی کاتیی ئاماژەکردنێکت پێویستە: - E لە پێش R1 لە دوای R2 لە پێش S

### 2.3 تیۆری تێنسی Declerck

دەکرێت بەکورتی تیۆریەکەی لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە

(١) Declerck جیاوازی لە نێوان خاڵی کات time point و ماوە دووری interval دەکات، کە سەرچاوەی ئاوەڵکاری کاتییە، — "کاتی ئاماژە بۆ کراو" (لێرەوە .T.R)، و خاڵی کاتێك یان ماوە، کە کاردەکات وەك کاتی ئاماژەکردن یان ئاراستەکردن بۆ دیاریکردن و دانانی بارودۆخ لە کاتدا. "کاتی ئاراستەکردن"، (لێرەوە.T. O)، جیاوازی لە نێوان دوو بیری T.R و T.O وا وەرناگیرێت تا واتای ئەوە بدات، کە ئەوانە لەیەکتر دووردەکەونەوە. لە واقیعدا لە زۆر حاڵەتدا ئەو کاتەی، کە وەك T.O کاردەکات بۆ بەکارهێنانی تێنسێك لە هەمان کاتدا .T.R یشە، بەو شێوەیە، لە "کاتێك لە سەعات پێنج دا ڕۆیشتین جۆن پێشتر ڕۆیشتبوو"خاڵی ئەو کاتەی بە هۆی "لە سەعات پێنج دا" ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەوە هەردوو "کاتی ئاراستەکردن T.O" ە، بە واتای ئەوەی کاتی پەیوەنیدار، کە کاتی بارودۆخەکە دادەنێت، و ئەو کاتەی ئاماژەی بۆ دەکرێت (.T. R)، چونکە بە هۆی ئاوەڵکاری کاتەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت "لە سەعات پێنج دا"

(٢) تیۆری تێنسەکەی Declerck وەك ئەوەکەی Reichenbach و پێچەوانەی Comrie لەسەر ئەو پێشنیارە دامەزراوە، کە بەلانی کەمەوە سێ خاڵی کات: کاتی ڕودان، کاتی قسەکردن، و دانەیەك خاڵی ئاماژەکردن پێویستن، تا هەر تێنسێکی زمانی دیاریکراو دیاری بکرێت.

(٣) ڕێبازەکەی Declerck بۆ تێنس لە تیوریەکەی Reichenbach جیاوازە، بۆ نمونە، بۆ ئەو قوتابخانەیە (خاڵی قسەکردن) "S" خاڵی ئاماژەکردن نییە وەك هەر خاڵێکی تری ئاماژەکردن، بەلای Declerck ەوە، "S" یان T.U (کاتی دەربڕین) بریتییە لە بنەمای T.O "پێویستە ئێمە لایەنگیری بکەین... بۆ داواکەی Prior کە ئاماژەکردنی سەرەکی بریتییە لە خاڵی قسەکردن، (Declerck 1986:310).

(٤) بە پێچەوانەی Reichenbach و Comrie یەوە، Declerck تێنسی پەوەندیداری "ڕابوردووی پێرفێکت"، "ئایندەی پێرفێکت" و "ئایندە لە ڕابووردوودا" لە بواری چوار خاڵی کاتدا دیاریدەکان، T.S (کاتی بارودۆخ)، ( T.O.1 T.O2 و .T.U ) لە بری سێ خاڵی کات. ئەوە دەتوانرێت بە هۆی ئەو ڕستەیەی لای خوارەوە وەسفبکرێت، "جۆن لە <u>سەعات پێنج</u> دا ڕۆیشت، ئەوەکانی تر لە <u>سەعات چواردا</u> ڕۆیشتبوون".



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەو ڕستەیەدا دوو بارودۆخ ئاماژەیان بۆکراوە، و هەردوولا بەوردی لەکاتدا دیاریکراون: " جۆن لە سەعات پێنج دا ڕۆیشتووە و ئەوەکانی تر لە سەعات چواردا ڕۆیشتوون". ئەوە واتای ئەوەیە، کە T.S.1 (ئەو کاتە وەردەگیرێت، کە بەهۆی ڕۆیشتنی ئەوەکانی تر) ەوە دیاریدەکرێت، وەك ئەوەی هاوکاتبێت لەگەڵ T.R.2 دا، (سەعات چوار) لەکاتێکدا T.S.2 (ئەو کاتەی بە هۆی ڕۆیشتنەکەی جۆنەوە وەردەگیرێت) دیاریدەکرێت وەك هاوکات لەگەڵ T.R.2 دا(سەعات پێنج. (Decleck 1986: 321)

بەکورتی بەلای Declerck ەوە سیستێمەکەی Comrie سێ خاڵی لاواز لەخۆدەگرێت: یەکەم، کاتی قسەکردنی وا دانەناوە وەك تەنها یەکەم خاڵی ئاماژەکردن بێت، بە واتایەکی تر، ئەوە جیاوازیەکی دیار لە نێوان خاڵ یان خاڵەکانی ئاماژەکردن و خاڵی قسەکردنی دروستدەکات. دووەم، ئەوە وەسفی تێنسە تەواوەکان absolute tenses دەکات (تێنسی ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، و داهاتوو) لە بواری تەنها دوو خاڵدا ، E and S ، بە واتایەکیتر، ئەوە لەدەرەوەی خاڵی ئاماژەکردنەوە بەجێدێڵێت وەك ناپێویستی بۆ دیاریکردنی تێنسە تەواوەکان. و لە کۆتایدا، پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ئەوەی پێرفێکت لە ڕابردوو جیادەکاتەوە، ئەوە بیری ئەسپێکتی پەیوەندی بە کاتی ئێستاوە هەیە لەبری ئەو ڕێگایەی هەریەك لەو تێنسانەی کاتی بارودۆخەکان لە کاتدا دیاریدەکەن.

## 2.4 سیستێمی تێنس لە کوردیدا

لەم باسەدا، دوو زاراوەی سیستێمی تێنسی کوردی بەکار دەهێنین، بە واتای ئەوەی، ڕابوردوو و نا-ڕابوردوو، بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆجی بە هۆی ئامادە بوون و نەبوونی نیشانەکانی تێنسەوە لەسەر فۆرمی دیاریکراو ئەو دوو تێنسە لێکجیادەکەینەوە، ئەو نیشانانە بریتین لە "-ت، -ا، -د، -وو، -ی، و دە- کە بە D ناویان دەبەین ". دەچنە سەر ڕەگی کار و "تێنسی ڕابوردوو" وەك فۆرمی تێنسی دیاریکراو بەرهەم دێنن، لە کاتێکدا نیشانەی ئیمپێرفێکتی "دە-" دەچێتە سەر قەدی کار و فۆرمی"تێنسی نا-ڕابوردوو" وەك دیارینەکراو بنیاتدەنرێت. دیارە، ئەوەش پشت بە دەقی فۆنۆلۆجیکی کاری دیاریکراو و ئەو کەرەستانە دەبەستێت، کە لە دەربڕینەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەوەی پێی دەگوترێت نیشانەکانی فەرمانی/مەرجی be/o لە هەقیقەتدا نیشانەی پێرفێکتیڤن. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو هەقیقەتە ئەوەیە، کە ئەرکی هەقیقی و سەرەکی -be ئەوە نیشانەکردنی پێرفێکتیڤە، و هیچ هۆکارێکی سەلمێنەریش لەئارادا نییە باوەڕمان وابێت، کە ئەرکی نیشانەی be- گۆڕابێت لە دەربڕینە پێرفێکتیڤیەکاندا بۆ دەربڕینی ئیمپێرفێکتیڤیتی، پێرفێکتیڤی نا-ڕابردو، دەتوانرێت لە هەردوو کلۆزی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ بەکاربهێنرێت، گەرچی بە شێوەیەکی سەرەکی لە کلۆزی نا-سەرەکیدا ڕوودەدات.

کاتێك باسی تێنس دەکەیت دەبێت لە دوو سەرەوە ئاوڕی لێبدەیتەوە، یەکەم وەسفکردنی سیستێمی تێنس، بەواتای ئەوەی بەڕێزمانیکردنی بیری سیمانتیکی پێشتری، دواتری و چوونە سەریەك لە کوردیدا. دووەم دەبێت بیر لەوە بکەینەوە، کە نیشانەکانی (-ت، -ا، -د، -وو، -ی،) و پێشگری دە- هەریەك لەوانە یەك واتای تاکی سەربەخۆی-دەقیان هەیە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




ڕابوردووی پێرفێکت: من باپیرم دیبوو

ڕابوردووی سادە: ئازاد باپیری بینی

ڕانەبوردووی پێرفێکت: باپیرم دیووە

تێنسی ڕانەبوردوو: باپیر دەبینم

ئایندەی سادە: باپیر نەنکی دەبینێت

لە هەندێك تێنسدا، بە زیادەی جەختکردنەوەکان، کە جەخت لەسەر بەردەوامی ڕوداوەکە دەکەنەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا، ڕانەبردووی پارتیسپڵن بە مەبەستی جەختکردنەوە بەکاردەهێنرێن، کە ڕوداوێك لە حاڵەتی بەردەوامیدا و بە درێژایی کات پیشاندەدات، کوردیی بەرانبەر بەوە نیشانەی پڕۆگرێسڤی تایبەت بەخۆی و کەرەستەی زمانی تر بەکار دەهێنێت، بۆ نمونە،




ڕابردووی پڕۆگرێسف: من بایرم دەبینی

ڕانەبردووی پڕۆگرێسف: من (وا) باپیر دەبینم

ئایندەی پرۆگرێسف: بە یانی من نامە دەنوسم

## 2.4.1 ناتەواویەکانی تیۆری Comrie بەلای Declerck و نوسەرانی ترەوە.

ئێمە کاتێك ڕەخنەی زمانەوانێك بەرانبەر بە یەکێکیتر دەخەینە پێش چاو مەبەستمانە خوێنەر بەهۆی ئەو بەراوردکاری و ڕەخنانەوە زیاتر لەبابەتەکە بگات و ڕای سێیەم و زیاتریش بێنەئاراوە، بەو جۆرە بیرەکانی کچە زمانەوانی ئەمەریکی (Declerck (1986:309-11 سەبارەت بە تیوریەکەی Reichenbach و Comrie دەخەینە پێش چاو. Declerck باوەڕی وایە تیۆریەکەی Comrie خاڵی نییە لە کەم و کوڕی و ئەو چەند خاڵە دەخاتە پێش چاو: دیارە، زۆر لە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە پەیوەندی ورد لەنێوان "کات" و "تێنسدا" بچەسپێنن و فۆرمی پێبدەن، لەوانە Reichenbach (1974), Bull (1963), Allen (1966), Hornstein (1977), و زۆریتریش، لەوانە تیۆیەکەی, Reichenbach ە، کە تا ئێستاش جێگەی گرنگیپێدانە، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکەی لە ڕەخنە بەدەرنەبووە، لەوانە ڕەخنەکانی (Comrie (1985, 1981، Prior (1967) و (Declerck (1986: 303-4

(١) لاوازی سیستێمەکەی Reichenbach لەوەدایە، کە لەوانەبوون(گریمانە)ی زیاتر، وەك لەوەی، کە لە واقیع و لە زمانی سروشتیدا هەیە، دەبینرێت و بیناکردووە، بۆ نمونە، Reichenbach گریمانە بۆ سێ تێنسی ئایندەی پێرفێکتی جیاواز دەکات، (‘S—E—R’, ‘S,R—R’ and ‘E—S—R’) . بەڵام وەك دەردەکەوێت هیچ زمانێك نییە ئەو سێ تێنسە جیاوازانەی هەبێت. (Declerck 1986:303)

(٢) (Prior (1967:13 ئەوەی دیاریکردووە، کە نەخشەکەی Reichenbach زۆر سادەیە لەوەدا، کە تەنها یەك خاڵی ئاماژەکردن دەدات، لە کاتێکدا بەلانی کەمەوە دوو خاڵی ئاماژەکردن پێویستن، تا تێنسە ئاڵۆزەکان لەبەرچاوبگیرێن، وەك لە "ئەوانەی تریش بە تێپەڕینی ئەوکاتانە ڕۆیشتن" دەبینرێت.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٣) سەرەتا ڕەخنەکانی Prior دژ بە Reichenbach لەسەر ئەوەن، کە جیاوازی لە نێوان خاڵ و خاڵەکانی ئاماژەکردن و خاڵی قسەکردنی نەکردووە، دیارە، وەك دەزانرێت، خاڵی قسەکردن یەکەم خاڵی ئاماژەکردنە، و ڕابوردوویەتی و داهاتوویەتی هەمیشە پەیوەستن بە هەندێك خاڵی ئەو ئاماژەکردنەوە، "ئەوە دەڕوات(...)هەروەها دەتوانرێت هەمان ڕەخنە بەکاربهێنرێت بۆ لێکدانەوەکانی Comrie" .

(٤) Prior (1967:13) باوەڕی وایە، کە ئەوە بەلاڕێدابردنە سەبارەت بە دروستکردنی وەها جیاوازیەکی ورد لە نێوان خاڵی ئاماژەکردنەکان و کاتی قسەکردن، خاڵی قسەکردن تەنها خاڵی ئاماژەکردنی یەکەمە، (...) ئەوە وا دەکات، کە ڕابردویەتی و داهاتویەتی پەیوەستبن بەهەندێك خاڵی ئاماژەکرن، کە دەشێت کاتی قسەکردن یان هەندێك خاڵی تربن.

(٥) Dahil (1985: 30) پێی وایە، گرفت لە ڕستەیکی وەك "کاتێك گەیشتم، لە ماوەی حەفتەی ڕابوردوودا پێتەر هەوڵیدا، تا دوو جار پەیوەندیم پێوەبکات "، لێرەدا R پێویستە ئەو کاتە بێت لە "کاتێك من گەیشتم"، و E – یان بەواتای E یەکان – ئەوانە خاڵی کاتەکانن کاتێك پێتەر هەوڵیدا تەلەفۆنم بۆ بکات، بەڵام ئێمە ئەوە لە نەخشەکەی Reichenbach دا نابینین، کە بەرانبەرە بە کاتی ئاماژەکردن بە هۆی "لە ماوەی حەفتەی ڕابوردوودا"، ئەرکی ئەو فرێزە بۆ دیارکردنی چوارچێوەی کاتەکانە بۆ خاڵەکانی E.

(٦) Comrie (1981, 1985) داوای ئەوە دەکات، کە ئەو بارودۆخانەی بەهۆی تێنسە تەواوەکانەوە باسدەکرێن، بارودۆخەکان لەپێش، هاوکات بە، یان لەدوای کاتی قسەکردنەوە دادەنرێن، لەبەرئەوە بیری خاڵی ئاماژەکردن پێویستی بە وەسفی ئەو تێنسە تەواوانە نییە.

(٧) باری سەرنجی Comrie، کە پێرفێکت و ڕابردوو تەنها لە ئەسپێکتدا جیاوازن (ئامادەبوون یان نەبوونی پەیوەندیدارێتی بەکاتی ئێستاوە)، بەو ڕێگایەی ئەوان بارودۆخەکان لەکاتدا دادەنێن، بە نادروست دەزانێت، چونکە، "ئەگەر پەیوەنیدارێتی ئێستایی هۆکاری هەموو گرنگیەکەی بێت، ئێمە ناتوانین ئەوە لێکبدەینەوە بۆچ پێویستە ئێمە تێنسی ڕابوردوو بەکار بهێنین لە نمونەیەکی وەك " "من دەزانم تۆم کێیە، دوو ساڵ پێش ئێستا من پشوەکەم لەگەڵ ئەو بەسەربرد" دەشێت لێرە هیچ گومان نەبێت، کە پەیوەندی بەکاتی ئێستاوە هەیە. ئەگەر بزانم تۆم کێیە، ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە من پشوەکەم لەگەڵ ئەو بەسربردووە" (Declerk 1986:311). هەروەها Declerck ئەوەی ئاشکرکرووە، کە پێرفێکت پێویستە بەکاربهێنرێت ئەگەر ئاوەڵکاری کاتی "بۆ ماوەی دوو ساڵی کۆتایی for the two last years" بێت لە بری "پێش دوو ساڵ"-two years ago". بەلای نوسەرەوە، ئەوە جەختکردنەوەیەکی ئەو هەقیقەتەیە، کە "هۆکاری سەرەکی دیاریکردنی بەکارهێنانی پێرفێکت و ڕابوردوو ئەوە ئامادەبوون، یان نەبوونی بیری پەیوەندی بە ئێستاوە نییە، بەڵکو بەو ڕێگایەی، کە بارودۆخەکە لە کاتدا دادەنرێت، ڕانەبردووی پێرفێکت بارودۆخەکە وەك هاودەم لەگەڵ کاتێك دادەنێت، کە بەتەواوی نەکەوتۆتە پێش کاتی ئێستاوە، بەڵکو کاتی ئێستاش دەگرێتەوە، بە پێچەوانەوە، کاتی ڕابوردوو هاوبەشی لە ئاماژەکردنی کاتێکدا دەکات کە درێژنابیتەوە بۆ کاتی قسەکردن (Declerk 1986:311)

(٨) جارێکی تر Declrerck ئاماژ بۆ دەربڕینەکانی Comrie دەکات سەبارەت بە ئەرکی ئاوەڵکارەکانی کاتی بە تێنسەکانی پەیوەندیداری-تەواوەوە لە ڕستەکاندا، بە واتای ئەوەی دامەزراندنی خاڵی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاماژەکردن، و گفتوگۆی ئەوە دەکات، کە ئەگەر ئەوە ڕاستبێت، کە ئاوەڵکاری کاتی وەك "لە سەعات پێنج دا" لە ڕستەیەکی وەك "ماری لە سەعات پێنج دا هات بۆ سەردانی جۆن، بەڵام جۆن پێشتر لە سەعات پێنج دا ڕۆیشتبوو" خاڵی ئاماژەکردنی ڕابوردوو دادەمەزرێنێت، و ڕابوردووی پێرفێکت "پێشتر ڕۆیشتبوو" بارودۆخەکە پێش ئەو خاڵی ئاماژەکردنە دادەنێت، " ئەوە وەك لۆجیکی دەردەکەوێت، کە ئەو تێڕوانینە بەردەوام بێت، کە "لە سەعات پێنج" هەروەها وەك خاڵی ئاماژەکردن کاردەکات بۆ شوێنەکە بە هۆی تێنسی ڕابوردووەوە کاریگەری لەسەرکراووە. بە واتای ئەوەی "هاتووە"، بارودۆخەکە وەك هاوکات لەگەڵ ئەو خاڵی ئاماژەکردنی ڕابوردووە پێشکەشدەکات، (١٩٨٦:٣١١ Declerck)، بە واتایەکی تر، Decklerck جەخت لەسەر وەسفی ڕابردوو دەکاتەوە وەك تێنسەکانی تر هاوبەشی لە سێ خاڵدا دەکات، (ا) ئەو کاتەی، کە بارودۆخەکە تێیدا دەخایەنی لەسەر تەوەری کاتەکە. (ب) ئەو کاتەی، کە بەهۆی ئاوەڵکار یان دەقەکەوە دیاریدەکرێت و پیشاندەدرێت،، و (ج) ئەو کاتەی کە بارودۆخەکە دادەنرێت و خاڵی قسەکردن. (Declerck 1986:314)

(٩) Declerck نەخشەکەی Comrie سەبارەت بە تێنسی ڕابوردوو وا لەبەرچاودەگرێت، کە E بریتییە لە خاڵی کات یان ماوە دووری بە هۆی بارودۆخەکەوە ڕوودەدات، و پەیوەندی "لە پێش" وا پێشکەش دەکرێت وەك "بە تەواوی" لە پێش". هۆکاری Decklerck بۆ ئەوە، ئەوەیە، کاتی بارودۆخەکە، کە بە هۆی فۆڕمی تێنسی کاتی ڕابردووەوە دیاریدەکرێت، هەمیشە و بەتەواوی ناکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە. بەوجۆرە، ڕستەیەکی وەك "باڵندەکە لەسەر مێزەکە بوو لە سەعات پێنجدا، و جۆن نانی نیوەڕۆی دەخوارد (کاتێك سەیری ژورەکەیم کرد)" شتێ نەوتراوە وەك ئەوەی ئایا بارودۆخەکە هێشتا بەردەوامە لەکاتی قسەکردن یان نا، Declerck ئەوە وەك بەڵگە وەردەگرێت بۆ داواکردنی ئەوەی، کە ئەوەی لە هەقیقەتدا بە تەواوی دانراوە لە پێش خاڵی قسەکردنەوە لە ڕستەکانی وەك "باڵندەکە لەسەر مێزەکە بوو لە سەعات پێنج دا" بریتیە لە R (خاڵی ئاماژەکردن) لەبری E، و هەروەها سەبارەت بەو داوایەی، کە تێنسی ڕابردوو کاتی بارودۆخەکە وەك هاوکات بە خاڵی ئاماژەکردن دادەنێت بە تەواوی هەمووی دەکەوێتە ڕابردووەوە، نەك وەك پێش کاتی قسەکرد ن.

هۆکاری ڕەفزکردنی Declerck سەبارەت بە دیاریکردنی تێنسی تەواوی Comrie (لە بواری تەنها دوو خاڵی کات) لەو هەقیقەتەوە هەڵێنجراوە، کە Comrie بەلانی کەمەوە دوو جیاوازی بۆ تێنسی ڕابردوو دەخاتە پێش چاو، کە ناچنە سەریەك، Comrie لە ل ٣٥ وەسفی واتای تێنسی ڕابوردوو دەکات وەك "دانان لە کاتدا پێش کاتی قسەکردن"، ئەو پێناسەیە بە تەواوی ناڕونە لەوەدا، کە چی دەکەوێتە ڕابردووە، واتە چی لە ڕابوردوودا دادەنرێت، "ئەوە بارودۆخەکەیە، یان ئەوە بارودۆخەکە لەو کاتەی، کە خودی خۆی دەکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە؟" (Declerck 1986”314). لە لاپەڕەی ١٢٢ Comrie (1986:122) دەڵێت "دیاریکردنی کاتی بارودۆخ لە خاڵی کاتێکدا پێش کاتی قسەکردنە"، لە لاپەڕەی ٣٦ و تێنسی ئایندە دیاریدەکات، "دیاریکردنی شوێنی بارودۆخێك لە دوای کاتی قسەکردنەوە"، بەڵام لە ل٤٣ وەك دیاریکردنی شوێنی بارودۆخێك لە کاتێکدا (بە واتای ئەوەی وەك کاتی ئاماژەکردن) دوای کاتی قسەکردن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە پێی Comrie فۆڕمی کارە نا-دیاریکراوەکان[13] ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیداریان هەیە، واتە " کاتی ئاماژەکردن پەیوەست بە هەندێك سەنتەری ئیشاریەوە بەهۆی دەقەوە دادەمەزرێت" (Comrie 1985:21-22). بەو شێوەیە لێکدانەوەی سەرەتایی بۆ "ئەوانەی لەسەر کورسیەکان دانیشتوون کاتێك داوایان لێکرا بڕۆن"، و "ئەوانەی کە (لەو کاتەدا) لە سەر کورسیەکان دانیشتوون داوایان لێکرا تا بڕۆن". Declerck دەڵێت ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کە بەکارهێنانی تێنسی ڕابوردوو (داوایان لێکرا) خاڵی ئاماژەکردنی ڕابوردوو دامەزرێنێت، پەیوەست بە بارودۆخەکەوە دیاریدەکرێت، کە بە هۆی کلۆزی نا-دیاریکراوەوە دەربڕاووە، ، پاشان بێزیاد و کەم هەمان شت ڕوودەدات کاتێك کەسێك کلۆزی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، "کە لەسەر کورسیەکان دانیشتبوون" لەبری کلۆزی ناوی بکەری. "ئەوە، تێنسی ڕابورووی "دانیشتبوون" ە، کە پێویستە وەربگیرێت تا بارودۆخێك پێشکەشبکات وەك هاوکاتی لەگەڵ خاڵی ئاماژەکردنی ڕابوردوودا " (Declerck 1986:315).

بەکورتی بەلای Declerck ەوە سیستێمەکەی Comrie سێ خاڵی لاوازی تیادایە: (ا)، کاتی قسەکردنی وا دانەناوە وەك تەنها یەکەم خاڵی ئاماژەکردن بێت، بە واتایەکی تر، ئەوە جیاوازیەکی دیار لە نێوان خاڵ یان خاڵەکانی ئاماژەکردن و خاڵی قسەکردن دروستدەکات. (ب) وەسفی تێنسەکانی تەواو absolute tenses دەکات (تێنسی ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، و داهاتوو) لە بواری تەنها دوو خاڵدا ، E and S، بە واتایەکیتر، ئەوە لەدەرەوەی خاڵی ئاماژەکردنەوە بەجێدێڵێت وەك ناپێویستی بۆ دیاریکردنی تێنسە تەواوەکان و (ج) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ئەوەی پێرفێکت لە ڕابوردوو جیادەکاتەوە ئەوە بیری ئەسپێکتی پەیوەندی بەکاتی ئێستاوە هەیە لەبری ئەو ڕێگایەی هەریەك لەو تێنسانە کاتی بارودۆخەکان لە کاتدا دیاریدەکەن.

## 3.0 تێنسە سەرەکیەکانی زمانی کوردی پێناسە و ناساندنی کات




داهاتوو سبەی بەیانی دەگاتە جێ. ڕانەبوردوو لە هۆڵەکە دانیشتوون. ڕابوردوو منداڵەکە شوشەکەی شکاند.

## 3.1 فەرمانی imperative

لە زمانی کوردیدا ئیمپێرفێکتیڤی نا-ڕابوردوو بەهۆی دانانی پێشگری دە- بنیان دەنرێت، کە هەمان ئەرکی نیشانەی /می-mi فارسیدا دەبینێت، دواتر بە دانانی دانەیەك لە ڕاناوە کەسیەکان بۆ کوتایی ڕەگی نا-ڕابوردوو یان بۆ ڕەگی کارەکان، لەو بارانەدا، کە کارەکان دەستوریبن، بۆ نمونە، "دە-ڕۆ-م" کە شێوەی بە "دە- + ڕەگ + ڕاناوەکەسیەکان"، نا-ڕابوردووی مەرجی لە "پێشگری نیشانەی مەرجی -bi + ڕەگی کار + دانەیەك لە ڕاناوە لکاوەکان"ەوە بنیات دەنرێت، بۆ نمونە، "دەمەوێت بڕۆم". سەبارەت بە کاری فەرمانی دەکریت بپرسرین بۆچ فۆڕمی ئەو کارە جگە لە ڕاناوی کەسی دووەمی کۆ هیچ کۆتاییەکی تر وەرناگرێت، ئەوە بەشێوەیەکی فۆڕماڵی

[13] کاری دیاریکراو finite verb مەبەست ئەوەیە، کە تێنسی ڕانەبردوو- ڕابردوو لەگەڵ هەموو ڕاناو یان ناوەکاندا بەکارنایەن، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، am کە تەنها لە گەڵ قسەکەری تاك بەکاردەهێنرێت، و وەك is کە تەنها لەگەڵ کەسی دووەمی بزر بەکاردەهێنرێت.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەگەڵ فۆڕمی نا-ڕابوردووی مەرجی دەچنەسەریەك؟ بەشێوەیکی سەرەکی دوو فۆڕمی فەرمانی لە کوردیدا بەدیدەکرێن، دانەیەکیان، کە ف-ن + تۆ ( گۆرانی بڵێ)، دیاری دەکات، ئەوەکەی تر هەروەها "ف-ن + ئێوە (گۆرانی بڵێن) دیاریدەکات، گەر بەو پێیە بێت کەسێك ناتوانێت فەرمان بکات بە کەسێك، کە لەلایەوە نەبێت، لەکاتێکدا دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە کەسانیتر هەن و دەتوانن فەرمان یان بەڵێن بەجێبگەیەنن گەرچی ئامادەش نەبن، کە دەشێت ئەو فۆڕمانەی لای خوارەوە وەربگرێت:

(أ) بڕۆ پێی بڵێ بابڕۆم.

(ب) پێی بڵێ بابڕوات.

(ت) پێیان بڵێ بڕۆن.

کوردی وەك فارسی تەنها یەك فۆڕمی هەیە بۆ هەردوو نا-ڕابوردووی مەرجی و فەرمانی بەهۆی ئەو هەقیقەتەی، کە نا-ڕابوردووی مەرجی تەنها لە کلۆزی ناسەرەکیدا بەکاردەهێنرێت، و فەرمانیەکان ژێرخانین، یان لەسەرەتادا کاری وابەستەن و لە کلۆزی ناسەرەکیەکاندان. Windfuhr لە (Farahani (1990:38 یەوە، وای دەبینێت، کە "نا-ڕابوردووی مەرجی بەهای ئەسپێکی ئیمپێفێکتیڤی هەیە، بە واتایەکیتر، ئەو بارودۆخەی ئاماژەی بۆ دەکرێت وەك درێژەپێدراو لە کاتدا پێشگەش دەکات" [١٤] دووەم بە پێی (Smith (1983 لە کلۆزی کاتیدا کە بە لێکدەری "لە پێش" یان "لەدوایدا" دەستپێدەکات، لە کوردیدا "لەپێش ئەوەی" و "لەدوای ئەوەی" دەبێت بەهای ئەسپێکتی پێرفێکتیڤی هەبێت. چونکە "ئەو لکێنەرانە بارودۆخەکان بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەك پەیوەست بەیەکتر دادەنێن، یان شوێنەکەی دیاریدەکەن. هەروەها ( Heinamaki 1974) ئەوەی دیاریکردووە، کە لانی کەمی پێویستی سیمانتیکی بۆ یەك بە دوای یەکدا هاتن لە نێوان بارودۆخەکاندا ئەوانەن، کە خاڵی کۆتایی بارودۆخێك پێویستە بەدوای خاڵی کۆتایی ئەوەکەی ترەوە بێت"، (Smith 1983:485).

- لەپێش ئەوەی بێت من دێم.

(أ) نا-ڕابوردووی مەرجی وەك ئیمپێرفێکتیڤی بەهای پێرفێکتیڤی هەیە لەبری ئاماژەی ئیمپێرفێکتیڤیتی.

(أ) پێشگری -bi نیشانەی پێرفێکتیڤە لە زمانی مۆدێرنیدا بۆ نا-ڕابوردووی مەرجی و فۆڕمەکانی کاری ئیمپێرفێکتیڤ.

(ب) ڕستەی فەرمانی وەك جێبەجێکەری شاراوە لە بنیاتی قوڵی کلۆزی ناسەرەکی ڕستەی جێبەجێکەری شاراوە، و بە هەمان هۆکار هەبوونی لە فارسیدا تەنها فۆڕمی یەك تێنسە بۆ هەردوو ئیمپێرفێکتیڤ و نا-ڕابوردووی مەرجی، کە هەمیشە لە کلۆزی ناسەرەکیدا بەکاردەهێنرێت، و لە کۆتاییدا

[١٤] سەبارەت بە نا-ڕابردووی مەرجی نوسەر Windfuhr لەسەر ئەوە بەردەوامە، کە ئۆپۆزیشنی لە نێوان پێرفێکتیڤ/ئیمپێرفێکتیڤ هۆکاری جیاوازیە لە فارسیدا، و دانەیەك لەو کاتەگۆری مەجیانەی فارسی دەبێت پێرفێکتیڤ، و دانەکەی تر ئیمپێرفێکتیڤ بێت. فێرفێکتی مەرجی، بە واتای ئەوە ناوی بکەری ڕابردوو past participle زائید فۆڕمی نا-ڕابردووی مەرجی کەپولەی "بوودەن" ناتوانێت تێرمی ئیمپێرفێکتی ئۆپۆزیشن بێت، چونکە ئەوە زۆرجار پێرفێکتیڤە. و کۆتایی بەوە دێنێت، کە نا-ڕابردووی مەرجی زاراوەی ئیمپێرفێکتیڤە و فێرفێکتیڤی مەرجی دانەیەکی پێرفێکتیڤە، ئەوە تەنها هەڵە نییە سەبارەت بە ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤی نا-ڕابردووی مەرجی، وەك کاتەگۆریەك بە تەواوی ئەسپێکتی ئیمپیرفێکتیڤە، بەڵکو هەروەها سەبارەت بە پێرفێکتی مەرجیش.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ت) نمونەی فەرمانی هەر کارێك لە کوردیدا زیاتر لە دوو دانەیە.

### 3.2 تێنسی ڕانەبردووی پێرفێكت:

تا ئەم کاتە ئەم تێنسە لە کوردیدا وەك ڕابردووی نزیك مامەڵەی لەگەڵدا کراووە، بەلای ئێمەوە ئەو تێڕوانینە لە واقیعەوە دوورە، بۆ ئەو مەبەستە ئاوڕ لە چەند پێناسەیەك و تایبەتمەندیەکی ئەو فۆڕمی تێنسە دەدەینەوە، کە لەسەر بنەمای ڕەفتای خودی ئەو گاتەگۆریە دامەزراون، بۆ نمونە، لەم سەردەمانەدا، کە زیاتر تێکەڵاوی لە نێوان زمانەکاندا هەیە، دەربڕینێك، کە لە ئینگلیزی، فارسی و زمانەکانی تردا وەك ڕانەبورددوی پێرفێکت مامەڵەبکرێت، لە کوردیدا، وەك کاری ڕابوردووی نزیك لە قەڵەمبدرێت. سەبارەت بە ڕانەبوردووی پێرفێکتیڤ گەلێك بیروڕای جیاواز هەن ... لە نێوان ئەو زمانەوانانەدا، (Maslov 1990 لە ( Lindstedt 2000: 365-366) ەوە دەڵێت، پێرفێکت فۆڕمێکی ئەسپێکتی کاتی کارەکەیە، بارودۆخی حازر دەردەبڕێت، وەك دەرهاویشتەی کردەوەی پێشتر، یان گۆڕان، و/یان دەربڕینی کردەوەی ڕابوردوو، ڕوداو، یان بارودۆخ، کە بە ڕێگەیەك یان یەکێکی تر گرنگە بۆ کاتی ئێستا و لە باری سەرنجی ئێستاوە بایەخی پێدەدرێت، لە هەقیقەتەکانی تری ڕابورددووەوە جیابۆتەوە". بەلای Lindstedt پێناسەکەی Maslov دوو شت دەگەیەنێت، (ا) گرنگی و پەیوەندی بارودۆخی ڕابوردوو لە باری سەرنجی ئێستاوە و (ب) جیابوونەوە لە هەقیقەتەکانی ڕابوردووی ترەوە. بە لای (Comrie (1976: 52 یەوە پێرفێکت بارودۆخە بەردەوامیەکانی کاتی ئێستا گرنگی بارودۆخی ڕابوردوو دەردەخات".(Dihil (2000:367-366 ئاماژە بۆ کردەوەیەکی لە (پێشتر/زووتر) دەکات، ئەو بارودۆخەی لە پێش کاتی ئاماژەکردنەوە ڕوەدات و پەیوەندی بە بارودۆخەکەوە هەیە لە کاتی ئاماژەکردندا (...) لە پێشتردا دەشێت لەگەڵ نیشانەی تێنسی ڕابوردوو، یان داهاتوودا ڕوویدات. سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان سەرەنجامی، ئەوەیە "ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بارودۆخێك وەك سەرەنجامی کردەوەی ڕابوردوو بێت". بە تێڕوانینی (Bebee, Prinks & Pagliuca 1994:54 لە ( Lindstedt 2000: 367-366) ئەو نمونەیە لێکدەدەینەوە:

(أ) ماری ڕۆیشتووە بۆ پاریس.

لە (ا) دا دەشێت "ڕۆیشتنەکە" پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستاوە هەبێت و بەلانی کەمەوە ئەوە دەگەیەنێت کە بکەرحازر نییە و بارودۆخی ڕابوردوو، کە "ماری ڕۆیشت" بەشێکی ناڕاستەوخۆی زیادەی بارودۆخی ئێستایە، و بە هۆی ماری یەوەیە، کە ئێستا دەزانێت پاریس چۆنە. (Lindstedt 2000: 365-369 دەڵێت کە "بارودۆخێکی دیاریکراو بەردەوام دەبێت بەلانی کەمەوە جارێك لە ماوەی هەندێك کات لە ڕابوردوودا و پێشڕەوی دەکات بۆ کاتی ئێستا". بیرەکەی (Comrie (1976:58 زیاتر لە لایەن Dahil & Helen ەوە فراواندەکرێت، و پێی دەڵێن "چەفکردنەوەی-جۆری ئاماژەکردنی ڕوداو" کە بەرانبەر بە "چەفکردنەوەی-ڕەمزی ئاماژەکردنی ڕوداو"دێت؟

نەگونجاوێتی ئاوەڵکاری کاتی دیاریکراو لەگەڵ پێرفێکت لە هەندێك زماندا ئەوە پیشاندەدات، کە تا چ ڕادەیەك دەبێتە فۆڕمێکی ئەزمونی سەرکەوتوو، و لەبەرئەوە، جۆرێکی تێنسە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### 3.2.1 جیاوازی لە نێوان ڕانەبردووی سادە و ڕانەبردووی پێرفێکت

لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەردووکیان پەیوەندیان لەگەڵ کاتی قسەکردندا هەیە، لێکجیاوازن، لەوەدا، کە ڕانەبوردووی پێرفێکت پەیوەندی بە ماوەیەکی کاتی، کە درێژدەبێتەوە بۆ دوواوە، بۆ ڕابوردوو لە ئێستاوە هەیە، لە کاتێکدا ڕانەبردوی سادە مامەڵە لەگەڵ ئێستا یان داهاتودا دەکات. بەو جۆرە ڕانەبوردوو بە پێچەوانەی ڕانەبوردووی پێرفێکت، مەیلی بەلای بەرەو پێشەوە هەیە زیاتر لە بەرەو دواوە. ڕانەبوردووی پێرفێکت جەخت لەسەر ڕودانی کردەوەیەك یان هەبوونی بارودۆخێك دەکاتەوە لە ڕابوردوودا، ئەو ئاماژەکردنە کاتییە و بە هۆی دەقەوە دەردبڕێت. لە کوردیدا تێنسی ڕانەبردوو وەك ئینگلیزی نیشانەیەکی هاوتا بە s– "کە بۆ he, she, it بەکار دەهێنرێت"، نییە، تێنسەکە نیشانەی ئیمپێرفێکڤی "دە-" وەردەگرێت، لەبەرئەوە بە بێ زیادەی زمانیتر خۆیندنەوەی داهاتو و ڕانەبوردوو وەردەگرێت، و وەك تێنسی نیشانەنەکراو مامەڵەدەکرێت، لەکاتێکدا ڕانەبوردوی پێرفێکتیڤ هەمیەشە بەهۆی پاشگری "–ووە" وە دەناسرێتەوە.

### 3.2.2 جیاوازی لە نێوان ڕابوردووی سادە و ڕانەبوردووی پێرفێکت:

هەردوو ڕابوردوو و ڕانەبردووی پێرفێکت ئاماژە بۆ ماوەی "کات" دەکەن. ئەوەی جیایان دەکاتەوە لە خاڵی کۆتایی ماوەکەدایە. بۆ نمونە، تێنسی ڕانەبوردووی پێرفێکت بیرێك دەردەبڕێت سەبارەت بەوەی شتێك ڕویداوە، یان نا لە پێش چرکەساتی قسەکردنەوە، لە سەر کاتێکی نادیاریکراو لە کاتی ڕابوردوودا، کاتی دیاریکراوی ئەو(جۆرە) ڕوداوە دووبارەکردنەوەی چالاکیەك دەردەبڕێت لە پێش کاتی ئێستادا، کاتی دیاریکراوی هەر دووبارەوەبوونێك گرنگ نییە. ناوەڕۆکی سیمانتیکی ڕستەکانی خوارەوە هۆکاری بوون بە ڕانەبردووی پێرفێکت و زەرورەتی جیاکردنەوەی لە ڕابردووی سادە دەسەلێنن:

(١) بەلەمەکە لێرە نقوم بوو. (٢) بەلەمەکە لێرە نقووم بووە.

لە (٢) هەستدەکەین، کە ڕانەبردووی پێرفێکت پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ چرکەساتی قسەکردن. پەیوەندی (٢) نزیکترە وەك لە پەیوەندی (١) بە ئێستاوە و ئاماژە بۆ ڕوداوێك دەکات، کە وەك تازە دەبینرێت. بۆیە، پەیوەندیبوون بە چرکەساتی قسەکردنەوە دەبێتە هۆکار، تا زیاتر ئارەزوو بکەیت ڕانەبردووی پێرفێکت هەڵبژێریت، چونکە دووبارەبوونەوە، ماوە درێژی، یان بەردەوامی تێدا دەبینرێت، لە لایەکیترەوە، تایبەتمەندێتی کاتی بەدیقەت و ورد ئارەزوودەکات، تا لەگەڵ کاتی تێنسی ڕبوردووی سادەدا ڕوودات. ئەوەی گرنگە چەند تازە و نزیك بێت، مادام ئەوە ڕوداوێکی تاکە و لە ڕابوردوودا تەواو بووە.

(٣) خانووەکە گڕی گرتووە. (٤) خانووەکە گریگرت.

(٥) ؟دوێنی خانووەکە گڕیگرتووە. (٦) ؟دوێنێ خانووەکە گڕیگرت.

لە(٣) دا وا هەستدەکرێت، کە قسەکەر دەشێت خۆی هاوبەش بێت لە گفتوگۆیەکی ئاگادارکردنەوە ئامێز بۆ بەرانبەر سەبارەت بە سەلامەتی و خۆپاراستنی ئاشکرادا سەبارەت بە ڕوداوەکە و ڕێگەگرتن لە تەشەنەنەکردنی ئاگرەکە. لە (٤) بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست دەکەیت، کە ڕووداوەکە نزیکە بۆیە دەتوانی دەربڕینێکی وەك "ئەها وا ..." بۆ(٣) و (٤) زیادبکرێت، بۆ (٤) گونجاوترە وەك لە (٣) تا ئاوەڵکارێکی وەك "پار(نا پێرار)" زیادبکرێت، ئەو یاریکردنە لە (٤)دا ئاسانترە تا دووری و نزیکی "گڕگرتنەکە" لە کاتی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

قسەکردنەوە پیشانبدرێت، ئاوەڵکاری "دوێنێ"، لە گەڵ (٦) گونجاوترە وەك لە (٥)، بە پێچەوانەوە ئاوەڵکاری "لە دوێنێوە" بۆ (٥) گونجاوترە.

تێنس وەك ئەو حاڵەتەیە، کە بناغەی کارەکان گەرداندەکەین و نیشانەی تێنس دادەنێین، دواتر گۆڕینی فۆڕمی جیاواز سەرهەڵدەدەن، تا "کاتێتی " بگەیەنن، لەو بارانەدا کە قەدی ڕابودوو وەردەگری نیشانەکانی دەخەیتە سەر تا کاتی جیاواز و لێکدانەوەی سیمانتیکی جیاواز بگەیەنن، ڕابوردوو لە کوردی و ئینگلیزی نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیە، واتە نیشانەی (D) و (ed-)، ڕابوردووی پرۆگرێسف "دە- + ڕابوردووی سادە"، و لە ئینگلیزی بە شێوەی پەراوێزیە، بۆ نمونە، "was + com + ing".

ڕستەی هەموو زمانەکان بە تێنسکراون، بەڵگەش بۆ ئەوە هەر فۆڕمێکی تێنس لە ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوەدا زانیاری پیویست سەبارەت بە کات دەدات، چونکە ڕستەی بێ زانیاری سەبارەت بە "کات" نەگونجاوە، ئەوە لە کوردیدا، "نیشانەکان + قەد/ڕەگ" جۆری تێنسی دیاریکراو بەرهەمدێنن، کە ئەرکی دانانی کاتی بارودۆخەکان لە ئەستۆدەگرن، ئەو کاتەی ڕانەبردوی پێرفێکت دەیگەیەنێت بەتەواوی ناچێتە سەر ئەوەی، کە ڕابوردووی سادە دەیگەیەنێت، لە زۆربەی زمانەکاندا ئەوە بەهۆی مۆڕفێمێکەوەیە، کە پێی دەگوترێت مۆرفێمی تێنس، بۆ ئەو مەبەستە دەپرسین "تێنس یان سیستێمی تێنس لە زمانە سروشتیکاندا چیە؟، جیاوازی لە نێوان تێنسی زمانەکاندا چییە و چون سنوورداردەکرێن، ئەوانە گشتی و باون، یان بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تێنسەوە هەیە. ئەم باسە لە سیمانتیك، تێنس یان پرۆگرێسفدا بەدەردەکەوێت، بەهۆی نمونەگەلێکەوە لە ئینگلیزی و کوردیدا پێشکەشدەکرێن، زانیاریەکان لە گۆشەنیگای تێنسەوە دەدرێن، لە زۆر باردا، لێکدانەوەی کاتی ڕستەکان ئاڵۆزە، باشترە بەهۆی بەراوردکاریەوە پێشکەشبکرێن، بۆیە، لە ڕەفتاری تێنسێکی کوری باشتر دەگەیت بە بەراورد بە ئەوانەی ئێنگلیزییەوە.

لە ئینگلیزیدا، پێرفێکت لە نێوان لێکدانەوەی تێنسی و ئەسپێکتیدا وەك ئاڵۆز دەبینرێت،، لێرە جەخت لەسەر لێکدانەوەی تینسیەکەی دەکرێتەوە، بەهۆی نەبوونی نیشانەی ئایندە "will" لە کوردیدا ڕۆڵەکە دەدرێتە ئاوەڵکارەکان، تا پێمان بڵێن، کە ڕوداوەکە دەشێت لە دوای کاتی-ئێستاوە ڕوبدات. بۆیە ئەو تێوریە بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ تێنسی تەواو، کە ناوەرۆکێك لەخۆدەگرێت و تێیدا مۆرفێمی تێنس هەمیشە پەیوەست بەکاتی قسەکردنەوە دیاریدەکرێت. تێنس لە کوردیدا سیستێمی ئاڵۆزە، لەوەدا، کە بەشێوەیەکی جەوهەری زمانێکی تێنسی پەیوەندیدارە. تێنسی ئینگلیزیش ئاڵۆزە و بە شێوەیەکی بناغەیی زمانی تێنسی پەیوەنیدارە، بەڵام ڕانەبوردووی پێرفێکت وەك تێنسی پێرفێکت ڕەفتاردەکات. بەکورتیەکەی جیاوازیەکان بریتین لە:

(١) ڕابوردووی سادە ئاماژە بۆ بارودۆخێك دەکات، کە لە ڕابردوودا دەستیپێکردووە و کۆتایشی هاتووە، ڕانەبوردووی پێرفێکت بیرێك یان دووبارەوەبوونی چالاکیەك دەردەبڕێت، کە لە پێش ئێستادا ڕویداوە، یان ڕوینەداووە، کاتی دیاریکراو بۆ هەردوو بیر یان دووبارەوەبوونەکە زۆرگرنگ نییە.

(٢) ڕابوردووی سادە پێویست ناکات کردەوەیەك بگەیەنێت، کە لە ڕابوردوویەکی زۆر لەدواوەبێت زیاتر لە بەکارهێنانی ڕانەبوردووی پێرفێکت- ئەوە تەنها مەبەستێکی گشتی فۆڕمی کارەکەیە. هەردووکیان لە کوردیدا ئاساین، بۆیە لەلایەن بەکارهێنەرەکانیانەوە بۆ وەسفی ڕوداوی ڕابوردوو بەکاردەهێنرێن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٣) هەبوونی پەیوەندی ڕوداوو و چالاکیەکان بە کاتی قسەکردنەوە هۆکارێکی بەهێزە تا کەسەکان ئارەزوبکەن ڕانەبوردوی پێرفێکت بۆ وەسفی ڕووداوی دووبارەوەبوو، دووروردرێژ یان ماوە دووریەکی بەردەوام بەکاربهێنن. دیاریکردنی کاتێکی وردی بێزیاد و کەم زیاتر لەگەڵ رابوردووی سادەدا گونجاوە، بۆ نمونە، "هەر ئێستا هەنگەکە پێوەی دام"، بەڵام "خانوەکە هەر ئێستا سوتاووە/میوانەکە هەر ئێستا گەیشتووە"، بەهێزترین پەیوەندیان بە کاتی قسەکردنەوە هەیە، کە دەشێت قسەکەر هاوبەشی لە ڕوداوەکەدا بکات و سوتان یان گەیشتنەکە لە ئێستادا گرنگە.

(٤) کاتێك باس دێتە سەر دیاریکردنی تێنس وەك ئەو حاڵەتانەی، کە ئێمە بمانەوێت بناغەی فۆڕمی کارەکە بە شێوەیەکی جیاواز گەردان بکرێت، تا کاتێتی بگەیەنێت، لە کوردیدا تەنها ڕابوردوو + ووە بەرانبەر has/past یان had past ، کە ڕانەبوردوو و ڕابوردوویان هەیە.

(٥) لە ئەنجامی تێکەڵاوی لە نێوان زمانەکاندا پێویست بەوەرگێڕان دەکات، بۆیە باش وایە هەر تێنێسك بەهەمان ئەرك و تایبەتمەندی و کاتی دیاریکراوەوە بۆ زمانەکەی تر وەربگێڕدرێت.

### 3.3 تێنسی ڕانەبوردوو

کاتی قسەکردن دیاگرامی (٧)




بەشوێن Comrie (1976:36:55)دا ئەو بابەتە لێکدەدەینەوە، بەپێی دیاگرامی (٧) دەکرێت کاتی قسەکردن وەك خاڵێك لە کاتدا لەسەر ئەو هێڵە دیاربکەین، دیارە، بیری "کات" وا بەبیردا دەهێنرێت، وەك هێڵێك و ئەرکی تێنسەکان وەك بەشێك لە واتاکانیان دانانی بارودۆخی باسکراو لەسەر ئەو هێڵە بێت بە پێی دیاگرامی (٧)، Comrie (1976:37) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەگمەنە بارودۆخەکان بێزیادووکەم پێکەوە لەگەڵ کاتی قسەکردن بچنەسەریەك. واتە، زەحمەتە بەتەواوی هاوکات بن لەگەڵ کاتی قسەکردن، بە تایبەت لە ڕستە ئیمپێرفێکتیڤەکاندا، ئەو ڕەفتارەی باسی لێوەدەکرێت بە هۆی دەربڕین و ڕستەکانەوە جێبەجێدەکرێت. بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەك "بەڵێندەدەم کە دە پاوەندت بدەمێ"، و "من ئەو پاپۆڕە ناودەنێم تایتانیك"، تایبەتمەندی ئەو ڕستانە لەوەدایە، کە لە بارودۆخی گونجاو و لەگەڵ دەربڕینی ڕستەکاندا جێبەجێدەکرێن، بارودۆخەکانیش کورت و کاتی نین "لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخانە بە تەوای کورتنین، چونکە ئەوانە ماوەیەکی دیاریکراوی کات وەردەگرن، ئەوانە دەتوانن وا بەبیردا بێن وەك ئەوەی کورتخایەنبن، ئەوەی شانی باسە، ئەوەیە، کە ئەو ماوەیەی دەربڕینی ڕستە، یان ڕاپۆڕتدانەکە دەیخایەنێت، هەمان ئەو ماوەیەیە، کە جێبەجێکردنی بەڵێندان یان ناونانەکە دەیخایەنێت.

نمونەیەکی تر، سەبارەت بە چوونە سەر یەکی دەقاودەقی کاتی ڕوودانی بارودۆخی دیاریکراو لەگەڵ کاتی قسەکردن، ئەوە زیاتر لەگەڵ ئەو کارانە گونجاوە، کە ڕاپۆرت سەبارەت بە زنجیرەیەکی بەردەوامی ڕووداوەکان لە کێبڕکێی وەرزشیدا دەدەن، بۆ نمونە، ڕاپۆرتدەر لە کێبڕکێی-ئەسپ سواریدا دەڵێت، "ئەسپیەکە لە هێڵی کۆتایی تێپەڕی"، دەربڕینی "کاتی تێپەڕینی ئەسپەکە" و "کاتی دەڕینی ڕستەکە" لە یەك خاڵی کاتدا ڕوودەدەن و دەچنەسەریەك، هاوتا بە فارسی، کوردی ئیمپێرفێکتیڤی نا-ڕابردوو بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە، "ئازاد لە تۆپەکە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەڵدەدا = Ali is shooting"، لە لایەکی ترەوە، ئەوانە وا بەبیردا دێن، وەك ئەوەی کاتی قسەکردنیش بگرنەوە لەبری ئەوەی بێزیادوکەم هاوکاتبن لەگەڵی، لێرەدا بە مەبەستی دیاریکردنی پەیوندی "هاوتا"ییەوە، لە پیشاندانی سیمانتیکی تێنسی ڕانەبردوو سەبارەت بە " E هاوتایە بە S" " وەك ئەوەی جەختی لەسەردەکرێتەوە بە تەواوی یان چونەسەریەکی کەرتی.

ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەوەیە، کە تایبەتمەندی بەکارهێنانی تێنسی ڕانەبوردوو لە ئاماژەکردنەکەیدایە بۆ ئەو بارودۆخانەی، کە ماوەیەکی درێژ لە کات داگیردەکەن زیاتر لەو ماوەیەی، کە قسەکردن دەیخایەنێت، بەڵام پێویستە کاتی قسەکردن لەخۆبگرن، مەبەست لە پەیوەندی "هاوکاتی" چونەسەیەکی تەواوە، نەك چونەسەریەکی کەرتی. ئەوە پێچەوانەی ئەو بیرانەیە، کە دەڵێت، تێنسی ڕانەبوردوو قسە لەسەر بارودۆخ یان پرۆسەیەك دەکات، کە لە کاتی قسەکردندا بەردەوامە، لە پێش کاتی قسەکردن دەستی پێکردووە و دەشێت ماوەیەکی دورودرێش بەردەوام بێت لەدوای ئەوەوە، بۆ نمونە، بەلای (Farahani: 1990:99) یەوە، گرفتی پێناسەکەی Comrie سەبارەت بە دیاریکردنی ئیمپیرفێکتی نا-ڕابوردووی فارسیە سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی "واتای بناغەیی"ەوە، ، لە تیوری تێنسی قومریدا (Comrie (1985:19 جەخت لەسەر ئەو هەقیقەتە کراوەتەوە، کە دەڵێت "کاتەگۆری ڕێزمانی دەشێت واتای بناغەیی و ژمارەیەك واتا یان بەکارهێنانی پەراوێزیشی هەبێت"، لێرەدا کەم و کوڕیەکە لەوەدایە، کە "دانانی بارودۆخ لە کاتی قسەکردندا"، وەك واتای بناغەیی تێنسی ڕانەبوردووە مامەڵەکراوە، Comrie قسە لەسەر بەکارهێنانەکانی تێنسی ڕانەبوردوو ناکات، کە دەکرێت وەك واتای پەراوێزی یان لاوەکی بێت، "واتە، ئەو بەکارهێنانانە، کە توانای هەڵێنجانیان نییە لە کارلێککردنی واتای بناغەیی و دەقەوە "(۱۹۸۵:۱۹)"، تێنسی ڕانەبردوو چەندی واتای بناغیی هەیە ئەوەندەش واتای تر لەخۆدەگرێت، کە دەشێت نە دەق نە واتا بناغەییەکە نەتوانن ئەو بەکارهێنان و واتایانە بخەنەڕوو.

پوختەی قسەکانی Comrie لەسەر ئەوەن، کە "ئەو بارودۆخەی بە هۆی تێنسی ڕانەبوردووەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، تەنها بارودۆخێکە، کە دەقاودەق لە کاتی حازردا بەردەوامە، کە دەبێت بارودۆخەکە بەشێك بێت لە بارودۆخێکی گەورەتر یان نا. ئەو بارودۆخەی، کە درێژدەبێتەوە بۆ ڕابوردوو یان ئاینده، ئەوە واگەیاندنێکە، لەبری ئەوەی بەشێکی واتای تێنسی ڕانەبوردوو بێت". لێرەوە، سوود لە ڕەفتاری ئەسپێکت دەکەین، کە پێمان دەڵێت، ئایا بارودۆخی ماوە دوور تەنها بۆ کاتی قسەکردن سنوردارکراوە یان نا، لە هەمان کاتدا، ئەوە جەخت لەسەر هەبوونی ناوبەند پەیوەندی لە نێوان کاتەگۆری ئەسپێکت و تێنسدا دەکاتەوە، چونکە یەکتر تەواودەکەن، و هەبوونی زانیاری سەبارەت بە دانەیەکیان هاریکارە لە تێگەیشتنی ئەوەکەی تریان، بۆ نمونە، زانیاریمان سەبارەت بە ئەسپێکتی پرۆگرێسف، وەك کاتەگۆریەکی ماوە درێژ، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە کاتی قسەکردن تەنها خاڵی ماوەیەکە لە کات، لە نێوەندی ئەو هەموو ماوانەی، کە بارودۆخە گەورەکە تێیدا بەردەوام دەبێت.

یەکێك لە ڕەفتار و تایبەتمەندیەکانی تێنسی ڕانەبوردوو ئاماژەکردنە بۆ نەریت، بۆ نمونە، لە "باپیر (هەموو ڕۆژێك) جگەرە دەخوات"دا، تێنسی ڕانەبوردوو جەختکردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندیەکی تایبەت بە (جگەرە خواردن)ەوە، کە لەکاتی قسەکردندا ڕاستە، واتە، ئەوە تەنها ئاماژەکردنێك نییە بۆ زنجیرەیەك لە بارودۆخی دووبارەوەبوو، بۆیە ناکرێت، بنیاتی نەریتی لە فۆڕمی تێنسی ڕانەبوردوودا، وەك واتای دووەم و



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناسەرەکی لەبەرچاوبگیرێت. هەندێك ڕستە بە واتای ئەسپێکتی نەریتی ئاماژە بۆ زنجیرەیەك لە بارودۆخ ناکەن، کە لە ماوەکاندا دووبارە دەبنەوە، گەرچی بە ڕووکەش واش دەرنەکەوێت، بۆ نمونە، "ئازاد دەچێت بۆ کار"، ئاماژەیە بۆ نەریت، بۆ تایبەتمەندی بارودۆخێك، کە هەموو کاتەکان بەردەوام دەبن. تایبەتمەندی دیاریکراو "ڕۆیشتن بۆ کار هەموو ڕۆژێك لە سەعات ٨ ەوە" بۆ ئازاد دیاریدەکرێت. ئەوە وەك نەریتی بکەر مامەڵە لەگەڵدا دەکرێت، تەنانەت ئەگەر لە کاتی قسەکردنیشدا ئازاد بەڕێوەنەبێت بۆکار یان جگەرە بخوات. کەواتە، تێنسی ڕانەبوردوو بۆ وەسفکردنی بارودۆخی نەریتیی تەواو گونجاوە.

واتای نەرتی دەکەوێتە سەر سنوری سێ سیستیم، تێنس، ئەسپێکت و موود، دەتوانین نەرێت بە هۆی تێنسەوە دەربڕین، بۆ ئەو مەبەستە، تێنسی ڕانەبوردوو گونجاوە، چونکە دەتوانێت بارودۆخەکان بە درێژایی کاتێکی گەورەتر دانێت. نەریت دەشێت بەهۆی ئەسپێکتەوە بێت، چونکە ئەسپێکت ئاماژە بۆ دیوی ناوەوەی کاتی چوارچێوەی بارودۆخەکان دەکات "جگەرەی دەخوارد"، کاتێك بارودۆخەکە بەشێکی زۆر لە کات داگیردەکات. دەشێت نەریت مۆدالبێت: چونکە، هاوبەشی لە بە ئەندامبووندا دەکات لەسەر سنوردارکردن سەبارەت بە دونیای هەقیقی بۆ گشتکاری سەبارەت بە دونیای چاوەڕوانکراو. پوختەی قسەکانی Comrie (1976:40) لەسەر ئەوەن کە"هیچ زمانێك بە هۆی تێنس بەرانبەریەوە جەخت لەسەر نەریت ناکاتەوە و "دەربڕینی نەریتی ڕێزمانیی هەمیشە لەگەڵ سیستێمی مۆدال و ئەسپێکتدا یەکدەگرێت لەبری سیستێمی تێنس".

تایبەتمەندیەکی تری دیاری تێنسی ڕانەبوردوو، کە وەك دانەیەك لە واتایەکی پەراوێز (درێژەپێدراو)ی ئەو تێنسە لەبەرچاودەگیریت، ئاماژەکردنە بۆ هەقیقەتی هەمیشەیی، بۆ نمونە، "مانگا شیر دەدات"، "بزن گەڵا دەخوات"، و هەروەها. بەلای Comrie یەوە، هیچ تێنسێکی نەریتی لاپەڕ نییە، تا جیابێت لە تێنسی ڕانەبوردوو، واتە، تێنسێك، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ هەقیقەتەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە، بەلای Comrie یەوە "مانگا گیا دەخوات" تەنها ئاماژە بۆ کاتی حازر دەکات، و دانەپاڵی ڕاستی هەمیشەی بۆ ئەو دەربڕینە لەسەر بناغەی نیات و هۆکاری زمانی زیادەیە لەپاڵ واتای خودی تێنسی ڕانەبوردوو، و دەڵێت، کە هەمیشەییتێی دەتوانرێت بە هۆی ئاوەڵکاری کاتیەوە بنیاتبنرێت. بۆ نمونە، "مانگا هەمیشە/بەزۆری/بەگشتی/زۆربەی کات گیادەخوات"، کە کاریگەری لەسەر واتای تێنسەکە نییە.

کارە ناتەواوەکان defective verbs[15] ئەو کارانە وەك پێویستە-بایستن-must، و دەشێت- شایستن، زیاتر پارێزگاری لەسەر فۆڕمەکانی نا-ڕابردووی پێرفێکتیڤیان دەکەنەوە، کارە مۆداڵە ناکەسیەکانی وەك "پێویستە و ڕەنگە/لەوانەیە- بایەد، شایەد – must and perhaps، پێرفێکتیڤیتی ئەو کارانە بۆ کەسی سێیەمی تاك، کە لە (فارسی مۆدێرندا) بەکاردەهێنرێن، تا جەخت لەسەر "بەڵێندان و لەوانەبوون/شیان obligation and probability، بکەنەوە، بۆ نمونە، من دەبێت بڕۆم- man bayad be.rav.am، من

[15] ئەوە پێیان دەگوترێت کارە ناتەواوەکان چونکە ئەو کارانەن کە هەموو شێوەکانی گەردان بەخۆوەناگرن، بە واتایەکیتر هەموو تایبەتمەندیەکانی کە دەبێت لە کارەکاندا هەبن، ئەوە ئەو جۆرەکانە ناکەونە ژێر ئەو پێناسەیەوە، واتە هەموو سیفاتەکانیان نیە، بۆنمونە لە زمانی ئینگلیزی can واتە توانین و (عسى) لە زمانی عەرەبیـ یەکەمیان تەنها فۆڕمی could ی هەیە، واتە گەردانی سێیەم بەخۆوە ناگرێت.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەوانەیە برۆم، من شاید برەڤەم I must go, I may go، بۆ نمونە، وەك لە دەربڕینە ناكەسەكاندا دەردەكەوێت، پێویستە بڕوات، bay.ad raf.t (one) musy go.

**3.4 تێنسی ڕابوردوو**

هێڵی كاتی (7)، پێمان دەڵێت، كە واتای تێنسی ڕابوردوو بریتییە لە "دانانی بارودۆخ لە كاتدا، لە پێش كاتی قسەكردن"ەوە (Comrie 1985: 40). ئەو پێناسەیە بەلای هەندێك زمانەوانەوە، بۆ نمونە، Declerck (1986:313) لە جێگەی خۆیدا نییە، و لەبری ئەوە پێناسەیەك دەخاتە ڕوو لەبواری سێ خاڵی كاتەوە: "تێنسی ڕابوردوو بە ڕونی كاتی بارودۆخەكان لە پێش كاتی قسەكردندا دانانێت، بەڵكو، كاتی بارودۆخەكە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێك ئاماژەكردنی كاتی و ئەو ئاماژەكرنی كاتە لە پێش كاتی قسەكردندا دادەنێت"، ئەوەش لەو تێبینیانەوە هاتووە، كە لە ڕستەیەكی وەك " لە سەعات پێنج كتێبەكە لەسەر مێزەكە بوو، جۆن نامەی دەنوسی كاتێك سەیری ژورەكەیم كرد" بە سەرنج دان لە ناوەرۆكی ڕستەكە، دەبینی، كە بارودۆخەكە دەشێت بەتەوای نەكەوتبێتە پێش كاتی قسەكردن و دەشێت بەردەوام بێت لە دوای ئەویشەوە. بەو جۆرە دەبنی پێناسەكەی Comrie ئەسپێكتی پرۆگرێسڤی ڕابوردوو ناگرێتەوە .

جارێكیتر Comrie (1985:41) دەڵێت، "تێنسی ڕابوردوو بە ڕونی بارودۆخی دیاریكراو لەپێش كاتی حازردا دادەنێت"، و هیچ شتێك ناڵێت سەبارەت بەوەی ئایا بارودۆخی رابردوو تەنها خاڵێكی تاك لەپێش كاتی قسەكردن داگیردەكات، یان ماوەی كاتێكی درێژبووەوە لە پێش كاتی قسەكردن یان لە هەقیقەتدا هەموو كاتەكە تا كاتی قسەكردن" بەردەوام دەبێت، بۆ نمونە، "جۆن بەڵێنیدا دە پاوەندم بداتێ"، "جۆن لە مانجستەر لە ١٩٦٢ تا ١٩٨٢ ژیا"، "تا ئەم كاتە ئەو نەخۆشییە توانای چارەسەری نەبووە"و "جۆن لە پاریس بوو، جۆن لە پاریس بووە"، جۆن لە پاریس بووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە لە لایەن قسەكەر و گوێگر هاوبەشی تیادا دەكەن، بە دڵنیاییەوە ڕێگە بەوە دەدات، كە لە كاتیتر جۆن لە ڕابوردوودا پێویست ناكات لە پاریس بووبێت، دووەم جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە لێرەدا هەندێك كات لە ڕابوردوودا، پێویست نییە بە دیاریكردنی زیاتر بە هۆی قسەكەر یان گوێگرەوە، كە لەسەر ناوەرۆكی "جۆن لە پاریس بێت بەردەوامە".

ئەسپێكت لەگەڵ تێنسدا ناوبەند پەیوەندە، پێمان دەڵێت ئایا بارودۆخی باسكراو بە تەواوی كەوتۆتە پێش كاتی ئێستا، یان دەشێت لەدوای ئەویشەوە بەردەوامی هەبێت، ئەگەر ئەسپێكت لە حاڵەتی ئیمپێرفێكت یان پرۆگرێسیڤدا بێت، دەشێت، كاتی بارودۆخی ئاماژە بۆ كراو، بەردەوام بێت تا دوای ئێستا یان هەندێك جار ئایندەش بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر پێرفێكتیف بوو، دەبێت باری سەرنجی و جۆری بارودۆخ بەهەند وەربگیرێت، كە یەكێكە لە فیچەرەكانی ڕستە، بۆ نمونە، ئەگەر فۆڕمی تێنسی كارەكە لە كاری be یان have دابوو، كاتی بارودۆخەكە دەشێت بەردەوامبێت بۆ یان دوای كاتی ئێستاش.

(١) باپیر دوێنێ نەخۆش بوو. "دەشێت هێشتا هەر نەخۆش بێت".

(٢) باپیر دوو مەڕی هەبوون. "دەشێت هێشتا مەڕەكانی هەر مابن."

دڵنیا بوون لەوەی، ئایا تێنسی ڕابردوو كاتی بارودۆخ لە پێش كاتی قسەكردنەوە دادەنێت یان نا، دەبێت ئەو هەڵێنجانە لە واتای هەر یەك لە كاتەگۆریەكانی ئەسپێكت، ئەكشنسارت، موود و تێنسەوە وەربگیرێن، بۆ نمونە،



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"باپیر لە سلێمانی دەژیا"، وای دەبینین، کە باپیر چیتر لەوێ ناژی، ئەی پێش دە ساڵ لە کوێ دەژیا؟، دەبێت وەڵامەکە هەر لەوێ ژیا بێت، کەواتە دەق دەتوانێت باسەکە بەکراوەیی بهێڵێتەوە، بەڵێ، بەڵام، نازانم، هەر وایە یان نا و هەروەها.

لەگەڵ ئەسپێکتی پرۆگرێسڤیشدا، بۆ نمونە، "باپیر نانی دەخوارد کاتێك/کە سەیری ژورەکەیم کرد". لێکدانەوەی جیاواز و وەڵامی جیاواز وەردەگرێت، کەی وتراوە، ئەگەر پێش نیوسەعات وترابێت، زانیاری زمانی زیادە وەڵامەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە، ئەگە ڕستەکە دوێنی وترابێت، چاوەڕواننەکرێت بارودۆخەکە، تا کاتی قسەکردن بەردەوام بووبێت، "دوێنی" پێمان دەڵێت، تەواوی بارودۆخەکە لە ڕابوردوودا ڕوویداوە، چونکە ئەو کاتەی نانخوارد پێویستی پێیەتی ئەوەندە نیە تا کاتی قسەکردنیش لە دوێنێوە بگرێتەوە، حاڵەتی دووەم جۆری بارودۆخ ڕۆڵی خۆی هەیە، بۆ نمونە، نازەنین چی دەکرد؟ (ا) نازەنین چای لێدەنا؟ و (ب) "باپیر خەریکی نوسینی ڕۆمانە" ئەو ماوەیەی هەر یەك لە (ا) و (ب) پێویستیان پێیەتی جیاوازە، کە (ا) لە ڕابوردووی قوڵدا وترابێت چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت تا کاتی قسەکردن بەردەوام بووبێت، بە پێچەوانەی (ب) وە، کە نوسینی ڕۆمان درێژخایەنە و دەشێت کاتی ئێستا و دواتریش بگرێتەوە.

بە لای (Comrie (1985:42 یەوە پێرفێکتیڤی ڕابردوو بە زەرورەت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بارودۆخی باسکراو تەواو بووە، چونکە پێرفێکتیڤی ئەسپێکت و تێنسی ڕابوردوو هەموو بارودۆخەکە لە ڕابوردوودا دادەنێن، "باپیر ئەو کتێبەی خوێندەوە"، "خوێندنەوەکە" کۆتایی هاتووە. هەندێك دەربڕینی وەك "بەڵام" و "هیچیتر"، و بەکاردەهێنرێن تا ئەوە بگەیەنن، کە بارودۆخەکە لە ڕابوردوودا تەواو بووە، بۆ نمونە، "باپیر کتێبی دەخوێدەوە بەڵام ئێستا نایخوێنێتەوە"، یان " باپیر چیتر کتێب ناخوێنێتەوە".

### 3.5 تێنسی ئاییندە Future ense

ئەوەی باوە لەلای زوربەی زۆری زمانەوانەکان، بە تایبەت (Comrie (1985:123 کاتەگۆری تێنسی ئاییندە وا دیاریدەکات، وەك دانانی کاتی بارودۆخ لە دوای کاتی قسەکردنەوە، واتە، لەلای دەستە ڕاست لەسەر هێڵی دیاگرامی (٧)دادەنێت، دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا ئەوەی بۆ ڕابوردوو گوترا دەکرێت هەمان شتیش بۆ ئاییندە بشێت. سەبارەت بە دەرئەنجامەکان، کە بارودۆخی دیاریکراو لە کاتی قسەکردندا بەردەوام نابێت، بەڵکو ئەوە زیاتر گریمانەیە، لە بری ئەوەی بەشێکبێت لە واتای تێنسی داهاتوو لەبەرچاودەگیرێت، بۆ نمونە، "باپیر نانی نیوەڕۆ دەخوات"، ئەو گریمانەیە بەدور ناگیرێت، کە پێشتر "نان خواردن"، دەستی پێکردبێت، دواتر، هەردوو تیۆری زمانی گشتی و لێکدانەوەی زمانە تاکەکان و لێکدانەوەی دیاردە زمانیەکان بە تایبەت لە زمانی کوردیدا دەکرێت چەندان دەرهاویشتە بۆ گەیشتنە ئەنجام لەسەر تێنسی ئاییندە سودبەخشبن، سەرەتا بۆ زانینی ئەوەی ئایا ئەوە تێنسە یان نا، سەرنج بدە لە:

#### 3.5.1 بەرهەڵستکارەکان

(Comrie (1985:34-36 ژمارەیەك لە بەرهەڵستی دەخاتە پێش چاو سەبارەت بە ئاییندە:

(أ) بەرهەڵستکردنی بیری: بە سەرنجدان لە دیاگرامی هێڵی کاتی (٧)، ئەوە وەك (Comrie: (1985: 34 دەڵێت ئەوەی تێنسی ئاییندە لە ڕابوردوو جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە یەکەمیان بە پێچەوانەی دووەمیانەوە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەکەوێتە لای دەستە ڕاستی تێنسی ڕانەبوردووەوە، بەوەش لە تێنسی ڕانەبوردوو جیادەکرێتەوە، کە ڕوداوەکان پێشتر لە کاتی قسەکردنەوە ڕویانداوە و بێجگە لە خەیاڵی زانستی، توانای گۆڕانیان نییە و ناکەونە ژێر کۆنترۆڵی کردەوەکانی کاتی قسەکردنەوەوە، لە کاتێکدا کاتی ئاینده زیاتر بیرکردنەوەیین، لەوەدا، ڕوداوەکان وا پۆلێندەکرێن وەك ئەوەی دەشێت دواتر ڕووبدەن. بەڵام بە هۆی هۆکارێکەوە دەشێت بگۆڕدرێن یان بەرگری لە ڕودانیان بکرێت[١٦]، بۆیە ڕابوردوو زیاتر ئاشکرا و دیارترە، تێنسی ئاینده زیاتر لە موود نزیکە، بۆیە ناکەوێتە ژێر مەرجی ڕاستیەکانەوە. زمانەوانەکان وا بیردەکەنەوە کە لە کاتێکدا جیاوازی لە نێوان ڕابردوو و ڕانەبردوودا دانەیەکی تێنسیە، بەڵام لە نێوان ئاینده، لە لایەك و ڕابوردوو ڕانەبوردوو و لەلایەکەی ترەوە دانەیەکی موودیە لە بری تێنسی. بەلای Lyons (1968: 306) ەوە "داهاتویەتی زیاتر مەسەلەیکی موودیە وەك ئەوەی تێنسی بێت"، Comrie دەڵێت "کە ڕابوردو و داهاتوو جیاوازن لە یەکتر لە لایەکی دیاریکراوەوە، (بەو شێوەیە) ناکۆك نییە لەگەڵ ئەوەی وەك یەکبن لەگەڵ یەکتر لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە تەنانەت ئەو لایەنە زۆر گرنگانەبن کە پەیوەندیدارن بە تێنسەوە"،

(ب) نکولی و ڕەخنەی بیریی دەڵێت تێنسی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو جیاوازن لەیەکتر لە ڕویەکی دیاریکراوەوە، ئەو لایەنە گرنگانە لەوانەیە پەیوەندیان بە تێنسەوە هەبێت، دواتر پرسیاری ئەوە دەکرێت کە ئایا ئاماژەکردنی کاتی ئاینده لە ژێر ناونیشانی تێنس یان مووددا هاوپۆل دەکرێت. ئاینده بناغەی خۆی لەسەر سەرنج و تێبینی داناوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکان، لە نێویاندا زمانە ئەوروپی، کوردی و فارسی جیاوازی ڕێزمانی دیار بەخۆوە دەگرن لەنێوان تێنسی ڕابوردوو ڕانەبوردوو دا، لە کاتێکدا ئەو جیازازیە ڕێزمانییە دیارە لە نێوان تێنسی ئاینده و نا ئاینده شکنابرێت، بە تایبەت لە نێوان داهاتوو و ڕانەبردودا، لە کوردیدا جیاوازی لە نێوان ڕابردوو نا-ڕبوردوو بەڕێزمانیکراوە بەشێوەیەکی دیار، ڕابوردوو بەهۆی نیشانەکانی (D) یەوە دیاریکراوە لە کاتێکدا نا-ڕابردوو بەهۆی نەبوونی ئەو نیشانانەو و هەبوونی نیشانەی "دە-" وەیە، بەڵام ئەو جیاوازیە لە نێوان "داهاتوو" و "ڕانەبوردوودا" نییە. بۆیە لە زوربەی زمانەکانی دونیادا تێنسی ڕانەبوردوو بەهەمان فۆڕمەوە بەکاردەهێنرێت، تا ئاماژە بۆ کاتی بارووداوخی ئاینده بکات"بەیانی دەچم بۆ زانکۆ"، "دەچم" بەبێ بەیانی ئاڵۆزە، لە نێوان ڕانەبوردو، پرۆگرێسف و ئاییندەدا، بەلای Comrie (1985:45) یەوە "سەرنجەکانی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن، کە لەو زمانانەدا تێنسی داهاتوویان نییە، گەرچی ئەوە لە خودی خۆیدا بەڵگە نییە، کە بیری تێنسی ئاینده پیویست نییە لە تیۆری زمانی گشتیدا، چونکە تیۆری زمانی گشتی پێویستە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ سیستێمی تێنسی هەر زمانێکدا بکات". بەلای Comrie (1985:44) یەوە ئەوەی پێی دەگوترێت تێنسی ئاینده، لە ئینگلیزیدا پێشبینی سەبارەت بە هەندێك بارودۆخی ئاینده بنیاتدەنێت، بەو شێوەیە ئەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازی لە بنیاتە مۆدالەکاندا، کە ئاماژەکردنی بنیات بۆ دونیایەکی لەباتیی بنیاتدەنێن"، بۆ نمونە، "بەیانی باران دەبارێت"، ئەوە دەربڕینێکی دیاریکراوە سەبارەت بە بارودۆخێك، کە دەشێت دووا بەدوای کاتی قسەکردن ڕوبدات، بەهای ڕاستی دەربڕینەکەش دەشێت لە داهاتوودا تاقیبکرێتەوە،

[١٦] ئەوە هەندێك کاری وەك "مردن"، "پیر بوون" و ... ناگرێتەوە، ئەوانە ناکەونە ژێر کۆنترۆڵی بکەرەوە، چەندی ڕودانیان ماوەیەك لە کات بخایەنن هەر ڕوودەدەن و هیچ هێزێك ناتوانێت ڕێگریان لێبکات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئایا "بارین" ڕوودەدات یان نا، بەڵام لە "دەشێت بەیانی باران بباریت"، ئەگەر یەکەم پشت بە تاقیگەی زانسی ببەستێت ئەوا دووەم پشت بە میزاجی کەسی و لە حەز و ئارەزووی ئەوەوە سەبارەت بە دونیای چاوەڕوانکراوەوە سەری هەڵداوە، واتە ملکەچی هیچ خەملاندنێك بە هۆی سەرنجدانی زانستیەوە نابێت، "کەواتە چاوەڕوانکراوە، ئاماژەکردنی کاتی ئایندەمان هەبێت کە زەرورنییە مۆدالبێت".

(ت) نکولیەکیتر بە پێی Farahani (1990) سەبارەت بە بیری تێنسی ئایندە ئەوەیە، کە دەربڕینەکانی ئاماژەی "کات" زۆر جار بەشێوەیەکی مێژوویی لە دەربڕینە مۆدالەکانەوە هەڵێنجراون، بۆ نمونە، خواستن وەك will ی ئینگلیزی و ویستنی کوردی، بە ڕانبەر بە "wish / want"ن، لە کاتێکدا بەلای Comrie یەو پەیوەندی مێژویی کاریگەری نییە لەسەر پایەی ئەو فۆڕمانە. لەلایەکی ترەوە Lyons (1977: 618) دەڵێت "بە درێژایی مێژوو زمانە هیندو-ئەوروپیکان بە شێوەیەکی نەریتی وەك تێنسی ئایندە وەسفکراون و بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە زمانە جیاوازەکاندا، لە فۆڕمی-وشەکان یان فریزەکانەوە خوڵقێنراون، کە لە بنەڕەتا بۆ دەربڕین بەکارهاتوون، نەك ئایندێتی بەوشێوەیە جۆری جیاوازی نا-ئایندێتی و ئایندێتی مەسەلە و بابەتێکی موودیە وەك لەوەی تێنسی بێت"

پیشاندانی ئەو نکولیانەی سەبارەت بە بیری تێنسی ئایندە لە تیۆری زمانی گشتیدا، ڕێگە خۆشکەرە، تا بە بەراورد بە زمانی فارسی بزانین کوردی کاتەگۆرری ڕێزمانی (...) واتە تێنسی ئایندەی هەیە یان نا؟ لە فارسیدا زمانەوانە تڕادیشنەکان وا لە زمانی فارسی دەڕوانن، وەك ئەوەی تێنسی ئایندەی هەبێت، بە واتای ئەوەی ئەوان ڕانەبردوی پێرفێکتی ئۆگزیلەری خاستەن wish و ویستن want و چاوگی کورتی کار، بۆ نمونە، فردا خاهەد ڕەفت farda xah.ad raf.t- بەیانی دەیەوێت بڕوات"، (Lambton 1963L:154) لە Farahani (1990:115) یەوە، بە پێچەوانەوە دەگوترێت، ئەوەی پێی دەوترێت ئایندەی دیاریکراوی فارسی مۆدێرن "تێنس نییە، بەڵکو لە باشترین حاڵدا مۆدالەتیە" (Windfuhr,1978:537) لە (Farahani 1990:115) ەوە. دەکرێت ئەو خاڵانە لەبەرچاوبگیرێن:

(i) لە زمانی کوردی وەك فارسی تێنسی ڕانەبردوو بەکاردەهێنرێت، تا ئاماژە بۆ کاتی ئایندە بکات، تەنانەت لەو شوێنەشدا، کە بەکارهێنانی تێنسی ڕانەبردوو لەگەڵ ئاماژەکردنی کاتی ئایندە نە-گونجاوبێت.

(ii) هەر دوو زمانەکە گەلێك ڕێگا دەگرنەبەر بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کاتی ئایندە، یەکێك لەو ڕێگایانە بەکارهێنانی دەربڕینی "ویست و ئارەزوکردن + سیغەی چاوگی کورت"، لە زۆر باردا، تا ئاماژە بۆ کاتی ئایندە بکات، و هەروەها "ئیمپێرفێکتی ڕانەبردووی دەڕۆم" و "پێرفێکتیفی ڕانەبردووی ناسەرەکی بڕۆم= be-rav.am"، هەموو ئەوانە لە ژیانی واقیعدا وەك تەنها فۆڕمی ڕێزمانی، کە دەکرێت بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کاتی ئایندە بەکاربێن، و واتای کاتی ئایندە لە خۆدەگرن.

(iii ) دەربڕینی "ویستن و ئارەزوکردن" بەکارهێنانی تریشیان هەیە، بە تایبەت لە بواری بەکارهێنانی مۆدالی، کە مەرج نییە بە زەرورەت ئاماژەکردنی کاتی ئایندە بەخۆوە بگرن، بە تایبەت "ویستن" دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، تا جەخت لەسەر خواست، توانا و ئیرادە بکاتەوە، "دەیەوێت خۆی بنوێنێت". "وا خۆی پیشانبدات، کە جێگەی بڕوایە" و "دەبێت ئەوە نازەنین بێت"، و هەروەها.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(iv) لەلای Farahani دەربڕینی خاستەن xas.t.an بە مەبەستی فۆڕمکردنی ئەوەی پێی-دەگوترێت تێنسی داهاتوو بەکاردەهێنرێت، و لە تێنسی نا-ڕابردوودا سێ فۆڕمی هەیە، دوو فۆڕمی پێرفێکت و یەك فۆڕمی ئیمپێرفێکت، ئەسپێکتی پێرفێکتیف نیشانەکراوە لە یەکەمدا فۆڕمی پێرفێکتی نا-ڕابردوو بە هۆی مۆرفێمی سفر، بە واتای لە غیابی نیشانەی ئیمپێرفێکتی -mi و بە هۆی نیشانەی پێرفێکتیف -be لە دووەمدا. بۆ نموونە، "دەیەوێت بڕوات" و دووەم بۆ سنوردارکردنی کلۆزی سەربەخۆ تەرخانکراوە، "ئەگەر بیەوێت بڕوات ".

**3.5.2 هەندێك هۆکاری دەربڕینی ئایندە لە کوردیدا**

ئەو کار و دەبڕینانەی لە بنیاتی سیمانتیکیاندا ئاماژە یان واتای ئاماژەکردنیان بۆ بارودۆخی ئایندە هەیە، بۆ نموونە، ئەو کارانەی، کە واتای "بوون بە- become" وەردەگرن، "ئاوەکە دەبێت بە سەهۆڵ"، بەرانبەر بە Dahil (2000:251) "being to be” چەند ڕستەیەك لەو بارەوە پێشکەشدەکات:

(أ) You’ll soon become a big boy تۆ بەم زوانە دەبی بە کوڕێکی گەورە.

لە زمانی سویدیدا ڕستەیەکی وەك

(ب) Du blir snart en stor pojke

تۆ دەبیت/ڕانەبردوو بەمزانە یێك گەورە کوڕ

هەرسێ زمانەکە فۆڕمی "دەبێت = become= blir“ وەردەگرن "blir" ئارەزوویەکی گشتی هەیە بۆ بەکارهێنانی تێنسی ڕانەبردووی کارە تێلیکەکان بە مەبەستی ئاماژەکردنی کاتی ئایندە. ئەوە وا دەکات، کە دەبێت زیاتر لەگەڵ ئاوەڵکاری کاتی ئاماژەکەر بۆ کاتێك دوای کاتی قسەکردن بەکاربێت، بۆ نموونە،

(پ) بە یانی سارد دەبێت = Det blir kallt imorgon

ئەوە/ it دەبێت سارد بەیانی

لە بەکار هێنانەی "دەبێت" دا، لە هەرسێ زمانەکەدا ئاماژەکرنێکی دیاریان تیادا نییە بۆ گۆڕان، واتە ئەوە واتای گۆڕانی بارودۆخی ستاتیقی لە گەرم بۆ سارد ناگەیەنێت، بە بەڵگەی ئەوەی دەکرێت ئەو ڕستەیە لەکاتی دەربڕینیدا لەبارودۆخێکی ساردەوە وترابێت، بۆیە دەتوانی وشەی "هەروەها، کە بەرانبەر بە too = ocksa" دەوەستێتەوە زیاد بکەیت.

(ت) بارودۆخەکە باشدەبێت، کاتێك دەگەینە سلێمانی.

ئەو ڕستەیە پەیوەندی هۆکاری پێشاندەدات لە نێوان گەیشتنە سلێمانی و "ئاو و هەوا"دا. ؟دەبێت" بە شێوەیەکی خشکەیی ئەوە دەگەیەنێت، کە "ڕوداوێك" هەیە بارودۆخەکە دەگۆڕێت و چاوەڕوانکراوە.

سەرنج لە (ج) بدە

(ج) ئاهەنگەکە بە دڵنیاییەوە خۆش دەبێت.

"خۆش دەبێت" بارودۆخێکی دوای ئێستای چاوەڕوانکراوە، لێرەدا لە دوولایەنەوە سەرنجی لێدەدرێت، ئایا بارودۆخی ئاهەنگەکە لە کاتی قسەکردن دەستیپێکردووە و دواتر لەبارودۆخی ناخۆشی بۆ خۆشی دەگۆڕدرێت، کە واتای گۆڕانی هەمان بارودۆخە، کە دواتر ناکرێت وەسفی ئایندە بدەینە پاڵ "دەبێت"، یان ئاهەنگەکە دەستی پێنەکردووە و دواتر وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت دەستپێدەکات.

(ح) چاوپێکەوتنەکە دوایی ڕۆژی شەممە دەبێت



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەمان ڕستەی (ح) دەکرێت خوێندنەوەی تر وەربگرێت، واتە خوێندنەوەی چاوەڕوانکراو لە دەقی "ئایندە-لە داهاتوو-دا". بۆ نمونە،

(خ) بڕیارماندا کۆبوونەوەی ئاینده لە ٢٤ ئازاربێت

دوو خوێیندنەوە هەڵدەگرێت دەشێت "بڕیاردان" و "٢٤ ئازار بێت" هەردووك لە ڕابردوودا بن، یان یەکەم لە ڕابردوو دووەم بکەوێتە ئایندەوە.

(ھ) سەعات چوار لەوێدەبم.

بارودۆخی "لەویبوون" گریمانەیە بۆیە دەکرێت ڕونەدات.

فۆڕمی ئیمپێرفێکتی "ویستن/خاستن"، هەمیشە تێنسی پێرفێکتیڤی کلۆزی ناسەرەکی بەدوادا دێت، کە یەکەم خوێندنەوەی ڕانەبردوو و دووەم وەك فۆڕمێکی پێرفێکتیڤیتی واتای ئاماژەکردن بۆ بارودۆخی ئاینده وەردەگرێت. پێرفێکتڤی نا-ڕابردووی "خاستەن" لەگەڵ چاوگی-کورت کاتەگۆری تێنسی ئاینده بێت. دیارە ئەوانە زیاتر مودالن. بۆ نمونە ،"خواستن/ ویستن، ئامادەبوون، حەزکردن"، کە بەزەرورەت پێرفێکتیڤی کاری فەرهەنکی فرێزی ناسەرەکی بەدوادا دێت، وەك لە "ویستم بڕۆم I wanted to go". بەلای Bache (1985L:68) ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ بە شێوەیەکی لۆجیکی توانای ئاماژەکردنی بۆ پرۆگرێسڤی ڕانەبردوو، پرۆسە، بارودۆخ یان چالاکیەك نییە".

### 3.5.3 هەڵێنجانی بیری ئاینده لە بنیاتی سیمانتیکی فۆڕمی تێنسکان و گرفتی دەربڕینی داهاتوو

(١). هەمیشە جۆر و ناوەڕۆکی سیمانتیکی کارەکان دەبێت لەبەرچاو بگیرێن، بۆ نمونە، کارەکانی وەك هیواخواستن، حەزکردن، مەبەستبوون، نیازبوون، دەگەیەنن، بە چاوپۆشین لە نیەتی قسەکەر، هیچ شتێك بەدەست نەهاتووە. ئەوانە زیاتر مەیلیان بەرە و داهاتوو هەیە، وەك لە ڕابردوو، پەیوەستن بە پلان و باری سەرنجی ئێستایەتیەوە، بە تایبەت ئەو کارانەی خوێندنەوەی ستەیتیڤی وەردەگرن، و مەودایەکی فراوان داگیردەکەن، کە ئێستا، و داهاتوش دەگرنەوە.

(٢). دەربڕینی "be going to ڕۆیشتن بۆ" ئاراستەی ڕانەبردوو دەگوازێتەوە، و بیری "ڕانەبردووی هۆکار" یان "مەبەستی ڕانەبردوو" لە خۆدەگرێت.

(٣). لە ڕستەی سەربەخۆدا ئاماژکردنی ئاینده بەهۆی تێنسی ڕانەبردووەوە لە واتای ناوەکی هەندێك کاری کوردیدا بەدەردەکەوێت، بۆ نمونە، هاتن، ڕۆیشتن، گەیشتن، بەجێهێشتن، دەستپێکردن، کردنەوە و هەوڵدان و ...، ئەوانە، وەك کاری تێنەپەڕ ڕەفتاردەکەن و زیاتر چرکەساتین و تەنها لەسەر خاڵێك ڕوودەدەن، کە توانای فراوانبوونیان نییە، و وەك کاری چالاکی ئەتێلیکی مامەڵە دەکرێن.

(٥) لە ڕستەی نسادەکاندا، ڕستە ناسەرەکیەکان ئاماژە بۆ داهاتوو دەکەن، بۆ نمونە، "کە چوویت پارە لەگەڵ خۆت بەرە"، فۆڕمی تێنسی ڕستەی سەرەکی وەك "ڕابردوو لە ئێستادا" و تێنسی کاری ڕستەی ناسەرەکی لە فۆڕمی ڕانبەردوو بە خوێندنەوەی داهاتوودا دەبن.

(٦) هەندێك ئاوەڵکار کاتێك لەگەڵ کاری نا-ڕابردوودا ڕوودەدەن، ڕاستەوخۆ بیرەکانمان بەلای ڕوداو و بارودۆخی هەنووکەیی و ئایندەدا دەبەن، بۆ نمونە، "ئێستا، لەم کاتەدا، لە حاڵی حازردا و ...".



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٧) تێنسی نا-ڕابردوو هەردوو بێلایەن و پابەندنەبوون سەبارەت بە ئاماژەکردنی کات، ئەگەر گونجاوبوو لەگەڵ ئاماژەکەرەکانی کاتی "ڕابردوو، ڕانەبردوو و ئاینده"دا، لەبەر ئەوەی کوردی، فۆڕمێکی تایبەت و دیاریکراو نییە بۆ ئاینده زیاتر فۆڕمی نا-ڕابردوو بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت، دووبارەبوونەوە، و کردەوەی نەریتی نابنە پێکهێنەری کرۆکی سیمانتیکی فۆڕمی تێنسی ڕانەبردووی سادە، ئەوە زیادەی زمانی زیاتر، واتە دەقە ئەو خوێندنەوە بە فۆڕمی دیاریکراو دەدات.

(٩) لە زمانە ئەوروپیەکاندا، جیاوازی ڕێزمانی دیار لە نێوان ڕابردوو نا-ڕابردوودا دەبینرێت، لەکاتێکدا ئەو جیاوازیە نییە یان بەلانی کەمەوە کەمتر دیارە لە نێوان ئاینده و نا-ئاییندەدا، کوردیش بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکات. بەڵام، ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو زمانانەی تێنسی ئاییندەی دیاریان نییە، کە بیری تێنسی ئاینده پێویست ناکات لە تیۆری زمانی گشتیدا: "لەو کاتەوەی تیۆری گشتی دەبێت توانای مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ سیستێمی تێنسی هەر زمانێك، دەشێت ئەوە زەروربێت و ئەوە پێشاندەین، کە هیچ زمانێك نییە تێنسی ئاییندەی بە بەڕێزمانیکراوی هەبێت" (Comrie 1985:45).

(١٠). هەندێك زمان ڕێگە بەوە نادەن، هەمان فۆڕم هەردوو ئاینده و ڕانەبردوو دەربرێت، بۆیە دەشێت تێنسی ئاینده وەك کاتەگۆریەکی ڕێزمانی جیا لەو زمانانەدا کاربکات، بەلای Comrie یەوە بەکارهێنانی فۆڕمی جیاواز بۆ ڕانەبردوو و ئاماژەی کاتی ئاینده ناگەڕێتەوە بۆ سیستێمی تێنسی زمانی دیارکراو، بەڵکو ئەوە بۆ سیستێمی مودالەکەی و دەڵێت "هەندێك زمان بناغەی جیاوازی مودالیان هەیە لە نێوان ڕاستی realis و ناڕاستی irrealis دا، کاتێك ڕاستی ئاماژەدەکات بۆ ئەو بارودۆخانەی، کە لەواقیعدا ڕوویانداوە یان ڕوودەدەن، لەکاتێکدا نا-ڕاستی زیاتر بۆ بارودۆخی گریمانەیی بەکاردەهێنرێت، (...) لە نێویاندا، ئەو پێشنینیارانەی سەبارەت بە ئاییندەن. لە زمانی Burmese ئامرازەکانی کۆتایی-ڕستە te/tha/ta/hta بۆ ڕاستی بەکاردەهێنرێن، لە کاتێکدا ئامرازەکانی کۆتای-ڕستە me/ma/hma بۆ نارستی بەکاردەهێنرێن، بۆیە ئاماژەکردنی کاتی حازر لەژێر ناونیشانی Realis دادەنرێت. و هەر دوو تێنسەکە تێگەیشتن و زانینی ڕێزمانی جیاوازیان هەیە. سەیری (Comrie 1876:45-8 بکە.

(١١) لە ڕستە ناسەرەکیەکاندا، کلۆزی مەرجی و کاتی ... کوردی کاتەگۆری ڕێزمانی جیای بۆ ئاماژەکردنی کاتی ئاینده نییە. کەواتە، تیۆری تێنسی گشتی پێویستی بە توانا هەیە تا بیری تێنسی ئاینده بەدەستبێت، بۆیە دەکرێت، کە ئاماژەکردن بۆ کاتی ئاینده هەڵبهێنجرێت لە واتای فیچەرەکانی تر و ئەو فۆڕمانەی بەکاردەهێنرێن بۆ ئاماژەکردنی کاتی ئاینده، بەلای (Declerck (1984:297 تێنسی ئاینده ناتوانرێت لە ئەگەر-کلۆز دا، بەکاربهێنرێت، گەرچی واتای ئاییندەی هەیە، ئەوە بەلای (Quirk et el (1972:781 لە (Declerck 279 :1984) دوە، لە ئینگلیزیدا will لە دوای if بەکاردەهێنرێت، ئەگەر "ئەو ئاییندەیەی بەشێوەیەکی بەردەوام لە ئەگەر-کلۆزدا پێشکەشدەکرێت بڕیاری کاتی قسەکردن دیاریبکات" ئەوە بە شێوەیەکی سیمانتیکی لە کوردیدا دەبینرێت، بۆ نموونە، "ئەکەر هاتی نامەکەت بۆ دەنوسم" کاتی "گەیشتن" وا دەکات کردەوەی "نوسین" واتای پرۆگرێسف هەڵبگرێت"، بۆیە باوەڕ وایە، کە (ا) "ئەگر باپیر بەیانی بێت نازەنین هەموو شتێکی پێدەڵێت"، ئەوە "هەقیقەتی پیشنیارکراو لە ئاییندەدا دەردەبڕێت"، لە کاتێکدا، لە (ب)دا "نرخی گۆشت دابەزی تا ئەو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕادەیە، هەموو ئەو خانوانە پێویستە خێرا نرخی بۆدانێن"، ئەوە پێشنیاری ئایندەی پێشبینیکراو دەردەبڕێت: یەکەم لە جۆری "ئەگەر X هەڤیقەت بێت، پاشان پێشبینی Y دەکەم"، و دووەم لە جۆری "ئەگەر X پێشبینیکراوبێت، پاشان سەرەنجام ئاوا و ئاوا دەبێت" Declerck (1984:280). تاکە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا، وا دیاریدەکرێت، کە (ا) مەرجی کراووە پیشاندەدات، بۆ نمونە، کەسی دیاریکراو دەشێت بیت یان نا، ئەو کات بەشی دووەم ڕونادات، لە ڕستەی (ب) مەرجەکە "داخراوە"، قسەکەر پێشنیار دەکات کە ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە نرخی گۆشت دادەبەزێت، تا ئەو ڕادەیە، کەواتە خوێندنەوەکە دەبێت بە "ئەگەر X هەڤیقەتبێت"، بۆ (ا) بەکار دێت نەك بۆ (ب)، ئەوە بەلای Huddleston (1971: 306) جیاوازیەکان لەوەدان کە "ئەگەر ئەوە حاڵەتی ئەوە بوو کە ... " یان "ئەوە ڕاستە کە..".

(١٢). لە کلۆزی سەرەکیدا ناچارکردنێگی زور هەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی تێنسی ڕانەبردوو بە ئاماژەکرنی کاتی ئایندەوە، "بە واتای ئەوەی کە ئەو بارودۆخەی ئاماژەی بۆ کراوە پێویستە دانەیەك بێت کە بەبەرنامەکراوە، بۆ نمونە، "دوێنێ بەیانی شەمەندەفەکە سەعات پێنج ڕۆیشت"، "ڕۆیشتن" لە چوارچێوەی خشتەیەکدا پیشاندراوە،(Comrie 1985L47)" لە کاتێکدا، "it rains tomorrow" بەیانی باران دەبارێت"، ناوێزەیە و بەلای قسەکەرانی ئینگلیزیەوە نەگونجاوە.

(١٣) سروشتی هەر زمانێك وەك هۆکاری پەیوەندیکردن، دەبێت و بەزەرورەت چەند ڕێگایەکی هەبێت تا بەهۆیانەوە بیری، پێشتری، هاودەمی و دواتری" دەربڕێت، کوردی سەبارەت بە باسکرن و ئاماژەکرن بۆ بارودۆخی ڕابردوو بەوانەشەوە کە هاوکاتن بە کاتی قسەکردن گرفتی نییە، بەڵام بەناچاری فۆڕمی تێنسی ئیمپێرفێکتڤی ڕانەبردوو بەکار دەهێنێت، تا ئاماژەکردنی کاتی ئایندە پیشانبدات.

(١٤) ئایا تێنسی ڕانەبردوو، کە دەتوانێت دوو ئەرك ببینێت، ئەوە لەوەوە هاتووە، کە لە ناوەرۆکدا دوو واتای هەڵگرتووە، واتای ڕانەبردوو و ئاماژەکردنی کاتی ئایندە. یان واتایەکی باو و گشتی لەخۆدەگرێت، کە دەکرێت واتای ڕانەبردوو و ئایندە، نەریت، وەسفی هەڤیقەت و .... هاوپۆل بکات و بەکاریان بهێنێت، تا ڕانەبردووی گێڕانەوەیی و شتی تریش بگەیەنێت، بە تایبەت ئەو کاتانەی، کە ڕانەبردوو بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بکات بۆ بارودۆخی ڕابردوو.

(١٥) هەر بەندێکی زمانی تاکی ڕستەیەکی دیاریکراو واتایەکی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا هاوبەشی لە واتای سەرجەم ڕستەیەکی دیاریکراودا دەکات، و بەگشتی باشترین لێکدانەوە و بۆچوون لەوەدایە، کە دانەزمانیەکان واتایەکی گشتی باویان هەیە و دواتر هەموو بەکارهێنانەکانی تری تێنسی ڕانەبردوو دەکرێت هاوپۆلبکرێن لەژێر ئەو واتا گشتییەدا.

(١٦) دیاریکردنی دەقی-سەربەخۆ واتای نا-ڕابردووی کوردییە، کە لە هەمان کاتدا وەك ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ و دەربڕینی بیری هاودەمییە، بەواتای ئەوەی دانانی کاتی بارودۆخ لە خاڵێکی دیاریکراوی کاتدا.

(١٧) خاڵی کاتێکی دیاریکراو بریتییە لە کاتی قسەکردن، لەو بارانەدا، کە هیچ ئاوەڵکارێکیتری ئاماژەکەر بۆ خاڵی کاتی تر جگە لە کاتی قسەکردن نەبێت، یان کاتێك، کە بکەری ڕێزمانی لە هەڤیقەتدا سەرقاڵی کردنی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کردەوەیەکە بە هۆی کاری فەرهەنگیەوە دیاریدەکرێت. بۆ ڕابردوو یان ئاینده، که ئاوەڵکاری کاتی ئاماژه بۆ خاڵی کات لە پێش یان هاوکات بۆ کاتی قسەکردن دەکات.

### 3.5.4 سەرەنجام:

(ا) کارەکانی "ویستن" و نمونەی وەك ئەوان بنیاتی فۆڕمی تێنسی"مودالن"، (ب) کوردی کاتەگۆری ڕیزمانی جیا بۆ ئاماژەکردنی کاتی ئایندەی نییە، (ج) بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە بیری ئاینده زەرور نییه بۆ لێکدانەوەیەکی گونجاو و ڕاست لە سیستێمی تێنسی کوردیدا، (د) سروشتی هەر زمانێك وەك هۆکاری پەیوەندیکردن، بەزەرورەت دەبێت چەند ڕێگایەکی هەبێت تا بەهۆیانەوە بیری، پێشتری، هاودەمی و دواتری" دەربڕێت، بۆ ئەو مەبەستە کوردی وەك زۆر زمانی تر بە زۆری تێنسی ڕانەبروو بەکاردەهێنێت، لەگەڵ هەندێك ئامرازی تردا. (ه) لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، بۆ نمونە، ئایا تێنسی ڕانەبردوو، کە دەتوانێت دوو ئەرك ببینێ، ئەوە لەوەوە هاتووە، کە لە ناوەرۆکدا دوو واتای هەڵگرتووە، واتای ڕانەبردوو و ئاماژەکردنی کاتی ئاینده. یان واتایەکی باو و گشتی لەخۆدەگرێت، کە دەکرێت واتای ڕانەبردوو و ئاینده، نەریت، وەسفی هەقیقەت و .... هاوپۆل بکات، و بەکاردەهێنرێت، تا ڕانەبردووی گێڕانەوەیی و شتی تریش بگەیەنێت، (و) هەر بەندێکی زمانی لە ڕستەیەکی دیاریکراودا واتایەکی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا هاوبەشی دەکات بۆ واتای سەرجەم ڕستەکە، و زیادەی زمانی کەمێك لە واتاکەی بەلایەکی تردا دەبات. (ح) ڕەگی نا-ڕابردووی کار و ڕاناوی گونجاو "بڕۆم"، لە جەوهەردا نا-ڕابردووی پێرفێکتیفە، کە هەمیشە لە ڕستەی ناسەرەکیدا ڕوودەدات و ڕستەی فەرمانی، کە وەك کلۆزی نا-سەربەخۆ دیاریدەکرێت، ئەوە لە سروشتیدا لەگەڵ ئاماژەکردنی کاتی ڕانەبردوودا ناگونجێت، چونکە ئاماژەکردنی کاتی ئایندەی هەیە. "بە ئەوم وتبوو، کە بڕوات" کاتی "ڕۆیشتنەکەی، دەکەوێتە ئایندەوە پەیوەست بە خاڵی کاتێکەوە، کە بەهۆی کاری سەرەکیەوە "وتبووم-I had told "، دادەمەزرێت"، دیاریکردنەکانی Comrie بۆ تێنسی ئاینده "دانانی بارودۆخ دووابەدووای کاتی قسەکردن"، ئەگەر ئەوە بگۆڕدرێت بۆ خوێندنەوەی "دانانی کاتی بارودۆخ لەدوای خاڵی ئەو کاتەی بەهۆی دەقەوە وەردەگیرێت وەك چەقی ئاماژەکردن" (Farahani 1990:119) دەبێت وەك پێناسەیەك بێت، کە بۆ هەردوو پێرفێکتیفی نا-ڕابردوو کلۆزی ناسەرەکی لەبەرچاوبگیرێت، بە واتای نا-ڕابردووی مەرجی.

## 4.0 سیستێمی تێنس لە کوردی و زمانەکاندا

### 4.1 تێنسی تەواو:

کاتێ باسی تێنسی فۆڕمی کارەکانی کوردی دەکرێت، تایەبەتمەندێتی بیری بەرێزمانیبوونی پێشتری، دواتری و هاوکاتی لەبەرچاودەگیرێن: بەو پێیە دەبێت کارەکانی زمانی کوردی تێنسی تەواو، یان ئاماژەی کاتی پەیوەندیاریان هەبێت. جیاوازی لە نێون تێنسی تەواو و پەیوەندیدار، فەرمانێکی بنەڕەتی و بناغەییە لە تیۆری تێنسەکەی Comrieدا، و بە جیاوازی تڕادیشنی دەزانێت، Dahil (1978:492) ئەوە بە ڕێگە ونکردن دەزانێت، چونکە تەنانەت تێنسە تەواوەکانیش لە خودی خۆیاندا پەیوەندیدارن لە واتا و تێگەیشتندا — ئەوە ڕوداوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی قسەکردن. بەهۆی سەرنجدانەوە دەتوانین زاراوە تڕادیشنیەکان دیاریبکەین، تێنسە تەواوەکان یەك "پلەی ئازاد" زیاتر لە تێنسە پەیوەندیدارەکان بەخۆوەدەگرن. بۆیە، یەك پێوانە بەهۆی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بارودۆخی قسەکردنەوە دراوە، تایبەتمەندی تێنسە تەواوەکان، لەوەدایە، کە بۆ هەموو مەبەستە پراکتیکیەکان "یەك-شوێن one-place" هەن. Comrie تێنسە تەواوەکان لە ژێر ناونیشانی ڕانەبردوو، ڕابردوو، داهاتوودا کۆدەکاتەوە،

Dahil ئاماژە بۆ بیرێك دەکات، کە لەلای Comrie ئامادە نییە، ئەوەش بریتییە لە نیشانەکراوی، ڕانەبردوو پەیوەست بە تێنسەکانیتر لە کوردیدا، کاتەگۆریەکی نیشانە نەکراوە، ئەوەش لەسەر بنەمای وەسفێکی سەربەخۆی ناوەرۆکی سیمانتیکی و دەرەکی ئەو کاتەگۆریەدا بەدەستدێت، Comrie دەڵێت، یەکێك لە واتا بنەڕەتیەکانی ڕانەبردوو دانانی بارودۆخە لە کاتی قسەکردندا، تەنانەت ئەگەر ئەو بارودۆخەی بە هۆی تێنسی ڕانەبردووەوە ئاماژەی بۆدەکرێت لەگەڵ کاتی قسەکردندا بە شێوەیەکی حەرفی نەچنە سەریەکیش.

Comre باس لە دوو جۆر تێنسی پەیوەندیدار دەکات، بۆ نمونە، "تێنسی پەیوەندیداری تەواو pure relative tense" بە هۆی پارتیسپڵ نمونەی لە ئینگلیزیدا بۆ دێنێتەوە، "گەشتیارەکان لە چاوەڕوانکردنی گەشتی ٣٦دا گەیشتنە سەکۆی فڕینی ٥."، و "تێنسی پەیوەندیداری تەواو بەهۆی ڕابوردووی پلوپێرفێکتەوە نمونەی بۆ دەهێنێتەوە، تا "خاڵی ئاماژەکردنی دانانی کاتی تەواو لەگەڵ دانانی کاتی بارودۆخی پەیوەندیدار پێکەوە ببەستێتەوە"، بەو شێوەیە، تێنسی پەیوەندیداری تەواو، بەلانی کەمەوە لە ئینگلیزیدا وا دەردەکەوێت، وەك ئەوەی دیاردەیەك بێت سەبارەت بە کاری ڕستە ناسەرەکیەکان. و لە ل ٦٣دا ئەوە دیاریدەکات، کە "هەندێك زمان تەنانەت لەو شوێنەش کارەکانی کلۆزی سەرەکی ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیدار وەردەگرن، بۆ نمونە، کلاسیکی عەرەبی: لە سەروی بەهای ئەسپێکتیەکانیشیانەوە، ئیمپێرفێکت ڕەگەزەکانی واتای ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیداری نا-ڕابردووی هەیە، لەکاتێکدا پێرفێکت ڕەگەزی واتای ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیداری ڕابردووی هەیە .

(١) ئەگەر سەفەرمانکرد، لەگەڵ ئێوە سەفەردەکەین. أذا سافرنا فسوف نسافر معكم Comrie "سەفەرکردن" لە پێش "ڕۆیشتن"دا ڕوونادات. Comrie پێی دەڵێت "توخمی پێکهێنەری واتای ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیدار". پێرفێکتی کلاسیکی عەرەبی هەمان سروشتە وەك زنجیرەی لێکدانەوەی کارە پێرفێکتیڤەکان لە گێڕانەوەدا، بەلای (1978:495) Dahil وە "سیستێمی تێنس-ئەسپێکت لە زمانی Yoruba و کوردی و ئینگلیزی زۆر لێکدەکەن. لەوێدا هیچ هاوتایەك بۆ تێنسی ڕابردوو نییە. لە هەردوو زمانەکەدا Yoruba and Kurdish دەبینی جیاوازیەك نییە لە نێوان نیشانەکانی تێنس و ئەسپێکتدا."

بەلای (1976:36) Comrie ) یەوە، تێنسی تەواو بەکار دەهێنرێت تا ئاماژە بۆ ئەو تێنسانە بکات، کە کاتی قسەکردن وەك چەقی ئاماژەکردن وەردەگرن. دواتر، ئەو زاراوەیە، بە تەواوی بە گونجاو نازانێت، چونکە ئاماژەکردنی کاتی ورد و تەواو دەگمەنە هەبێت، "تاکە ڕێگایەکی دانانی بارودۆخ لە کاتدا پەیوەندی بە هەندێك خاڵی کاتی ترەوە هەیە، کە پێشتر دامەزراوە، کاتی قسەکردن بە شێوەیەکی دەستوری تەنها دانەیەکی بێسنوری خاڵی کاتەکانە، کە دەتوانرێت هەڵبژێرێت وەك خاڵی ئاماژەکردن". تێنسی تەواو تایبەتمەندێتی ئەوە لەخۆ دەگرێت، کە کاتی قسەکردن وەك چەقی ئاماژەکردن و بەشێك لە واتاکانیان لە خۆدەگن، بە پێچەوانەوە لەگەڵ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فۆڕمی کارەکانی تێنس-ئەسپێکتدا، کە خاڵی کاتی تر وەك چەقی ئاماژەکردن لەبری کاتی قسەکردن وەردەگرن و کاتی قسەکردن نابێتە بەشێك لە واتاکانیان.

### 4.2 تێنسی پەیوەندیدار

تا ئەم کاتە ئەوەمان جێگیرکرد، کە ڕابردوو نا-ڕابردوو لە زمانی کوردیدا تەنها و هەمیشە ئاماژەکردنی کاتی تەواویان نییە، بەڵکو دەشێت هەردوو ئاماژەکرنی کاتی تەواو و پەیوەنیداریشان هەبێت، جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا ئەوەیە، کە تێنسی تەواو خاڵی ئاماژەکردن بۆ دانانی بارودۆخەکان لە کاتدا ماوەی کاتی قسەکردنە، لە کاتێکدا لە مەودای تێنسی پەیوەندیداردا خاڵی ئاماژەکردن بۆ دانانی کاتی بارودۆخ هەندێك خاڵی کاتی ترە بەدەر لە کاتی قسەکردن، کە بە هۆی دەقەوە دیاریدەکرێت، بۆیە، لەو بارانەدا پشت بە دەق دەبەسترێت، بە پێچەوانەوە تێنسی تەواوەوە، کە سەربەخۆی-دەقیە. هاوڕاین لەگەڵ Farahani، کە دەبێت پێناسەکەی Comrie هەندێك گۆڕانکاری بەسەردابێت، کە لەگەڵ گوردیدا تەواو گونجاوە، بۆ نمونە، تێنسی ڕابردوو کاتی بارودۆخ لە پێش، یان لەسەر خاڵی کاتێك لە پێش خاڵی ئاماژەکردن دادەنێت، کە بەهۆی دەقەوە وەك چەقی ئاماژەکردن وەردەگیرێت، و نا-ڕابوردووی ئیمپێرفێکتیڤ بەسەر هەردووك "داهاتوو" و "ڕانەبوردوو"دا هاوپۆل دەکات، بارودۆخەکان لەسەر خاڵی کاتی نا-ڕابردوو دادەنرێت، کە دەبێتە ماوەی کاتی قسەکردن، کاتێك، کە خاڵی تر، کە بەهۆی دەقەوە دەدرێت لە ئارادا نەبێت.

بە شوێن (50 -Comrie (1985:56 دا چەند نمونەیەك وەردەگرین، کە تێیدا فۆڕمی کاری نا-دیاریکراو بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژەکردنی کاتی بەخۆوە دەگرن، بە پێچەوانەی فۆڕمی کاری دیاریکراوەوە، کە هەمیشە ئاماژەکردنی کاتی تەواویان هەیە، "فۆڕمی کارە دیاریکراوەکان ئاماژەردنی کاتی پەیوەندیدار بەخۆوەدەگرن، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا ماوەی قسەکردن چەقی ئاماژەکردنە یان نا، بەڵام فۆڕمی کارە نا-دیاریکراوەکان، واتە ڕانەبردوو و ناوی بکەری/بەرکاری past participle تەنها ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیداریان هەیە"[١٧] (Farahani 1990:121). بەلای (Comrie (1985: 56 یەوە باشترین ڕونکردنەوە سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان تێنسی تەواو absolute و پەیوەنیدار relative دەکرێت بەرێگەی لێکۆینەوە لە جیاوازی چونەسەریەکی بیریەوە، لە مەودای ئاوەڵکارەکانەوە بێت، "چونکە لێرە تا ڕادەیەك ئاسانترە، تا ئەو هۆکارانە بەتەواوی ببینی، کە هاوبەشی دەکەن" ئەو ئاوەڵکارانەی بەهای ئاماژەکردنی کاتی تەواویان هەیە، دەتوانن بارودۆخەکان پەیوەست بە ماوەی قسەکردن دابنێن لەکاتدا، بۆ نمونە، "ئەمڕۆ" (ئەو ڕۆژەی ماوەی قسەکردن لەخۆدەگرێت)، "دوێنێ"، (ئەو ڕۆژەی پێش ئەو ڕۆژە دەکەوێت، کە ماوەی قسەکردن لەخۆدەگرێت)، "بەیانی" (ئەو ڕۆژەی دوای ئەو ڕۆژە دێت، کە ماوەی قسەکردن لەخۆدەگرێت). هەموو ئەوانە وەك نمونە گەلێك لە تێنسی پەیوەندیدار دەزانێت.

---

[١٧] بەواتای (١) ناوی بکەر دێت: وشەیەکە لە زمانی ئینگلیزی بە هۆی زیادکردنی ing– بۆ کارەکە وەردەگیرێت بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ بەردەوامێتی دێت، بۆ نمونە، he is running یان وەك ئاوەڵناو (سیفەت) وەك لە the running house و (٢) ناوی بەرکار: وشەیەکە لە زمانی ئینگلیزیدا لە کاری تێنەپەڕ بە زیادکردنی پاشگر و پێشگر یان گۆڕانی بزوێن لە ناو کارەکە یان هەردووکیان وەردەگیرێت، بۆ نمونە، broken, sung, wlked (شکار، (گۆران) وتراو، ڕویشتوو، و وەك ئاوەڵناو بەکاردەهێنرێت، وەك a broken window یان بەشێك لە کارەکە، تا ئاماژە بۆ تەواو بکات، بۆ نمونە، had beoken شکاووە /قد کسر یان ئاماژە بۆ کارابزر بکات، بۆ نمونە، was broken شکابوو :( al Khuli 1982: 202-203)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەندێك ئاوەڵکاری تر، بارودۆخی دیاریکراو پەیوەست بە هەندێك کاتی تر دادەنێن، کە بەهۆی دەقەوە دیاریدەکرێت، بۆ نمونە، لە هەمان ڕۆژدا، لە ڕۆژی پێشتردا، لە ڕۆژی دواتر و هەروەها، کە وەك نمونەی ئاماژەکردنی کاتی پەیوەندیدار مامەڵە دەکرێن، بۆ نمونە،

(أ) لە ڕۆژی دواتردا باپیر چەقۆی چێشتخانەکەی تیژکردەوە.

لێرەدا، دەبێت بەدوای خاڵی ئاماژەکردندا بگەڕێیت، لە بواری ئەوەی، کە "لە ڕۆژی دواتر"، چ ئاوەڵکارێکی کاتە، و دەگوترێت، "لە رۆژی دواتر لەدوای چی؟، ئەوە لە گەڵ ئاوەڵکاری ئاماژەکردنی کاتی تەواو، ئەو پرسیارە سەرهەڵنادات. بۆ نمونە،

(١٠) بەیانی باپیر لە هەندەرانەوە میوانی دێن.

دووبارە لێرەش گرفتەکە لەوەدایە کە (ا) چۆن بتوانین کاتی ئەو ئاوەڵکارە بگەڕێنیتەوە بۆ سیستێمی نا-چەقی کاتی هاوپلە، و (ب) نازانین "بەیانی" چ ڕۆژێکی حەفتەیە، یان بەلانی کەمەوە نازانین "بەیانی" دەکەوێتە چ بەروارێکەوە، بۆیە تا ئەو کات، لە تواناتا نابێت چەقی ئاماژەکرن دیاریبکەیت، دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت، تا ڕستەکە ناوەرۆکی ڕون و ئاشکرای خۆی بگەیەنێت.

### 4.2.1 تێنسە پەیوەندیدارە-تەواوەکان

ئەو جۆرەی تێنس لە بواری "ڕابردوو-لە-ڕابردوو"دا جێبەجێدەکرێت، لە کاتێکدا ڕانەبردووی پێرفێکت ئەو مامەڵەکردنە وەرناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کە وەکیەکیەکی دیار و ئاشکرا هەیە لە نێوان پێرفێکت و تێنسە پەیوەندیدارە-تەواوەکاندا. بە پێچەوانەوە، بە لای Dahil ەوە، پێرفێکت جیاوازە لە تێنسی "پەیوەنیداری-تەواو"، لەبەر ئەوە ناکرێت مامەڵەی فۆڕمی چونیەکی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام Comrie دەڵێت پێرفێکت و ڕابردوو جیاوازیان نییە لە بواری دانان لە کاتدا. چونکە هەردووکیان کاتەکان لە پێش کاتی قسەکردندا دادەنێن. لە کاتێکدا، کە ئەگەر لە هەندێك ڕووەوە لەیەك بچن ئەوە مەرج نییە هەمان واتای وەك یەك وەرگرن، بۆیە، کە ئەوە ڕابردوو بێت ئەوە ئەوەکەیتر ڕانەبردووی پێرفێکتە. " تێنسی تەواو بارودۆخی دیاریکراو دادەنێت، لە سەر، لە پێش، یان دوای کاتی قسەکردنەوە، و تێنسی پەیوەندیدار بارودۆخەکە لە سەر، لە پێش یان لەدوای خاڵێکی ئاماژەکردنەوە دادەنێت، کە بەهۆی دەقەوە دەدرێت" (Comrie 1895:56)، کەواتە جیاوازی لە نیوان تێنسی تەواو و پەیوەنیدار ئەوە نییە، کە لە نێوان کاتی قسەکردن بە پێچەوانەی هەندێك خاڵی تر لە کاتدا وەك خاڵی ئاماژەکردن بێت، بەڵکو لە نێوان فۆڕمێکدایە، کە واتاکەی کاتی قسەکردن دیاریدەکات، وەك خاڵی ئاماژەکردن و فۆڕمێکی تر، کە واتاکەی ئەوە دیاریناکات، کە کاتی قسەکردن پێویستە خاڵی ئاماژەکردنەکەی بێت. تێنسی پەیوەنیدار کاتی قسەکردن وەردەگرێت وەك دانەیەك لە خاڵی ئاماژەکردنی چاوەڕوانکراو، بەڵام ئەوە گرفتی لێکدانەوەیە لەبری واتاکەی" (هەمان سەرچاوە ١٩٨٥:٥٨).

تێنسی پەیوەندیداری-تەواو ئاماژ بۆ ئەو فۆڕمانە دەکات، کە ئاماژەکردنی کاتی تەواو و پەیوەندیدار پێکەوە کۆدەکەنەوە. بە لای Declerck ەوە، هەموو کارەکانی ئینگلیزی دەبێت پەیوەندیداری-تەواوبن، و هەموو ئەوانەش، کە کاتی بارودۆخەکان بە شێوەی بناغەیی، وەك هاوکات لە گەڵ خاڵی ئاماژەکرنی کات دادەنێن، و بە هۆی ئاوەڵکاری کاتی، یان فۆڕمی کارەوە لە دەقەکەدا دادەمەزرێن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەپێی پێناسەکەی Comrie بۆ تێنسی پەیوەنیداری-تەواو یەکێك لە فۆڕمی ئەو کارانەی لە سیستێمی تێنسی کوردی و فارسیدا دەبینرێت، ئەوە ئیمپێرفێکتیڤی ڕابردووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو تێنسە، دەشێت بەکاربهێنرێت — بە هۆی ئامادەبوونی نیشانەی دە- /می- ، کە واتاکەی دەربڕینی ئەو بارودۆخەیە وەك ئەوەی بەردەوامبێت، و خاڵی کاتێك دەگەیەنێت کە بارودۆخەکە وەك بەردەوام پێشکەش دەکرێت — بارودۆخەکە لەسەر خاڵی کاتێك دادەنرێت، کە پێش کاتی قسەکردن دەکەوێت؟ لە کاتێکدا لە ڕستەیەکی وەك "باپیر دوێنێ نامەی بۆ باوکی دەنوسی" ئیمپێرفێکتی ڕابردوو تەنها کاتی بارودۆخەکە لە خاڵی کاتی دیاریکراودا دانانێت، کە بەهۆی ئاوەڵکاری کاتیەوە دامەزراوە، بەڵکو هەروەها ئامادەبوونی نیشانەی تێنسی ڕابردوو (D)جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خاڵی کاتی باس لێوەکراو لە پێش خاڵی کاتی ترەوەیە، کە دەبێت بەهۆی دەقەکەوە ڕێگری نەکرێت، کە خاڵی کاتی قسەکردنە. ڕستەیەکی وەك "من بە ماری دەڵێم، کە من نامەیەکم دەنوسی کاتێك ئەوە ڕویدا" (لە فارسیەوە) ئەوە پیشاندەدات، کە ئیمپێرفێکتی ڕابردوو، "دەمنووسی" دەشێت بەکاربهێنرێت، تا کاتی ئاماژەکردنی بارودۆخ لەسەر خاڵێکی ئاماژەکردن دابنێت، کە دەکەوێتە کاتێکەوە لەپێش چەقی سەنتەری دووەم، کە بەهۆی دەقەوە دادەمەزرێت و بە هۆی ڕاپۆرتدانی "بە ماری دەڵێم" لە بری کاتی قسەکردن. کەواتە ئیمپێرفێکتی ڕابردوو دەشێت پەیوەندی-پەیوەنیداری هەبێت.

### 4.3 سیستێمی تێنسی دووانە

بناغەی دابەشکردنی تێنس لە زوربەی زۆری زمانە ئەوروپیەکاندا بریتیە لە ڕابردوو بەرانبەر بە نا-ڕابردوو، لەگەڵ وەچە دابەشکردنێك لە مەودای نا-ڕابردوودا. Comrie (1985:49) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە زوربەی زۆری زمانەکاندا، زۆربەی تێڕوانینەکان لەسەر دوو-لایەن two-fold جەختدەکەنەوە، و سەرجەم ئەوە هەڵدێنجین، کە "(ا) لەو زمانانەدا تێنسی ڕانەبردوو بۆ ئاماژەکردنی کاتی قسەکردن لە لایەك و لەلایەکی ترەوە، بۆ دەربڕین و ئاماژەکردن بۆ کاتی ئاینده بەکاردەهێنرێت. (ب) ئەوەی پێی دەگوترێت تێنسی ئاینده بەکارهێنانی مۆدالی هەیە، کە ئاماژەکردنی کاتی ئاینده ناگرێتەوە" (Farahani 1990:120)، بە پێی باری سەرنج و سیستێمەکەی Comrie، دابەشکردنی بناغەی سیستێمی تێنس لە کوردیدا بە تایبەت لە نێوان ڕابردوو نا-ڕابردوودا ڕون و ئاشکرایە. کەواتە دەکرێت بکوترێت، کە ئەو سیستێمە سیستێمی دوو زاراوەییە، هەردوو زاراوەکە ڕابردوو نا-ڕابردوو پەیوەندیان بە تێنسی تەواوەوە هەیە.

## 5.0 پوختەی باسەکە

### 5.1 پوختەی باسەکە بە کوردی

(أ) ڕابردوو و نا-ڕابردوو لە زمانی کوردیدا تەنها و هەمیشە ئاماژەکردنی کاتی تەواویان نییە، بەڵکو دەشێت هەردوو ئاماژەکرنی کاتی تەواو و پەیوەنیداریشان هەبێت.

(ب) لە تێنسی تەواودا، خاڵی ئاماژەکردن بۆ دانانی بارودۆخەکان لە کاتدا ماوەی کاتی قسەکردنە، بەڵام لە تێنسی پەیوەندیداردا خاڵی ئاماژەکردن بۆ دانانی کاتی بارودۆخ هەندێك خاڵی ترە بەدەر لە کاتی قسەکردن، کە بە هۆی دەقەوە دیاریدەکرێت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ت) تێنسی ڕابردوو کاتی بارودۆخ لە پێش، یان لەسەر خاڵی کاتێك لە پێش خاڵی ئاماژەکردن دادەنێت، کە بەهۆی دەقەوە وەك چەقی ئاماژەکردن وەردەگیرێت.

(پ) نا-ڕابردووی ئیمپێرفێکتیڤ، ئەرکی هاوپۆلکرنی تێنسی نا-ڕانەبردوو بە سەر داهاتوو و ڕانەبردوودا لە ئەستۆدەگرێت، بارودۆخەکان لەسەر خاڵی کاتی نا-ڕابردوو دادەنرێت، کە دەکاتە ماوەی کاتی قسەکردن. لەو بارانەدا، کە خاڵی تر، کە بەهۆی دەقەوە دەدرێت لە ئارادا نەبێت.

(ج) کوردی وەك زوربەی زۆری زمانە ئەوروپیەکان بنیاتی سیستێمی تێنسەکەی لە سەر بنەمای ڕابردوو بەرانبەری بە نا-ڕابردوو دامەزراوە، لەگەڵ وەچە دابەشکردنێك لە مەودای نا-ڕابردوودا، کە تێیدا نا-ڕابردوو لەسەر بنەمای دوو-لایەن دامەزراوە، لە لایەکەوە، ئاماژە بۆ کاتی قسەکردن و لە لایەکەی ترەوە ئاماژەکردن بۆ کاتی ئاینده دەکات.

(ح) تێنسی ئاینده بەکارهێنانی مۆدالی هەیە، کە ئاماژەکردنی کاتی ئاینده ناگرێتەوە.

(خ) فۆڕمی تێنسی کارەکانی کوردی تایەبەتمەندێتی بیری بەرێزمانیبوونی پێشتری، دواتری و هاوکاتی بەخۆوە دەگرن.

(د) ئەسپێکت پێمان دەڵێت، چۆن بارودۆخ یان کردەوەکان ڕەفتار لەگەڵ "کات"دا دەکەن. واتە ئایا ڕوداوەکان لە باری تەواو، بەردەوام یان لە دووبارە بوونەوەدان یان نا. بناغەی ئەسپێکت لە بنچینەدا لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان بارودۆخی پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤێتی دامەزراوە.

(ژ) کوردی وەك هەر زمانێکی تر فۆڕمێکی ئەسپێکتی وەك تێنسی ڕانەبردووی پێرفێکت بە خۆوە دەگرێت، کە بارودۆخی حازر دەردەبڕێت وەك دەرهاویشتەی کردەوەی پێشتری دەردەبڕێت.

(ر) سێ سیستیم، تێنس، ئەسپێکت و موود، مامەڵە لەگەڵ فۆڕمی تێنسدا دەکەن، و نەریت بە هۆی تێنس و ئەسپێکتەوە دەردەبڕدرێت، کە لە وانە فۆڕمی تێنستی ڕانەبردوو و ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ ڕابردوو بۆ ئەو مەبەستە گونجاون. ئەسپێکت لەگەڵ تێنسدا ناوبەند پەیوەندە، پێمان دەڵێت ئایا بارودۆخی باسکراو بە تەواوی کەوتۆتە پێش کاتی ئێستا، یان دەشێت لەدوای ئەویشەوە بەردەوامی هەبێت،

(ز) کوردی فۆڕمی تێنسێکی دیاریکراوی بە ڕیزمانی کراوی جیا بۆ ئاماژەکردنی کاتی ئاییندەی نییە، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە بیری ئاینده زەرور نییە بۆ لێکدانەوەیەکی گونجاو و ڕاست لە سیستێمی تێنسی کوردیدا.

(س) هەر بەندێکی زمانی لە ڕستەیەکی دیاریکراودا واتایەکی هەیە، لە هەمانکاتدا هاوبەشی دەکات بۆ واتای سەرجەم ڕستەکە، و زیادەی زمانی کەمێك لە واتاکەی بەلایەکی تردا دەبات.

(د) "داهاتویەتی زیاتر مەسەلەیکی موودیە وەك ئەوەی تێنسی بێت"، Comrie دەڵێت "کە ڕابردو و داهاتوو جیاوازن لە یەکتر لە لایەکی دیاریکراوەوە، (بەو شێوەیە) ناکۆك نییە لەگەڵ ئەوەی وەك یەکبن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## 4.2 پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی

نوجز النتائج المنتقات من البحث في النقاط التالية

(أ) الماضي و غير الماضي في اللغة الكردية لا يملكان منفردا و علي الدوام بعلامات فارقة ، بل يتداخلان بعلاماتهما في حيز مترابط

(ب) في الزمن التام نقطة الاشارة لتوضيع الحالات في الازمنة يكون زمن المخاطبة، لكن في الازمنة العلائقية او المترابطة و التي تتحدد بالسياقات المحدةة

(ت) زمن الماضي يحدد و جود و قت االاحداث الزمن بقبل او فوق نقطة الزمن قبل الاشارة الي الزمن، حيث عن طريق السيق يسيتقطب الزمن.

(ث) يكون الزمن و حدة لغوية في النحو، حيث يعبر عن الزمن في اطار الشكال المحدد لذلك، خصوصا عند جدولة القواعد،

(ج) رغم كون صيغة الفعل يعرف بانة تشمل الوقات البعيدة، بنفس النمط الذي يرتاي بة الزمن، ذال يقودنا الي سوء فهم ان عرنا الصيغة كعلامات اشارية.

(ح) في النظريات اللغوية ينظر الي الصيغة كوحدة اومادة لغوية كمثير للزمن. فالزمن يستعمل السبب و الطرق اللغوية او القواعدية لوضع الحوال و الاحدات في اطر اللازمنة، مصطلح الزمن يستعمل لسلسلة من اوجة الافعال او التعابير، حيث لا يقتصر بوضع الاحوال في الازمات فقط، بل يروم الي اظهار خصوصيات الاحوال و الاحدات، او بالاحري اطهار خصائص الصيغ و اوة الافعال

(خ) الفكرة الدلالة لعلامات الزمنة في اللغات قد تمت تقنيتها، لذا في اية لغة ان وجدت و حدة لغوية في اطار قواعدها للتعبير عن الزمن يمكن القول بان تلك اللغة يملك الزمن، و ادا كانت هناك لغة لا يمكن زمن قواعدها، يجوز ان تكون لتلك اللغات اشارات زمنية اصطلاحية، بكعني اخر تقوم الطروف الزمانية للتعبير عن التحوال الوقتية.

(د) تكلم المورفيما اللواتي ينشطن في الفعال يمكن انتاج العلاقات الزمنية من خلالهن. حيث يمكن ان تكون التعبير بشكل ضمني عن طريق السياقات و النصوص، و عن طريق الظروف الزمانيى جهرا.

(ذ) صيغة المر الغير الماضي تاخذ علي عاتقها الزمنة الغير الماضي و المستبل و المضارع، توضع الحوال حول نقظة الغير الماطي و الذي يكافيء زمن غير الماضي و تتساوي مع فيحال عدم ظهور الحالات السابقة. التي من خلال النصوص و السياقات.

(ر) اللغة الكردية اسوة يغيرها من اللغات الوربية تركي نظام الزمن لديها تكون زمن الغير الماضي تتجزر علي قواعد الماضي مقارنة بالمضارع تقابلها تصنيف فرعي في ساحات غيلر الماظي. حيث تنشا علي غرار الخشبين يشير الي زمن المخاطبة من جاني و زمن المسرأقبل في جانب اخر.

(ز) يستعمل زمن المستقبل ا نموذج حيث لا يشمل الاشارة الي زمن المستقبل

(س) صيغة الزمن في الافعال الكوردية لتشمل "القبل و الدبرو معاصة زمن التكلم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ش) يعلمنا الصفة عن كيفية تصرف الاحوال اوالاحداث مع الازمنة، ني لكل ان الاحداث تكون في حالة التام، الاستمرار، او التكرار، تترتخ الصيغ او تثني علي اسس الفرق بين التام و الامرية.

(ص) الغة الكردية كغيرها من اللغات تتمثل اشكال الصيغ مل زمن المضارع و التان حيث يبحث حول زمن الحاضر كافراز لعملية مسبقة.

(ض) هناك ثلاث انظمة الصيغة، الزمن، وجة الفعل يتعاملون مع الشكل الزمن، و تطرح العادات عن طريق الزمن و الصيغ من بينهم زمن المضارع و صيغة الستمرارية في الماضي، حيث تتلائم مع المتبقي المراد بلوغة، تظهر لنا الصيغة و الزمن هل تقع احداث الزمن مثل او بعد المخاطبة.

(ط)لا تكتلك اللغة الكوردية ولا انرو بنمطة محدودة مقوعد بصغة المستقبل و هذا لا يعني بان فكرة المستقبل ليست ضرورية في تحليل نظام الزمن في اللغة الكوردية.

(ظ) اي موضوع لغوري في محددة يعطي معني خاصتا الي جانب مشاركتة في عموم معني الجملة و تركيبهل، و اية اضافة لغوية قد يزيج معني الجملة الي فضاء اخر.

(ع) مثلما يشير الية (Comrie) بان زمن الغابر و المستقبل يفترقان عن بعضهما من جهة معينة، و لكن هذا لا يعني بانهما لا يلتقيان في مفترقات اخري، و هكذا يكون المستقبل علي الاغلب مسالة من مسائل وجه الفعل و الجملة.

## 5.3 پوختەی باسەکە بە ئینگلیزی

(أ) The form of the past and non-past tenses in kurish do not just have absolute time references. However, they have both. These can be absolute and relative time references.

(ب) In the absolute tenses the time reference to locate the situation is in the present. That being said, in the relative tenses the time point to locate the situations should be different, rather than the actual speech, it can be defined by a specific context.

(ت) The past tense locates the time of the situation before or on the point time before the point reference. This is therefore referenced by the context and is consequently part of the deictic content.

(پ) In grammar, **tense** is a category that expresses time reference. Tenses are usually manifested by the use of specific forms of verbs, particularly in their conjugation patterns.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Although aspect might be understood to involve interval in much the (ج) way that tense does, it would be a mistake to think of aspects as deictic. We also need to note that untensed complement clauses with perfective aspect.

In linguistic theory, tense is understood as a sort that express time (ح) reference. This uses grammatical means and places a state or actions in time. The term ''tense, is applied to succession of verb forms or constructions that state not just position in time. That being said they also exhibit extra properties of the state or action – namely aspectual or modal properties.

The semantic concept of time reference (be it absolue or relative) is (خ) grammaticalazed in languages. Therefore, if a language has a grammatical category that expresses time reference, we can say that the language has tenses. In addition, a language does not have grammatical time reference, though probably all languages can lexicalize time reference, i.e have temporal adverbial that locate situations in time.

Tense morphes serve to introduce predicates of time, for each tense, (د) morpheme, one reference time can be potentially introduced, implicitly by a contextually available reference time, and explicitly by an overt temporal adverbial.

Non-past imperfective, take the responsibility of classifying the non-past (ذ) tense over the future and present tenses. It locates the situation on a point which imcludes the time speech, it does this when there is no other point which can be provided by the context.

The Kurdish tense system like other Europian Languages, is constructed (ر) from a tense system. It is divided on the basis of the past and the opposite non-past. The non-past tense is established on the basis of a two-fold system, where non-past referes or denotes to the time speech. Secondly, other component denotes or referes to the future time reference.

The future tense has the modal use. Whereas the future time reference (ز) excluded.

The Kurdish tense forms has the property of gramaticalize notion of the (س) before, the after and the simuletanous. It tells us whether the situations are in continuity or repetition. The aspect system is grounded on the basis of the perfect verses the imperfect oppositions.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ش) Kurdish like other languages has an aspect form like the present perfect,The present perfect describes the present situation as the result of past actions.

(ص) The three systems - the tense, the aspect and the mood are treated with the tense forms and the culture which can be expressed by the tense and the aspect. In this case, the non-past tense and progressive aspect in past are suatible for this purpose. In this, the aspect and the tense are interconnected.The aspect indicates on whether the described situation is absolutely located before the time speech or may continue after.

(ض) Kurdish does not gramaticalzed independent tense form for future. It is done contextually or via time adverbs. At the same time this does not mean that the idea of future is not necessary in the Kurdish tense system.

(ط) Every lexical item in every language definitional sentences has one meaning. But at the same time it shares with the meaning of other components of a given sentence. Any extra lexical item in a certain sentense can direct the meaning of a certain lexical into another direction.

(ظ) As Comrie says "past and future differ with each other, in one defined side but it does not mean that they can not look like each other." Hence, the future is thus mostly the matter of modality.

## سەرچاوەکان:

Allen, R. (1966). The verb system of Present-day American English. The Hague: Mouton

Bache, C. (1985). Verbal Aspect: A general theory and its Application to present-day English. Odense: Odense University Pre

Bybee, Joan L. and Osten Dahil. (1989).The Creation of Tense and Aspect System in the .. .. Langusage of the world" Studies in Languages 13 :51:103.

Comrie, Bernard (1976). Aspect An Introduction to the Study of Verbal Aspect and Related Problem. Cambridge. Combridge Univesity Press.

Comrie, B. (1981). "on Reichenbach's Approach to Tens" In Roibeta A. . Hendrich Carrie S. Masek & Mary France Miller (eds). Papers from The Seventeeth Rwgional Meeting. Chicago> Linguisti


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Crystal, David (1966) Specification and English Tenses. Journal of . Linguistics 1-33.
Dahil Osten (1985). Tense and Aspect System. Oxford Blackwell

Dihl. Osten (1987). Review Article. Folia Linguistics. Series II: 389-15
Dahil. Osten (2000). Verbs of becoming as Future Coplas. In Dahil.
Dahil Osten (2000). Tense and Aspecvt in the Languages of Europe. Mouton de Gruope.
Declecr R, (1979b). Aspect and the Bounded/Unbounded (telic/Atelic) Distinction. Linguistics 17. 716-796). To Wards a Theory of Tense.

Declecr R, (1984a). Pure Future will in if-Clause. Linggua 63. 279-312).

Declecr R, (1986). From Reichenbach (1974) to Comrie (1985). And Beyond. Lingua 70 (307-376).

Dowty, David R. (1970) . Tenses, Time, and Compositionality. Sem,antic Theory. Journal . ... of Linguistics V. v1
Fillmore, Charles. (1971). Lectures on Deixis. Indiana University Linguistic . . .. .. Club, University of Indiana
Haegeman, Lililane (1989). Bw going to and will; A pragmatic Account: Linguistic 25 (291-317).
Hedin Eva (2000), The type-referring Function of the Imperfecrtive. In Dahil (2000) The Tense and Aspect in the Languages of Europe.
Holger, Trobs (2003). Progressive and habitual aspects in Central Mande. Progressive and habitual . .. .. aspects in Central Mande. Lingua (2004)125-163).
Lindstedt Jouko (2000) The Perfect-Aspectual, Temporal and . . . . Evidential. In Dahil Osten Tense and Aspecvt in the Languages of Europe. (2000) 251:264 Mouton de ..... Gruyter.
Lyons, J. (1968). Introduction to Theoretical Linguistics. Cambridge: Vambride Univesity.

Lyons, J. (1977). Semantics I-II London. New York & Melbourne: Cambridge University Press.

Lyons. J. (1986). Introduction to Theoretical Linguistics: Cambridge" Cambridge University Press.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Nielsen, Niels Davidsen (1990). Tense and Mood in English, A Comparation with Danish. Mouton de Gruyter.

Ota, Akira (1963). Tense and aspect of Presend day American English. Kenkyusha Tokyo

Palmer F. R. (1976). Mood and Madality. Cambridge: Cambridge University Press

Pier Marco Bertinetto and Denis Delfitto (2000). Aspect and Actionalityten.

Thieroff Rolf (200). On the Distinction of Tense-Aspect Categories in Europe. In Dahil (2000). The Tense and Aspect in the Languages of. Europe.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)